**چەپکێك لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی**
**١٩٥٩ – ٢٠١٢**

**هەولێر - ٢٠٢٤**

# چەپکێك لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی

# ١٩٥٩ – ٢٠١٢

## ڕۆژنامەگەری- چاپخانە- بیبلیۆگرافیا و لێکۆلینەوە

پەرتووکی یەکەم

یوسف ئەحمەد مەنتک

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

**ناوی پەرتووك: چەپکێك لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی (١٩٥٩ – ٢٠١٢)**

**نووسەر: یووسف ئەحمەد مەنتك**

**پیتچنین : نووسەر**

**نەخشەسازی ناوەڕۆك وبەرگ: دڵشاد خۆشناو- شێروان فاروق**

**چاپخانە: هێڤی**

**تیراژ: ٥٠٠ دانە**

**نرخ: ٥٠٠٠ دینار**

**چاپی یەکەم - هەولێر - ٢٠٢٤**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (٣١) ساڵی (٢٠٢٤)ی پێدراوە.**

**زنجیرەی کتێب ١١٣٧**

# پێشەکی

بوارەکانی: مێژوو، بیبلیۆگرافیا، ئینسکلۆپیدیا و فەرهەنگ، کاری دامەزراوەیی دەوێت، چەندین بەشی جودا لە خۆدەگرێت، وەک سەنتەری توێژینەوە، کادر، پسپۆڕ، بوودجە، چاپخانە، بەڕێوەبەرایەتی، کتێبخانە و ئەرشیف.

بە درێژایی مێژوو، نەبوونی کتێبخانە و ئەرشیفخانەی نەتەوەیی و نیشتمانی کورد، ئیشکردنی لەم بوارەدا هەژار کردووە. لە کاتی پێویست هانای بۆ سەرچاوەی بیانی و داگیرکەرانی کوردستان بردووە، لەوەشدا زەرەمەند بووە، چونکە وەک پێویست نەنووسراوەتەوە.

بۆیە لە کوردستاندا ئەم کار و بەرهەمانە پتر هەوڵی تاکەکەسی بوونە. هەر کارێکیش کرابێت، بەپێی تواناو هەوڵێکی زۆر، لە کەموکوڕی خاڵی نەبووە. مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی دەوڵەمەندترین سەرچاوەی کولتوور و مێژووی نەتەوەیی کوردە، باشترین سەرچاوەیە وەک بەڵگەی مێژووی دەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت. بۆیە هەموو هەوڵێکم داوە بۆ ئەوەی ئەرشیفێکی دەوڵەمەندم لەم بوارەدا هەبێت، ژمارەیەکی باشیش لە گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی تێدا هەن، چیم بەردەست کەوتووە لە ڕابردوو هەڵم گرتوون، بە ئۆرگیناڵ، یان بە کۆپی و وێنە.

لە ساڵی (٢٠١٢)ەوە لە هەوڵم بۆ نووسین و دانانی ئەم پەرتووکی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی و چاپخانەو بیبلیۆگرافیاو لێکۆڵینەوەیە، کە (٢١٠) ناونیشانی گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە لە خۆدەگرێ، لەگەڵ زیاتر لە (٥٠) ناونیشانی چاپەمەنییەکانی سەرەتاکانی دەرکەوتنی چاپخانەو ڕۆژنامەگەری کوردی (بێگومان سەرەتاکانی دەرکەوتنی ڕۆژنامەگەری و چاپخانەی کوردی، لە زۆر سەرچاوەدا کاریان لەبارەوە کراوە. منیش بە پشتبەستن و ئاماژەکردن بۆیان سوودم لێ وەرگرتوون. تەنێ من لێرەدا بە یەک لێکۆڵینەوە پاتە ئاماژەم بۆ کردوونەتەوە، لەگەڵ ئاماژەکردن بە سەرچاوەکانیان). زۆربەیان لە ئەرشیفی خۆمدا هەبوون، بۆ زانیاری وەرگرتن لەسەر ناونیشانەکانی دیکەیش هەوڵی گەڕان بە: تەلیفۆن، نامە، سەردانی کتێبخانە و ئەرشیفی تایبەتی، ئەرشیفی کۆمەڵە و ڕێکخراو و چاپەمەنییەکان، پرسیارکردن بە پسپۆڕ و شارەزایان، نووسەرانی بواری مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، ڕۆژنامەنووسان، لایەنی پەیوەندیدار بە چاپەمەنییەکان، زۆربەیان دەستی هاوکاریان بۆ درێژکردم، و هێندێکیشیان تا ئێستایش دەنگیان نییە، سپاس بە هەردوو لایان دەڵێم.

ناونیشانەکانی ناو ئەم کتێبە، شوێنی دەرچوونیان بە سەر هەر چوار پارچەی کوردستان، دابەشبووە. هاوکات وڵاتانی دیکەی ناوچەکە و تاراوگە. لە هێندێک شوێن لەوانەیە زانیاری تەواو نەبووبێت، ئەوەش لەبەر بەدەست پێ ڕانەگەیشتن بووە، وە چەند ناونیشانێکیش وێنەم دانەناوە.

ناونیشانەکان بەپێی ڕیزبەندی ساڵ و ناونیشانی بڵاوکراوەکە، شار و وڵات، ئەلفوبێ کاریان لەبارەوە کراوە. ئەمەیش مێتۆدی ئیشکردنی زانستی و ئەکادیمیانەیە لە بواری بیبلیۆگرافیا و ئینسکلۆپێدیا.

دەستەواژەکانی: کوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامی مەبەست لە شێوەزاری سۆرانییە. کوردی باکوور ڕێنووسی لاتینی مەبەست لە شێوەزاری کرمانجی باکوورە.

ناونیشانیش هەن شوێنی دەرچوونیان لەسەر نەنووسراوە.

هیچ پڕۆژە و کتێبیک کێماسی بەدەر نییە، ئەم کتێبەی بەردەستیشتان بێگومان کەلێنی تێدا هەن. ئێوەیش دەتوانن بە سەرنج و ڕەخنە و تێبینییە زانستییەکانتان جوانتر و دەوڵەمەندتری بکەن. هیوادارم توانیبێتم خزمەتێکم بە مێژووی ڕۆژنامەگەری و کتێبخانەی کوردی کردبێت.

**یووسف ئەحمەد مەنتک**
**لودڤیگس هافن– ئەڵمانیا– ٢٠١٥**

زۆرم هەوڵدا چ کەس و دەزگا ئامادە نەبوون ئەم پەرتووکە چاپ بکەن، لەبەر بوونی ڕای جیاوازو فرەدەنگی و وتنی هەقیقەت، لەبەر بوونی ژینگەی حیزبی و ناکۆکی سیاسی و یەکتر قبوڵنەکردن لە باشووری کوردستان، دواجار پێداچوومەوە، لە ڕێکەوتی ٢١- ٤- ٢٠٢١ ڕۆژی چوارشەممە تەواو بووم. بە هیوای هەوڵێکی تر!.

## ئەوەی پێویستە بگوترێ

کورد بەدرێژایی مێژوو بەر داگیرکاری کەوتووە، داگیرکەرانی کوردستان هەموو کات خاک و فەرهەنگی کوردیان کردۆتە ئامانج. تا بۆیان کرابێت هاووڵاتیان کوشتوە، وڵاتەکەیان وێران کردووە، شوێنی پەرستگە و ئاتەشگە و سەرچاوەی فەرهەنگ وکلتووریان لەناو بردووە و سوتاندویانە ، بە تاڵانیان بردووە. هاوکاتیش گەلێ ئێمە، لەبەر پەرێشانی و شەڕو پەلاماری هێرشەکانی داگیرکەرانی کوردستان و خۆ دەرباز کردن، نەیانتوانیوە بای هێندە کولتوور و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی خۆمان گرینگی پێبدەن و بیپارێزن، وەک گەلانی جیهان ببین بەخاوەنی ئەرشیفخانەیەکی تۆکمەو دەوڵەمەند، هیوادارم ئەوەی لە

ڕابردوو نەکراوە، بۆ ئێستاو داهاتوو دەسەڵاتی کوردی بایەخی جیددی پێبدات.

لەلایەکی دیکە زۆرێک لە وڵاتە ڕۆژئاواییییەکان، کە وڵاتێکیان داگیرکردووە، ئەجێندای هەرە گرینگیان بردنی چاپخانە و دەرکردنی ڕۆژنامە بووە، وەک ئینگلیزەکان، کە عێراقیان داگیر کرد، لە هەر ویلایەتێک ڕۆژنامەیەکیان دەرکرد. ڕۆژهەڵاتناسەکانیش لایەنی کەم ڕۆڵی باشییان لە بە ئەرشیفکردن و نووسین، لەبارەی کلتوور و فەرهەنگی کوردەوە هەبووە. ئەگەر ئەوان نەبووان، ئێستا بەشێکی زۆری فەرهەنگ و ئەدەبیاتی ئێمە دەفەوتا.

گەلی کورد بە درێژایی مێژوو، وەک گەلێکی ژێردەستە و خاک داگیرکراو لەلایەن دەسەڵات و حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی: تورکیا، عێراق، سوریا، ئێران ڕووبەڕووی هەڕەشەی سڕینەوەی کلتوور و فەرهەنگ و زمانەکەی بۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە نووسەر و ڕووناکبیر و سیاسییەکانی کورد زیندانی و تیرۆر کراون. لەژێر دەسەڵاتی خۆماڵی کوردیشدا، چ لە شاخ، چ لە شار خۆخۆری و براکوژی لەسەر ئاستی فەرهەنگی و مرۆیی لەولا بوەستێ. لە ئێستاشدا بە هۆی باری خراپی دارایی و سیاسی زۆرینەی چاپەمەنییەکانی باشووری کوردستان وەستاون.

## گرفتی سەرەکی:

گرفتی سەرەکی نەبوونی ئەرشیف و کتێبخانەیەکی نەتەوەیی، سەرچاوەی پێویست، هاوکاری نەکردنی زۆر لەو کەسانەی پەیوەندیدار بە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی و ئەو بڵاوکراوانەی بە جۆرێک پەیوەندیدار بوون لە دەرچوونیان.

## پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان:

لە کاتی کارکردنم لەم کتێبەدا، پێوەندی تەلەفۆنی و ئەلەکترۆنیم لەگەڵ ئەم هاوڕێیانەی خوارەوە کردووە. هەم بۆ دەستخستنی زانیاریی و هەم بۆ کۆمەک و پرسو ڕا، لێرەوە سپاسیان پێدەڵێم:

١- حەسەن عەبدوڵڵا و خونچەخانی هاوسەری. ٢- ئیسماعیل سەرسپی (ئازاد ئارمان). ٣- ئیسماعیل تەنیا. ٤ - د. فەخرەدین تاهیر. ٥- عەبدولغەنی کاکۆ. ٦- د. سەروەر عەبدوڵڵا. ٧- قادر وەرتی. ٨ - بورهان ئەمین. ٩- حەمە مەنتك. ١٠- ئارام ئەحمەد مەنتک. ١١- حسەین گولەر. ١٢- بەهائەدین دۆغان. ١٣- هەڤاڵ برووسک. ١٤- ئامانج کاوانی. ١٥ — مامۆستا نەسرەدین کەریم مامەر حمد حاجی منتک. ١٦- دڵشاد خۆشناو. ١٧- پڕشنگ سەعید.

لێرەوە زۆر سپاسی هەردوو نووسەر و ئەکادیمی و مامۆستای زانکۆ (د.مەغدید سەپان) و (د.حەمە مەنتک) دەکەم، کە یەکەمیان وەکوو پسپۆڕێکی ئەکادیمی بواری ڕۆژنامەگەری، لەو ڕووەوە بە

کتێبەکەمدا چۆتەوە، چەندین تێبینی و سەرنجی دروست و گرنگی پێدام، بە نامەکەی پەرتووکەکەی دەولەمەندتر کرد و لە زۆر هەڵەش بەدووری گرتم. دووەمیان وەکوو پسپۆڕی بواری ئەدەب و زمانی کوردی لە ڕووی ڕێنووس و زمانەوانییەوە پێیداچۆتەوە. هاوکات سپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی بە نامە، تەلەفۆن، ئیمەیل و هەر وشەیەک هاوکاریان کردووم.

# بەشی یەکەم

# سەرەتاکانی ئاشنابوونی کورد بە چاپخانە و ڕۆژنامەگەری

## ئاشنابوونی کورد بە چاپخانە:

**١– چاپخانەی کوردستان (١٨٩٨- ١٩٠٤):** بە پێی نووسراوی سەر هەردوو ژمارەی (٤و٥)ی ڕۆژنامەکەی «میقداد مەدحەت بەدرخان» بێت، کە لەسەریان نووسراوە(ل مصریێ ل مطبعا جریدەیا کوردستانیێ طبع بیە)[1] . دەبێت چاپخانەیەکی کوردی هەبوو بێت. لەم دوو ژمارەیەدا زیاتر هیچ ناو و شوێنەواری ئەو چاپخانەیە نامێنێت، بۆ سەلماندن و بوونی ئەو چاپخانەیە بەڵگەیەک لەمە زیاتر لەبەر دەست نییە، بەڵام لە هەندێک سەرچاوەدا ئاماژە بەوە کراوە کە مەلایەکی کورد لە گوندی کانیمشکان-ی سەر بە مەریوان بەناوی (فەرەجولا زەکی مەریوانی کانیمشکانی، لە ساڵی ١٨٧٠ بە مەبەستی خوێندنی شەریعەتی ئیسلامی ڕووی لە زانکۆی ئەزهەر کردووە، کە وازی لە خوێندنی شەریعەتی ئیسلامی هێناوە و بوەتە بەهائی، لە کۆڵانێکی نزیک زانکۆی ئەزهەر چاپخانەیەکی دامەزراندووە و ناوی ناوە چاپخانەی کوردستان).

**٢– چاپخانەی ئیجتیهاد- ١٩٠٤- :** «دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت (١٨٦٩- ١٩٣٢)، لە ژنێف ژیاوە، بە چاپخانەکەی خۆی گۆڤاری (ئیجتیهاد)ی دەرکردووە. ژمارەی یەکی لە (٤-٨-١٩٠٤) بڵاوکردۆتەوە، سەرجەمی (١٢٧) ژمارەی لێ دەرچووە. بە هەمان چاپخانە زنجیرەیەک کتێبی بە زمانەکانی: تورکی عوسمانی- فرەنسی بلاوکردۆتەوە[2].

**٣– چاپخانەی تعاون و ترقی (١٩٠٨)، تورکیا- ئیستەنبوول**[3] : ئەم چاپخانەیە هی کۆمەڵەی کورد تعاون و ترقی بووە. بڵاوکراوەنیان تێدا چاپ و بڵاوکردۆتەوە. غەزەتەی (کورد تعاون و ترقی

١. ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەکانی (٤ و٥)، دەزگای بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چاپی سێیەم، تاران، ٢٠٠٦.
٢. چەند باسێک لەبارەی مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە، فەرهاد پیرباڵ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٩- ١٠.
٣. کورد تعاون و ترەقی غەزەتەسی،محەممەد ئەمین بۆزارسلان، (١٩٠٨- ١٩٠٩)، ئۆپسالا، ١٩٩٨، ژمارەکانی بەشی ڕێنووسی ئارامی.

غەزەتەسی )یان بە زمانی: کوردی – تورکی ڕێنووسی عوسمانی دەرکردووە. خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەر: سلێمانییەلی تۆفیق(پیرەمێرد). سەرنووسەر: دیاربەکرلی ئەحمەد جەمیل. نووسەران: سەعیدی ئیسماعیل حەقی، کوردی بابان زادە، ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەرزادە، بەدری مالاتییە، خەلیل خەیالی، مەلاسەعید نوورسی، سەید عەبدولقادر، ئەحمەد شەوقی، سەباح محەممەد تاهیری، جزیری[٤]. ناونیشانی چاپخانە: لەسەر بەرگی پێشەوە و پشتەوە نووسراوە: سلانیک مطبعە سی. لە دوا لاپەڕەی ژمارەکان نووسراوە: در سعادت – مرکز مطبعە ، م.توفیق، یان لە لاپەڕەی پێش کۆتاییدا هاتووە.

## ٤- چاپخانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان :

١- بزووتنەوەکەی «عەبدولڕەزاق بەدرخان» بە هاوکاری «سمکۆخانی شکاک» و حکوومەتی ڕووس و چەندین سەرکردەی دیاری کورد لە نێوان ساڵانی(١٩١٠- ١٩١٧) هاوکاربوون بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی(جیهانزانی). بە مەبەستی پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی خوێندەواری و ڕۆشنبیریی لەناو کوردان. ئەمە هۆکاربوو بۆ دامەزراندنی چاپخانە و دەرکردنی ڕۆژنامە و کردنەوەی قوتابخانە. ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵی (١٩١٢ تا١٩١٤) بە زمانی کوردی دەردەچوو[٥].

٢) (کۆمەڵی ئازادیخوازانی کورد) بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی و خوێندەواری، بزواندنی هەستی نەتەوایەتی. بۆ ئەم مەبەستە توانیان چاپخانەیەکی بچووک لە تەورێز، لە پشت هوتێل خورشید، تا(ژێکاف بوو بە حیزبی دیموکرات) دابنێن. دواتر «محەممەد شاپەسندی» چاپخانەکەی بۆ سابڵاخ هێنایەوە. لاپەڕەیەکی نیو فۆلسکابی چاپ دەکرد. ژێکاف بە یارمەتی ئەم چاپخانەیەوە خەباتی دەکرد، کە «عەبدولڕەحمان زەبیحی» سەرپەرشتی دەکرد، چەندین نامیلکە و ساڵنامەیان پێ چاپکرد.

لە سەفەری دووەمی «پێشەوا قازی محەممەد» بۆ باکۆ، «باقرۆف» بەڵێنی چاپخانە و یارمەتی فەرهەنگی پێدابوو، ئەویش بەڵێنەکەی خۆی هێنایەجێ، لە ڕێگەی ڕابیتەی فەرهەنگی تەورێزەوە، چاپخانەکە و کاغەز و پێداویستی چاپ گەیشتنە مەهاباد. چاپخانە کۆنەکەیان بۆ بۆکان نارد، گۆڤاری (هەڵاڵە)یان پێ دەردەکرد و کاروباری میریان پێ هەڵدەسوڕاند[٦].


---

٤. سەرچاوەی پێشوو، ئەلفابێی لاتینی.

٥. عەبدولڕەزاق بەدرخان (١٨٦٤- ١٩١٨)، ژیان، تێکەڵێن سیاسی، خەباتا چاندی، د.سەلاح محەممەد سەلیم هروری، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٥١.

٦ . ئەو چاپخانەیەی کاربەدەستانی ڕووس بە دیاری بە پێشەوا قازی محەممەدیان دا، یووسف مەنتک، بەشی یەکەم، ڕۆژنامەی ڕووبەر، ژ:٦٩، ڕێکەوتی ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠١١.

# حوسەین حوزنی موکریانی
## (١٨٩٠ - مهاباد/٢٠- ٩- ١٩٤٧ بەغداد)


حوسێن حوزنی موکریانی

چاپخانەی زاری کرمانجی (١٩٢٦)، (چاپخانەی کوردستان- ١٩٤٨)، «سەید حوزنی موکریانی» چاپخانەکەی ناودەنێت (زاری کرمانجی). دوای مردنی «حوزنی موکریانی»، «گیوی موکریانی» برای لە ساڵی (١٩٤٨) چاپخانەکەی ناودەنێت (کوردستان)، کە تا ئێستا لە کاردایە، بە تەمەنترین چاپخانەیە لە مێژووی چاپخانەی کوردیدا.

«سید حوسەین حوزنی موکریانی» دامەزرێنەری یەکەم چاپخانەی کوردی لە ساڵی (١٩١٥) لە حەلەب، لە ساڵی (١٩٢٦) دەیهێنێتە شاری ڕەواندوز- هەولێر باشووری کوردستان، بۆ کورد ڕووداوێکی زیاتر کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی بوو[٧].

مێژوونووس و ئەدەبیی هێژا حوسەین حوزنی موکریانی: ناوی حسێن کوڕی سەید عەبدوللەتیف کوڕی شێخ ئیسماعیل کوڕی شێخ عیسای کوڕی شێخ لەتیف خەزاییە، نازناوەکانی: حوزنی، داماو، خدۆک، بێژەنی هەبووە. بۆ خوێندن و فێربوون چۆتە یەریڤان، مۆسکۆ، پوترسبۆرگ، ئەفغانستان، هیندستان، ئەستەمبۆل لەوێ دووساڵ کاری مۆرهەڵکەنی کردووە. دەوری دیاری حوزنی لە بواری کاری چاپ و بڵاوکردنەوە و ڕۆژنامەگەریدا، جێگەی ڕێز و ستایشە.

حوزنی بۆ کڕینی چاپخانەکە سەرمایەی خۆی بۆ تەرخانکرد، چۆتە ئەڵمانیا، چاپخانەیەکی بچووکی پیتی عەرەبی کڕیوە، بردوتیە شاری (حەلەب- شام) لە بازاڕی (سیۆقە) دایناوە[٨]. لەوێ هەندێ فۆنیمی کوردی بە گوێرەی دەستووری زمانی فارسی، و هەندێ ئیشارەتی تازەی درووستکردووە،

---

٧ . هەندێ سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی کوردی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، جەلیلی جەلیل، وەر گێڕانی لە ڕووسیەوە بۆ کوردی : ئەنوەر قادر محەممەد: بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ وبڵاوکردنەوە،٢٠٠٦، سلێمانی، ل١٠١.

٨ . زاری کرمانجی، ئامادەکردن و پێشەکی: د.کوردستان موکریانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر-٢٠٠٢، ل٣. ( تەواوی ژمارەکانی زاری کرمانجی لەم پەرتوکەدا هەیە).

جارێکی تر بۆ ئەم کارەی چۆتەوە ئەڵمانیا.

لە حەلەب کاری چاپی کردووە، هێندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن، کە هێندێک گۆڤار و بڵاوکراوەی دەرکردووە، بەڵام تا ئێستایش هیچ بەڵگەیەک لە بەردەستدا نییە. لە حەلەب کاری مۆرهەڵکەنی و خۆشنووسی و زەنگۆگرافی و کاری هونەری تری کردووە[٩]. بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید گۆڤاری (دیاربەکر)ی بە زمانی فەرەنسی دەرکردووە و باسی ڕاپەڕینەکەی کردووە. تا ساڵی (١٩٢٥) لەوێ ماوەتەوە. ساڵی (١٩٢٥) دەچێتە بەغدا، لەگەڵ «سەید تەهای شەمزینی» بە فرۆکە دەچێنە ڕەواندوز. لە ساڵی (١٩٢٦) چاپخانەکەی لە حەلەبەوە بە وڵاخ دەهێنێتە ڕواندوز لەوێ نیشتەجێ دەبێت. لەبارەی ئەم کەڵەنووسەرەوە، ڕۆژهەڵاتناس «بازیل نیکتین» دەڵێت: سەید حوزنی موکریانی موئەلیف و مێژووناسی گەورەی کوردستانە. ڕۆڵی ئەم مەزنەپیاوە لە پەرەپێدانی ڕۆژنامەگەری ئاشکرایە. بێگومان ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هوشیارییەی هەیبووە، چونکە وڵاتانی پیشکەوتوو گەڕاوە و ئاشنای بزافی ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەگەری میللەتان بووە. پێوەندی بەهێزی لەگەڵ ڕۆشنبیران و پیاوە دیارەکانی ئینگلیز و تورک هەبووە، بۆ نموونە ئەندازیاری ڕێگاوبانی ئینگلیز «هاملتۆن» دەڵێت: حوزنی فەندی زۆرجاران باسی ئەشکەوتی (کۆسپی سپی) و کۆرپاشا و سەلاحەدینی ئەیوبی بۆ دەکردم، لە باخەکەیدا دادەنیشتین و قاوەمان دەخواردەوە.

چەندین کتێب وناملیکە و گۆڤاری بڵاوکردۆتەوە. لە ڕێکەوتی (٨ –١١- ١٩٤٣)، دەچێتە بەغدا، سەرپەرشتی دەرهێنانی گۆڤاری گێتی تازە دەکات. هاوکات (٢٤) ژمارەی لە گۆڤاری (زاری کرمانجی) دەرکردووە. یەکەمین گۆڤاری کوردییە لە شاری ڕەواندوز.

ژمارە (١) ساڵی یەکەم لە ڕێکەوتی (٢٥- ئایاری ١٩٢٦) بە (٢٦) لاپەڕە دەرچووە.

ژمارە (٢٤) دوا ژمارە بووە، ساڵی حەوتەم لە ڕێکەوتی (٢٣ی تەممووز ١٩٣٢) بە (١٢) لاپەڕە دەرچووە.

**وشەی پێشمەرگە:** بۆ یەکەم جار «حوسەین حوزنی موکریانی» ئەم وشەی لە گۆڤاری (زاری کرمانجی)دا ژمارە (٦) ساڵی یەکەم، کانوونی یەکەمی ١٩٢٦ لە لاپەڕە (١٧)دا بە کار هێناوە. ئەویش لە بابەتێکدا بە ناوی (دەردی دەروون)، گفتوگۆیەکە لە نێوان «گورگۆ ئاغا و مەلاباپیر»، باس لە شەڕو ئەو نەهامەتییانە دەکات، کە لە ناوچەکە ڕوویان داوە. وەک سەردەمی سوڵتان سەلیم و مەلا ئیدریسی بەتلیسی و سوڵتان موراد و شێخ شەمسەدین نەقشبەندی. بابەتی (دەردی دەروون) لە چەند ژمارەیەکی تری زاری کرمانجیدا هەیە.

لەلایەکی دیکە (١١) ژمارەی لە گۆڤاری ڕووناکی دەرکردووە. ژمارە (١) ساڵی یەکەم، لە ڕێکەوتی (٢٤-١٠- ١٩٣٥) بە (١٦) لاپەڕە دەرچووە. ژمارە (١١) ساڵی یەکەم، کە دوا ژمارە بووە،

٩ . ڕۆژنامەگەری کوردی لە عێراق، فاروق عەلی عومەر.

لە ڕێکەوتی (١٦-٥- ١٩٣٦) بە (١٦) لاپەڕە دەرچووە.

«مێجەرسۆن» پێش ئەوەی ببێتە حاکمی سلێمانی چاپخانەیەکی لە بەغدا دامەزراند، ساڵی (١٩١٨) ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) بە هاوکاری «شوکری فەزڵی» دەرکرد. کاتێک بوو بە حاکمی ئینگلیز لە سلێمانی لەساڵی (١٩٢٠)، هەمان چاپخانەی هێنا بۆ شاری سلێمانی و ڕۆژنامەی «پێشکەوتنی» پێ دەرکرد.

## ڕۆڵی کوردانی تاراوگە لە بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردیدا:

کوردانی تاراوگەنشین و دوور لە خاکی کوردستان، هەرگیز دەستەوەستان نەوەستاون بۆ خزمەتکردنی کولتووری نەتەوە و نیشتمانەکەیان. هەمیشە ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاویان لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا هەبووە. لە دەستپێکدا «میقداد مەدحەت بەدرخان» و عەبدولڕەحمان بەدرخان» بوون بە پێشەنگی بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی دوور لە خاکی نیشتمانی کوردستان، لە میسر، سویسرا و بەریتانیا، بوێرانە توانیان (٣١) ژمارە لە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی «کوردستان» دەربکەن.

دوابەدوای ئەوان ڕۆڵەکانی کورد توانییان هەنگاو بنێنن بە دروستکردنی کۆمەڵە و ڕێکخراو لە ئیستەنبوڵ و ئەورووپا. هەنگاوی گرینگیان دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە بووە وەک: لە دوای مەشروتیەت «سورەیا بەدرخان» ڕۆژنامەی (کوردستان)ی خولی دووەمی لە نێوان ساڵەکانی (١٩٠٨- ١٩٠٩) دەرکردووە. دامەزراندنی ڕێکخرا و کۆمەڵەکانی وەک: کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد ١٩٠٨ لە ئیستەنبوڵ، گۆڤاری (کورد تەعاون ترەقی غەزەتسی)یان دەردەکرد[١٠]. کۆمەڵەی سەرکەوتن و پێشکەوتنی کورد ١٩٠٨، کۆمەڵی بڵاوکردنەوەی زانستی لەناو کوردا ١٩٠٩، کۆمەڵەی هێڤی، ئەوەیان کۆمەڵەیەکی خوێندکارانی کورد بوو، گۆڤاری ڕۆژی کورد ١٩١٣، بڵاوکردۆتەوە[١١].

لە ساڵی ١٩٤٩ کۆمەڵێک خوێندکاری کورد لە ئەورووپا دەیان خوێند بیریان لە دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی کوردی کردەوە. بەڵام لەبەر کەمی ژمارەکەیان نەیان دەتوانی ئامانجەکەیان بهێننە دی. ئەوانیش بریتیبوون لە: نورەدین زازا، عیسمت شەریف وانلی، شەوکەت عەقراوی، عەبدوڵڵا قادر. هەرچەندە لە ساڵی ١٩٤٩ لە (بودابست) بەشداریان لە ڤێستیڤاڵی دووەمی خوێندکارانی جیهان کرد. ئەوە بوو دوای ماندووبونێکی زۆر ١٧ خوێندکاری کورد بە هاندانی «نورەدین زازا» لە ١٠ تا ١٦ ئابی ١٩٥٦ لە شاری ڤیزبادن-ئەڵمانیا، کۆمەڵەیەکیان بە ناوی (کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا) دامەزراند. لە کۆنگرەی سێیەم لە ساڵی ١٩٥٨، کە خوێندکاران لە وڵاتانی بەریتانیا،

١٠ . کورد تەعاون ترەقی غەزەتەسی، گۆڤاری کوردی – تورکی ١٩٠٨- ١٩٠٩، محەممەد ئەمین بۆزارسلان، سوید – ئۆپسالا- ئاداری ١٩٩٨.

١١ . ڕۆژی کورد، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی: عەبدوڵڵا زەنگەنە، بنکەی ژین ، سلێمانی- ٢٠٠٥.

ئەڵمانیا، سویسرا هاتبوون ناوی کۆمەڵەکەیان بە (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا) گۆڕی. ئۆرگانی کۆمەڵەیان دەرکرد بە ناوی (کوردستان) بە زمانەکانی: کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی دەرکرد. پاشان ژمارەی خوێندکاران و کوردانی تاراوگەنشین زیادی کرد و بە هۆی بارودۆخی سیاسی و خوێندن و کارکردن کوردان زۆرتر ڕوویان لە تاراوگە کرد و ژیانی ئەوێیان هەڵبژارد. هەردوو ڕێکخراوی (KSSE- AKSA) توانیان گڕوتینێکی باش بە بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی بدەن بە دەرکردنی چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە. ئەو خزمەتە تا ئێستایش درێژەی هەیە بە پێی تواناو ئیمکان ڕۆژنامەگەری و کولتووری کوردی پەرەی پێدەدرێ[١٢].

سوارچاکانی کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی: سەید عەبدولقادر شەمزینی، مەلا سەعید نوورسی، ئەحمەد جەمیل دیاربەکرلی، خەلیل خەیالی، د.عەبدوڵڵا جەودەت، ئیسحاق سکوتی، شەریف پاشای خەندان، د. کامەران بەدرخان، میر جەلادەت بەدرخان، میقداد مەدحەت بەدرخان، محەممەد سالح بەدرخان، سورەیا بەدرخان، ممدوع سەلیم بەگ. ڕەفیق حلمیی، پیرەمێرد، حوسەین حوزنی موکریانی، نورەدین زازا، عیسمەت شەریف وانلی، عەبدولڕەحمان بەدرخان، ئیسماعیل شاوێس.

## ڕۆژنامەی کوردستان

## یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ١٨٩٨ — ١٩٠٢

ڕۆژنامەی کوردستان یەکەمین نۆبەرەی ڕۆژنامەگەری کوردییە. دوور لە خاکی کوردستان و لە تاراوگە لەلایەن «میر میقداد مەدحەت بەدرخان» ئەندامی بنەماڵەی بەدرخانییەکان، لە قاهیرە— میسر دەرچووە.

ڕۆژنامەی کوردستان لە (ڕۆژی پێنجشەممە ڕێککەوتی- ٢١-ی نیسانی ١٨٩٨- تا ڕۆژی دووشەممە ڕێککەوتی- ١٤- ی نیسانی ١٩٠٢) بە تێکڕایی- ٣١- ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. ئەم قۆناغەی ڕۆژنامەی کوردستانی تێدا بڵاوکراوەتەوە دەتوانین دوو ناوی لێ بنێین: قۆناغی سەرکوتکردنی کورد، قۆناغی ڕێنسانسی بوژانەوەی کولتووریی کورد. لەم کاتەدا سەرجەم شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی کورد لە باکووری کوردستان، بە دڕندانەترین شێواز لەلایەن سوڵتان «عەبدولحەمیدی دووەم» و دەست و پێوەندەکانی، سەرکوت دەکران و لەناو دەبران، یا لە خاکی نیشتمانی دایک دوور دەخرانەوە. ئاشکرایە

١٢ . چەند زانیارییەک لەبارەی بزووتنەوەی خوێندکارانی کورد لە هەندەران، د.کەمال فواد، گۆڤاری هاڤیبوون، ژ:٢و٣، ١٩٩٨، ل١٠٠.

ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، لە درووست بوونییەوە، تا ئەو ڕۆژەی بە پیاوە نەخۆشەکە ناوی هێنرا و خرایە زبڵدانی مێژووەوە، بە ئیمپراتۆریەتێکی دڕندە و بەربەری و دواکەوتوو ناسرابوو، ئەوەش بووەتە کولتوورێکی بێزراو باو دژ بە گەلی کوردو کەمە نەتەوەکانی تورکیا تا ئیمرۆش پیادەی دەکەن. وەک مۆرک و ناسنامەی حوکمڕانی تورک دەناسرێتەوە. دونیا لە گۆڕاندایە، تەنیا دەوڵەتمەدارانی تورکیا نەیانتوانیوە سووت لە گۆڕانکارییەکان وەر بگرن و لەم کولتووره داخراو و ڕەگەزپەرستانەیە بێنە دەرەوە، نەتەوەکان و ناوچەکەشیان لەگەڵ خۆیان تژی لە کێشە و ئاڵۆزی کردووە.


دُوبَرْ ١ — سالا عوَّلی — عدد ١
کردستان
١٣١٥
عنوان
مصرده «کردستان» غزته‌سی
صاحب ومحرری بدرخان
پاشا زاده
مقداد مدحت
هر طبعده ... نسخه کردستان
ولایت‌لرینه ارسال ووساطتیله
قراء وقصبات‌لره نشر وتعمیم اولنه جقدر
کردستان خارجنه هر بر
ابونه سنه‌لک ابونه بدلی
٨٠ غروشدر
کردستان داخلنده خصوصی
ابتهالمره مجاناً گوندریلور
تحچي كاغذك في ريكه
دڤي ريكێ مصري سَر
ناف خوبي ڤي جريده‌يي
لاوِ بدرخان پاشا
مقداد مدحت بكي
هرجار دُوهزار جريده‌يا
بي پَرَه آزيـى ريكم
كردستاني ده بِدِن خالكي
پازده روژا جارکي تيت
نڤيساندن
کردلري ايقاظ وتحصيل صنايعه تشويق ايچون شمديلك
اون بش گونده بر نشر اولنور کردجه غزته‌در
روژا پنجشي‌ده ٣٠ ذوالقعده سنه ١٣١٥ پنجشنبه في ٩ نيسان سنه ١٣١٤

بسم الله الرحمن الرحيم

صد هزار شكر وحمد ژ خُدى تعالى‌ره أم مسلمان خلق كرن. وظائفنا علم ومعرفتيره هش وزكا دامه. در حقا طلبانِدِنا علم ومعرفتيره گلك آيتين جليله واحاديث شريفه هنن. دنيايده چقاس مسلمان هبن گوند وبازيرين حياده مكتب ومدرسه وجريده هنن. دنيايده چه دِبه چه نابه جريده دِنڤيسن. حيفامن تيت ژ كرداره كُرد ژ گَلِكْ قوما زيده‌تر خوي هش وزكانه جابرن دبين خووده راست وقوينه خُورتن ودِيسا وكه قومين دي نه خوَندانه نه‌دَولِندن دنيايده چه دِبه جيران وان موسقوف چاوه‌به وي چه بكه نِزانن لوما ربا خُديده من اڤ جريده ياها نڤيسي ياذنا خُدى تعالى پاشى نهو هر پازده روژاده جاركي آزي جريده‌كي بنڤيسم. ناف ڤي من كريه (كردستان) ڤي جريده‌يده آزى بحثا فنجيا علم ومعرفتا بكم

لِكودَري مروف دِعَلمه لِكودري مدرسه ومكتبين قنج هنه آزي نيشا كردا بكم لكودري چه شر دبه دولتين مظن چه دكن چاوه شر دِكن تجارت چاوه دِبه ازي حميا حكات بكم حتى نهو كسي جريده‌كي هولي نڤيسي‌يه اڤ جريده‌يا مناها يا عوَّلي‌يه لوما وي گلِكْ كيابي هبين. ازهيڤي دِكم كيايا جريده‌يي ژماره بنڤيسن حمي رِتشتْ وكي نو چه دِبن رِكين باشي رهنكي دِچه دكوه ريده اڤه ايدي آزي دست مقصدى بكم. (ومن الله التوفيق)

حضرتِ پيغمبر عليه الصلوة والسلام گوتي‌يه «العلماء ورثة الانبياء» آنكو علما وارثين انبيانه ژ طرفِ خُديده مامورن وعظ ونصيحتي بدِن خلكي ريا قنج نيشا وان بكن لوما گي علمايين كردا چاره اون وعظ ونصيحتا بيژى ددن ولى ديڤي اون مير وآغا وكرمانجين دناسن وان تشويقا ظائفنا علم ومعرفتى بكن ريا قنج نيشا وان بكن هكي اون وي بكن گنهى حميا سطوى ومیه

رۆژنامەی کوردستان یەکەم رۆژنامەی کوردی

لە ساڵی- ١٨٩٦- میرانی کورد بەتایبەت ئەوانەی نیشتەجێی ئیستەنبول بوون، خەڵک بۆ خۆڕێکخستن و کاری نهێنی تا لە خەراپەکاری عوسمانییەکان بە دووربن هاندەدەن. لە ساڵی ١٨٩٧ «میر مەدحەت بەدرخان» ڕوو لە وڵاتی میسر دەکات، و لەوێ نیشتەجێ دەبێت. لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارە یەکی ڕۆژنامەی کوردستاندا، میر مەدحەت لە سەروتاردا دەنووسێ:
بۆچی ئەو ئەم ڕۆژنامەیەی دەرکردووە چەند میللەت هەن، لە گوندو باژێڕی هەمووانداندا مەکتەب ومەدرەسەو جەریدە هەن، لەدوونیادا چی دەبێ چ نابێ لە جەریدە دەنووسن. حەیفی من دێت لە کرداری کوردان خۆیان لە گەلەک قەومان هۆشیارو زیرەک و جوامێرتر دەبینن، خۆیان راست و قەوی دەبینن، وەکو قەومی تر نەیانخوێندووە، نەدەولەمەندن، لە دوونیادا چ دەبێ، لەجیرانی وان ثقافە چۆنە، نازانن چ بکەن. بۆیە بریارمدا پازدە ڕۆژ جارەکێ جەریدەکێ بنووسم، ناوم ناوە کوردستان، لەم جەریدەیەدا من باسی گرنگی عیلم مەعریفەبکەم، مرۆڤی کورد فێربێت، لەکوێندەرێ مەکتەب و مەدرەسەی باش هەنە، من نیشانی کوردان بدەم، لە کێندەرێ شەر دەبێ، دەولەتە مەزنەکان چ دەکەن، چۆن شەڕ دەکەن، تیجارەت چۆن دەبێ، من باسی هەموو ئەم شتانە بکەم، تا ئێستا کەس جەریدەی یەکەمی نەنووسیوە، ئەوە جەریدەی یەکەمی منە، ئەگەر کەم و کوڕییەک هەیە، هیوادارم کەم وکورییەکانی جەریدەم بۆ بنووسن.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە میر مەدحەت بۆ هۆشیارکردنەوەی ڕۆڵەکانی گەلەکەی و خستنە سەر ڕێی ڕاست و فێربوونی عیلم و مەعریفەت، خەبات دەکات. بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژنامەیەک دەردەکات، لە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێککەوتی (٢١ی نیسانی ١٨٩٨) لە قاهیرە لە چاپخانەی (هیلال)، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا ڕۆژنامەیەک بە ناوی (کوردستان) بڵاودەکاتەوە.

دوای ساڵێک «میر مەدحەت بەگ» نەخۆش دەکەوێت، بۆچوونی دیکە هەیە، کە سوڵتانی عوسمانی لەژێر فشار بۆ ئیستەنبوڵی گەڕاندۆتەوە و دەست بەسەری کردووە. لەوە بە دوا «میر

عەبدولڕەحمان»ی برای سەرپەرشتی دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان دەکات. بۆ ئەم مەبەستە دەچێتە سویسرا تا لە سنووری دەسەڵاتی سوڵتان دوور کەوێتەوە. عوسمانییەکان ڕۆژنامەکەیان بە دوژمنی سەرسەختی خۆیان دەزانی، بۆ وەستاندنی بە هەموو شێوەیەک کەوتبوونە دژایەتیکردن و لە ناوبردنی. بەدرخانییەکانیش بۆ بەردەوامی ڕۆژنامەکە و سەلامەتی خۆیان ڕۆژنامەی کوردستانیان لە چەندین کات و شوێنی جیاوازدا بڵاوکردۆتەوە.

## ڕۆژنامەی کوردستان:

لە ژمارە (١ تا ٣١) بە (٤) لاپەڕە و قەبارەی (٢٥،٥X٣٢،٥سم) دەرچووە. نوسراوە: پازدە ڕۆژ جارەکی تێت نقیساندن جەریدەیا کوردییە. سەرەتا لە ژمارە (١تا٣) زمان کوردی (کرمانجی ژووروو)، ڕێنووسی ئارامی لەسەر تەرزی فارسی بووە. لە ژمارە (٤)ەوە زمانی تورکی زیاد دەبێت بە هەمان ڕێنووسی ئارامی. لەم ژمارەیەدا نامەیەکی بەتورکی بۆ سوڵتان عبدلحمید نوسییە، هیوادارە کە ڕێگە بدەن جەریدەکەی وی بچێتە کوردستان. میر نووسیویە: ئەو وڵاتانەی من جەریدەی بۆ دەنێرم، بۆم دەنووسن کە مەئموورانی حکومەت ڕێگە نادەن، چونکە کرمانجی نازانن، وادەزانن تشتەک لەسەروان نووسرایە.

تیراژی ژمارەکان جیاوازە، لە هەر ژمارەیەک بڕی تیراژەکە و نووسراوە: دەنێرمە کوردستان تا بە بەلاش بدەنە خەڵکی. تا ئێستایش ژمارە (١٩) نەدۆزراوەتەوە. ئەوەی لەبەر دەستە (٣٠) ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستانە. ئابوونەی ساڵانە (٨٠) قرووش نووسراوە. هەردوو میری بەدرخان بە کەسانی ڕۆشنبیر و زانا دەدرانە قەڵەم، جگە لە زمانی کوردی، شارەزاییان لە زمانەکانی وەک: فرەنسی، فارسی، عەرەبی، تورکی دا هەبووە.

بابەتەکانی ڕۆژنامەی کوردستان زیاتر لەم بابەتانە بوون، کە تیشکیان دەخستە سەر کێشەی ڕەوای گەلی کورد و زوڵم و زۆرییەکانی دەسەڵاتی عوسمانییەکانی دەخستەڕوو. شیعری شاعیران، مەم و زینی خانی، ئایەت و فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ). سەرەتا چەند نامەیەکیان بۆ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم نووسی، بەڵام کە زانیان گوێی پێنادات، ئیتر بە نووسین هێرشیان دەکردە سەری. مەبەستی ڕۆژنامە زیاتر بۆ فێربوون و خوێندەواری و هۆشیارکردنەوەی کوردان بوو.

١- لە ژمارە (١ تا ٥) لە قاهیرەی پایتەختی میسر لە لایەن ‹میر میقداد مەدحەت بەدرخان» چاپکراوە، (٢٠٠٠) دانەی نێردراوەتەوە کوردستان. لە سەری نووسراوە: عنوان- مصردە(کوردستان) غزتەسی— صاحب و محرری بدرخان پاشازادە (مقداد مدحت). ئیتر لە ژمارە (٦ تا٣١) لەلایەن «میر عەبدولڕەحمان بەدرخان»ی برای لە چەند کات و شوێنێکی جیاواز دەرچووە .

٢- لـە ژمـارە (٦تـا ١٨) ڕۆژنامـەی کوردسـتان لەلایـەن « عەبدولڕەحمـان بەدرخـان» لـە جنێـف دەرچووە،(٢٠٠٠) دانەی نێردراوەتەوە کوردستان. عنـوان نووسراوە: جنوەدە(کوردستان) غزەتەسی- صاحب و محرری بدرخان پاشازادە عبدالرحمن. لـە ژمـارە (١٦تـا١٨) ئـەم ئەدرێسـەش زیادکراوە:

GENEVE (suisse ,KURDISTAN- Adresse: Rue de carouge, n٧)

لـە هێندێک سـەرچاوەدا هاتـووە، کـە لـە ژمارە(٦تـا١٩) بـە یەکـەوە لـە جنێف دەرچووە. ئەگـەر ژمـارە (١٩) لەگـەڵ ئـەوان دەرچوویێت ئـەوا هەمـان ڕەنگ و قەبارە و ژمـارەی لاپـەڕە و ئەدریسـی وانـی هەیـە.

٣- لـە ژمـارە (٢٠تـا ٢٣) بـۆ دووەم جار لـە قاهیـرە دەرچۆتـەوە، (٢٠٠) دانـەی نێـردراوە کوردسـتان. ئەدرێـس نووسـراوە:

(CAIRE ٦٧٩-KURDISTAN- Adresse:Boite- special N)

٤- ژمـارە (٢٤) لـە لەنـدەن دەرچـووە. (٢٠٠٠) دانـە نێـردراوە بـۆ کوردسـتان. ئەدرێـس نووسـراوە: Prince Square- -٧٥ -Address: ABDULRAHMAN BEDRIKHAN) .( London

٥- لـە ژمـارە (٢٥تـا ٢٩) لـە خـوارووی بەریتانیـا، لـە فۆلکسـتۆن دەرچـووە. (٢٠٠٠) دانـە نێـردراوە بـۆ کوردسـتان. ئەدرێـس نووسـراوە: (Fast CLIN- ٥ -Address: year Bay Crescent FOLKSTONE- ANGLETERRO). لە ژمارەکانی (٢٨ و٢٩) تەنها نووسراوە: فۆلکستۆن- ئەنگلیترۆ.

٦- ژمارەکانی (٣٠و٣١) بۆ دووەم جار لە سویسرا- جنێف دەرچووەتەوە.

ئەو چاپخانانەی ڕۆژنامەی کوردستانی لێ چاپ بووە:

١- ژمارەکانی (١تا٣) لە قاهیرە لە چاپخانەی هیلال چاپکراوە.

٢- ژمارەکانی (٤و٥) لە قاهیرە لە چاپخانەی جریدەی کوردستان چاپکراوە.

٣- ژمارەکانی (٦تا١٨) لە جنێف لە چاپخانەی جەمعیەتا تفاق و قنجیا موسلمانا، چاپکراوە.

٤- ژمارەکانی (٢٠و٢١) لە قاهیرە چاپکراوە، بەڵام ناوی چاپخانەی لەسەر نییە.

٥- ژمارەکانی (٢٢و٢٣) لە قاهیرە لە چاپخانەی هیندیە چاپکراوە.

٦- ژمارە (٢٤) لە لەندەن چاپکراوە ناوی چاپخانەی لەسەر نییە.

٧- ژمارە کانی (٢٥-٢٦-٢٧) لە فۆڵکستۆن دەرچووە، بەڵام ناوی چاپخانەی لەسەر نییە.

٨- ژمارەکانی (٢٨ و٢٩) لە فۆلکستۆن دەرچووە، لە چاپخانەی انتقام چاپکراوە.

٩- ژمارەکانـی (٣٠و٣١) لـە جنێف دەرچـووە، لـە چاپخانـەی انتقـام چاپکـراوە. لێرەدا پرسـێکی گرنـگ دێتـە پێشـەوە، بـە تایبـەت ئـەم چـوار ژمـارەی دوایـی ڕۆژنامـەی کوردستان لـە یـەک چاپخانـە چاپکـراون

و لـە دوو وڵاتـی جیـاواز دەرچـوون. ڕەنگـە تەنـێ هـۆكاری ئەمنـی و خۆپاراسـتن بێـت لـە دەسـەڵاتدارانی عوسـمانی. مەبەسـت لـەم ئاڵوگـۆڕە تەنهـا سـەر لـێ تێكدانیانـە بـۆ نەزانینـی شـوێنی ژیانـی خودانـی ڕۆژنامەكە و دەرچوونی ڕۆژنامـەی كوردستان. لە ماوەی چوار ساڵدا (٣١) ژمارەی لێ دەرچووە، لە ڕۆژی دووشـەممە ڕێككەوتـی (١٤ی- نیسـانی ١٩٠٢) دوا ژمـارەی (٣١) دەرچـووە، ئیتـر وەسـتاوە.

كاتێـک سوڵتانی عوسمانی زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەی بەدرخانییەكان زیندانی دەكات، و كەسێک نامێنیت ئەركی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەكە بگرێتـە ئەسـتۆ، ئـەو مەشخەڵە پرشنگدار و گەشـەی خەباتی ڕۆشـنبیریی گەلەكەمان(كوردسـتان) بـە بەندكردنـی ئەندامانـی بنەماڵـە دوایـی بـە تەمەنـی دەهێنـرێ، هـۆكاری دوورخستنەوەی بنەماڵەی بەدرخانییەكان لـە ئەستەنبۆڵ دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی لـە ساڵی ١٩٠٦ ڕەزوان پاشا دەكوژرێت، كوڕانـی بەدرخان پاشا بـەم كوشتنە تاوانبـار دەكرێن.

## دۆزینەوەی ڕۆژنامەی كوردستان و چاپكردنەوەی:

چەند دڵسۆزیكی گەلەكەمـان پەرۆشی ڕۆژنامـەی كوردسـتان، وای لێكـردن بـە دوایـدا بگەڕێن و ئەنجام (٣٠) ژمـارەی بدۆزنـەوە و بـە چاپـی بگەیەنن. هەمـوو ئـەم ئەگـەر و بۆچوونـە هەڵانـەی پێشـتر سـەبارەت بـە ڕۆژنامەكە هەبـوون ڕەتـی بكەنـەوە.

سەرەتا دكتۆر كەمال فوئاد لە ئەڵمانیا بەم جۆرە ژمارەكانی دۆزییەوە:

١- چاپی یەكـەم: لـە هاوینـی (١٩٦٨) لـە پەرتووكخانـەی شـاری ماربۆرگ- ئەڵمانیا (٢٦) ژمارەی بە دەست خستووە. ژمارەكانی (١٠-١٢-١٧-١٨-١٩) دەست نەكەوتووە. تەواوی (٢٦) ژمارەكانی كۆكردۆتەوە و پێشـەكی بـۆ نووسیوە. لـە سـاڵی (١٩٧٢) لـە بەغـدا لـە چاپخانـەی ئۆفسـێتی ئیخلاص چاپـی یەكەمـی كـردووە. ئێسـتا ئـەم چاپـە لـە پەرتووكخانـەی شـاری بەرلینـدا هەیە[١٣].

٢- چاپـی دووەم: نووسـەری كـورد «محەممـەد ئەمیـن بۆزارسـلان» لـە سـاڵی (١٩٩١)، هەمـان چاپـی یەكەمـی «د.كەمـال فوئـاد»ی چـاپ كردۆتـەوە لـە شـاری ئۆپسـالا- سـوێد، بـە زمانـی كـوردی، گۆڕیویەتـی بـۆ تیپـی لاتینـی لـە دوو بەرگدا، ئـەم چاپـەش لـە پەرتووكخانـەی شـاری بەرلینـدا هەیـە

٣- چاپـی سـێهەم: «مەحمـوود زامـدار» لـە سـاڵی (١٩٩٨) بـە بۆنـەی یـادی سـەدساڵەی ڕۆژنامـەی كوردستان، چاپەكەی «د.كەمال فوئاد» لەگەڵ دوو ژمارەی تازە دۆزراوەی لە هەولێر چاپ كردۆتەوە[١٤].

---

١٣ . كوردسـتان: كۆكردنـەوە و پێشـەكی: د.كەمـال فوئـاد، دەزگای چـاپ و بڵاوكردنـەوەی بەدرخـان، چاپـی سـێیەم، تـاران، ٢٠٠٦. ئـەم چاپـەی كوردسـتان، وەک یەكـەم سـەرچاوەی سـەرەكی ئـەم نووسـینە سـوودی لـێ وەرگیـراوە.

١٤ . چەنـد لاپەڕەیـەک لـە مێـژووی ڕۆژنامەگـەری كـوردی ١٨٩٨- ١٩١٨، نەوشـێروان مسـتەفا ئەمیـن، بەرگـی یەكـەم، سـلێمانی، ٢٠٠١، ل٢٨.

٤- ژمارە (١٧) «مەحموود زامدار» «بە د.کەمال فوئاد»ی داوە.

٥– ژمارە(١٨) د.کەمال فوئاد خۆی لە ئەرشیفخانەکانی ئەنقەرە دۆزیویەتییەوە.

٦– ژمارەکانی (١٠-١٢) «د.جەلیلی جەلیل»، لە ئەرشیفخانەکانی نەمسا دۆزیتییەوە، لە ڤێستیڤاڵی بەدرخان لە دهۆک ڕۆژانی (٢١تا٢٣- ٤ی ٢٠٠٥) لە لایەن دەزگای بەدرخان ئەنجامدرا، پێشکەش بە «د.کەمال» کراوە.

٧- چاپی چوارەم و پێنجەم: «حەمید ئەبوبکر» سەرۆکی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، دووجار هەر (٣٠) ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستانی چاپ کردۆتەوە. لەسەر چاپی یەکەمی دکتۆر کەمال فوئاد، لەسەر چاپەکان وا نووسراوە: چاپی دووەم، قاهیرە، ٢٠٠٥. چاپی سێیەم، تاران، ٢٠٠٦.

جگە لە ژمارە(١٩)، بە هیوای دەستکەوتنی ئەم ژمارەیەش لە داهاتوودا.

سەبارەت بە ساڵڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی، ساڵی (١٩٦٨) بە پێشنیاری «د. مارف خەزنەدار» ڕۆژی (٢٢ی نیسان) بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی دیاریکرا، لەم کاتەوە ئەم ڕۆژە بەیادی ڕۆژنامەگەری کوردی دەناسرێت[١٥].

## خوولی دووەمی ڕۆژنامەی کوردستان: ١٩٠٨- ١٩٠٩ :

دوای ڕاگەیاندنی مەشروتییەتی تورکەلاوەکان لە ساڵی (١٩٠٨)، «سورەیا بەدرخان» ١٨٨٣- ١٩٣٢، ناسراو بە ئەحمەد ئازیزی- بلەچ شیرکۆ. لەنێوان ساڵەکانی (١٩٠٨-١٩٠٩) بۆ جاری دووەم ڕۆژنامەی کوردستانی لە ئیستەنبوڵ دەرکردۆتەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ ژمارەیەکی لەبەر دەست نییە.

خوولی سێیەمی ڕۆژنامەی کوردستان ١٩١٧- ١٩١٨:

بۆ جاری سێیەم «سورەیا بەدرخان» لە قاهیرە ڕۆژنامەی کوردستان دەردەکاتەوە، ژمارەی (یەک) ی لە ڕێکەوتی (١٢- ئەیلولی- ١٩١٧) دەرچووە. ژمارە (١١)ی لە ڕێکەوتی (٢٨- کانوونی دووەمی ١٩١٨) دەرچووە. سەرجەم (١١) ژمارەی لێ دەرچووە. هەر یازدە ژمارەی لەلایەن (نەجمەدین بیوک کایە – ناسراو بە نەجۆ) دراوە بە «د.کەمال فوئاد». ئەویش لە ساڵی (١٩٩٨) بە ناوی (کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، دەورەی سێیەم ١٩١٧- ١٩١٨) لە سلێمانی چاپی کردۆتەوە.

## سەرەتای ڕۆژنامەگەری کوردی لە باکووری کوردستان و ڕووسیا:

سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری تورکی لە کۆتایی نیوەی سەدەی نۆزدەهەم پەیدابوو. دەسەڵاتی

---

١٥ . جەمال خەزنەدار: بابەتی کۆڕێک لەشاری مانهایم، لە یادی ڕۆژنامەگەری کوردی ساڵی (٢٠٠٤) لەلایەن ناوەندی زانیین و ڕۆشنبیریی کوردی– ئەڵمانی- مانهایم سازکرابوو.

سوڵتانەکانی عوسمانی قبوڵیان نەبووە چاپخانە و چاپەمەنی لەژێر ڕەعییەتی ئەواندا هەبێت و پەرە بسەنێت، هەم بە کوفریان زانیوە و هەمیش نەیان ویستووە خەڵکی لەم بوارە هوشیار بن. بۆ نموونە:

لە سەردەمی سوڵتان محەممەدی چوارەم سوڵتانی عوسمانی(١٦٤٨- ١٦٨٧)، کابرایەکی ئەورووپی، ژمارەیەک لە قورئانی پیرۆزی چاپکراو پیتی عەرەبی لەگەل خۆی بردۆتە ئیستەنبول. سوڵتان فەرمان دەکات هەمووی دەخەنە دەریاوە[١٦]. دواتر عاقڵمەندێک چەندین جار چۆتە لای سوڵتان و تێیگەیاندووە، کە چاپخانە و چاپەمەنی چەندە سوودمەندە بۆ ئیسلام و مێژووی عوسمانی ئینجا ڕێگەدراوە، چاپخانە بگەیێننە تورکیاو دایبنێین. دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی تورکی- عوسمانی لەلایەن خۆیان، لە سەردەمی سوڵتان مەحموودی دووەم بە ناوی (تەقویمی وەقائیع)، لە ساڵی ١٨٣١ دا دەرچووە، لەژێر کاریگەری ڕۆژنامەی فرەنسی.(یەکەم ڕۆژنامەی تورکی لە ئیستەنبوڵ لەساڵی ١٧٩٥ دەرچووە لە سەفارەتی فرەنسی- دکتۆر مەغدید سەپان)[١٧].

چارەنووسی گەلی کوردیش بە حوکمی عوسمانی و سوڵتانەکانی بەسترابویەوە، چونکە لەژێر داگیرکاری عوسمانیدا بوون. سەرکوتکردنی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کوردانی باکوور وەک: ڕاپەڕینی میر بەدرخان، یەزدان شێر، سەید تەهای نەهری...تاد، بەڵگەی ئەوەن کورد بواری ئەوەی پێنەدراوە خزمەت بە کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەکەی بکات. دواجار «میر میقداد مەدحەت بەدرخان» ڕوو دەکاتە وڵاتی غەریبی و دوور لە نیشتمانی دایک و نەتەوەکەی، لە قاهیرەی پایتەختی میسر، لە ٢١ی نیسانی ١٨٩٨ یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی (کوردستان) چاپ دەکات. دوای ڕاگەیاندنی مەشرووتییەت و بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهان و لاوازبوونی دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانی ناسراو بە پیاوە نەخۆشەکە، کوردیش هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵە و ڕێکخراوی ئەدەبی و سیاسی دا. هاوکات ڕۆژنامەی دەرکرد وەکوو: کوردستان، کورد تعاون ترەقی غزەتەسی، ڕۆژی کورد، هەتاوی کورد، ژین و بەردەوامی بە ڕۆژنامەگەری کوردی بدات.

## کورد تعاون ترقی غزتەسی- ئیستەنبوڵ- ١٩٠٨:

کورد تەعاون تەرەقی، هەفتەنامەیەک بووە بە زمانی کوردی و تورکی دەرچووە. خاوەنی ئیمتیاز و بەڕێوەبەر: تۆفیق سلێمانییەیی (پیرەمێرد)، سەرنووسەر: ئەحمد جەمیل بەگ دیاربەکرلی بووە. سەبارەت بە ڕۆژنامەکە نووسراوە: ڕۆژنامەیەکی دینی، زانستی، سیاسی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتییە، ژمارەی لاپەڕەکانی لەنێوان (٨،١٠،١٤) بووە. سەرجەم نۆ ژمارەی لێ دەرچووە بەم جۆرە:

---

١٦ .مێژووی چاپخانەکانی شاری سلێمانی (١٩٢٠- ٢٠١٠)، مارف ناسراو. بەڕیوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٣.

١٧ . ڕۆژنامەگەری کوردی بە زمانی فرەنسی، د.فەرهاد پیربال، بڵاوکراوەی خەندان، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٢.

ژمارە (١) لە ٥ ی کانوونی پێشین(یەکەم) ١٩٠٨ .
ژمارە (٢) لە (١٢ی کانوونی پێشین ١٩٠٨)
ژمارە (٣) لە (١٩ی کانوونی پێشین ١٩٠٨(
ژمارە (٤) لە (٢٦ی کانوونی پێشین ١٩٠٨(
ژمارە (٥) لە (٢ی کانوونی پاشین(دووەم) ١٩٠٩(
ژمارە (٦) لە (٩ی کانوونی پاشین ١٩٠٩(
ژمارە (٧) لە (١٦ی کانوونی پاشین ١٩٠٩(
ژمارە (٨) لە (٢٣ی کانوونی پاشین ١٩٠٩(
ژمارە (٩) لە (٣٠ی کانوونی پاشین ١٩٠٩(

## گۆڤاری ڕۆژی کورد- (١٩١٣) — ئیستەنبوڵ - تورکیا:

گۆڤاری ڕۆژی کورد ئەندامانی کۆمەڵەی هێڤی کورد لە ئیستەنبوڵ دەریان کردووە[١٨].

چڤاتا هێڤی تەلەبێ کوردان(١٩١٢- ١٩٢٢)، هێڤی لەلایەن کۆمەڵێک گەنجی خوێندکاری کورد لە ئیستەنبوڵ، لە (٩-٨- ١٩١٢) دامەزراوە. بارەگاکەیان لە گەڕەکی سرکجی بەرامبەر پۆستەی نوێ لە باڵەخانەی ئەرزەڕۆمدا بووە. چەند جارێک شوێنەکەیان گۆڕاوە دواجار لە شەقامی فەوزییە لە گەڕەکی شازادە باشی دەبن، بۆ ماوەیەک «د. شوکری محمد بەگ سەگبان» یارمەتی دارایی داون. کۆمەڵەی هێڤی زۆر گرنگیان بە زمان و ئەدەبی کوردی داوە لە گۆڤاری ڕۆژی کورد.

دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی هێڤی: عومەر جەمیل پاشا، زنار سلۆپی، قەدری جەمیل پاشا، ئەکرەم جەمیل پاشا، کەمال فەوزی، مەمدوح سەلیم بەگ، زیا وەهبی، کەرکوکلی نەجمەدین حسەین، بابانزادە عەزیز، شەفیق ئەرواسی، موکسلی هەمزە، خارپوتلی تایپ عەلی، عەبدولکەریم سلێمانییەیی، دیاربەکرلی سالح، دیاربەکرلی عەبدولقادر، ئاسف بەدرخان، دیاربەکرلی موستەفا، ڕەشاد، محەممەد میهری، د. فواد، هەکاریلی عەبدولڕەحیم ڕەحیمی، دیاربەکرلی فایز بەگ.

بەر لەجەنگی یەکەمی جیهان، شەش کەس لە ئەندامانی بنەماڵەی «جەمیل پاشا» لە ئەورووپا دەیانخوێند: جەودەت، قەدری، زنار سلۆپی، ئەکرەم، شەمسەدین، ئیبراهیم، کەمال. لە سویسرا لقێکی کۆمەڵەی هێڤی کوردیان کردەوە ئەوانەیش ئەندام بوون: بابانزادە، ڕیحانی نوزهەت، دیرسیملی، سەلیم، ئەکرەم جەمیل پاشا بوو بە سەرۆک. ناونیشانی کۆمەڵەی هێڤی لە لۆزان سویسرا[١٩]:

---

١٨ . مالمیسانژ: جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان ١٩١٢- ١٩٢٢، یەکەم ڕێکخراوی یاسایی تەلەبەی کورد- وەرگێڕانی لە تورکییەوە: زریان ڕۆژهەڵاتی، پێشەکی و پێداچوونەوەی عەبدوڵڵا زەنگەنە، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٧٦.
١٩ . ڕۆژی کورد، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی: عەبدوڵڵا زەنگەنە،ل ١٤٣، ١٦٤، ١٩٤، ١٩٩، ٢٠١،٢٠٣.

٥. Hivi – Case s-Lusanne- Suisse

## گۆڤاری ڕۆژی کورد:

ئەندامانی کۆمەڵەی هێڤی کورد لە ئیستەنبوڵ بە (٣٢) لاپەڕە، دەریان کردووە. مانگانە بە زمانی تورکی و کوردی ڕێنووسی ئارامی دەرچووە. خاوەنی ئیمتیاز و بەڕێوەبەری بەرپرس: عەبدولکەریم حاجی عەبدوڵڵای کەرکوکی زادە خەڵکی باشوری کوردستان، ناسراو بە عەبدولکریم سلێمانییەیی.

ژمارە (١) لە (٦ی حوزەیران ١٩١٣، ١٤ی ڕەجەبی ١٣٣١) دەرچووە.

ژمارە (٢) لە (٦ی تەمموزی ١٩١٣، ١٤ی شەعبانی ١٣٣١) دەرچووە.

ژمارە (٣) لە (١ی ئابی ١٩١٣، ١١ی ڕەمەزانی ١٣٣١) دەرچووە.

ژمارە (٤) لە (٣٠ی ئابی١٩١٣، ١٠ی شەوالی ١٣٣١) دەرچووە.

ئامانجیان لە دەرکردنی ئەم گۆڤارە پێشخستنی کولتووری کوردی و گەشەپێدانی زمانی کوردی.

## هەتاوی کورد: ئیستەنبۆڵ- تورکیا ١٩١٣:

گۆڤاری کۆمەڵەی هێڤی تەلەبەی کوردان بووە، (١٠) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. ژمارە یەک لە تشرینی یەکەم ١٩١٣ و ژمارە ١٠ لە ٢٠ حوزەیرانی ١٩١٤ بڵاوکراوەتەوە.

## ڕۆژنامەگەری کوردی لە یەکێتی سۆڤییەت- ڕووسیا:

تا ئێستا ئەوەی لەبەردەستە بۆ دەرکەوتنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە یەکێتی سۆڤییەت، ڕۆژنامەی (Rja Taza – ڕیا تازە) یە. یەکەم ژمارەی لە ڕێکەوتی (٢٥ی ئاداری ١٩٣٠) لە شاری یەریڤان- ئەرمەنستان بە (٤) لاپەڕە، لەلایەن گرووپی ئەلفوبێی تازەی لاتینی دەرچووە.

ئەم ڕۆژنامەیە نزیکەی حەفتا ساڵ لە دەرچوون بە سێ قۆناغ بەردەوام بووە:

١- لەنێوان ساڵەکانی (١٩٣٠ تا١٩٣٨) بەسەریەکەوە (٦١٢) ژمارەی بە ڕێنووسی لاتینی لێ دەرچووە.

٢- لەنێوان ساڵەکانی (١٩٥٥تا ١٩٩١) بە ئەلفوبێی کریلی دەرچووە.

٣- لەنێوان ساڵەکانی (١٩٩١تا ٢٠٠١) بە ڕێنووسی لاتینی دەرچووە.

نزیکەی (٧٠) ساڵ لە دەرچوون بەردەوام بووە، لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕووس وەستێندراوە و دواتر هەر بەبڕیاری ئەوان دەرچۆتەوە. بە تەمەنترین ڕۆژنامەیە لە مێژووی بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردیدا. لەبەر

هۆکاری دارایی بەردەوام نەبووە و وەستاوە. ڕادیۆی یەریڤانیش نزیکەی لە سێ چارەکە سەدە زیاترە تا ئیمڕۆش بەردەوامە[٢٠].

# سەرەتای ڕۆژنامەگەری کوردی لە باشووری کوردستان: ڕۆژنامەگەری لە عێراق

**- ڕۆژنامەی (جۆرنال العراق) ١٨١٦:**

لە ساڵی (١٨١٦) لەلایەن (داود پاشا الکرجی) لە شاری بەغدا، لە چاپخانەیەکی بەردین بە زمانی: عەرەبی- تورکی عوسمانی دەرچووە.

**- ڕۆژنامەی (الزوراء) ١٥-٦-١٨٦٩، بەغداد:**

ڕۆژنامەی (الزوراء) لەلایەن والی بەغداد (مەدحەت پاشا) لە ڕێکەوتی ١٥ - ٦-١٨٦٩) دەرچووە. تا داگیرکردنی عێراق لەلایەن هێزەکانی بەریتانیا لە ساڵی (١٩١٧) دەرچووە، لەوە بە دواوە وەستاوە[٢١].

«مەدحەت پاشا» بەر لەوەی بێتە بەغدا و دەست بە کار بێت لە فرەنساوە، چاپخانەیەکی ئالی لەگەڵ خۆی هێنا. ناوی لێنا(چاپخانەی الولایە)، لە شاری بەغدا داینا. ستافێکی نووسینی کارا و شارەزای لە ئاستانەوە بۆ هێنا، یەکەم کاری ئەوە بوو ڕۆژنامەی (الزورا)ی پێ دەر کرد. ژمارەی یەکەمی لە ١٥-٦-١٨٦٩ بڵاوبۆتەوە. ئەو ڕۆژنامەیە بەردەوام بوو لەژێر ئیشرافی حکوومەتی عوسمانی تا دوا ژمارەی لە ١١-٣-١٩١٧ دەر چووە کۆی گشتی (٢٦٠٦) ژمارەی لێ دەرچووە. هۆکاری وەستانەکەشی داگیرکردنی بەغداد بووە لەلایەن ئینگلیز.

**جەریدەی موسل:** لە ساڵی(١٨٦٣) قەشە «ڕۆفائیل» لە پاریس دەزگای چاپەمەنی هێنا، (چاپخانەی کلدانی) لە موسل دامەزراند. ڕۆژنامەی (موصل) لە ویلایەتی موسڵ بە زمانی عەرەبی- تورکی عوسمانی: لە (٢٥-٦-١٨٨٥) دەرچووە. لەلایەکی تر لە ساڵی(١٨٨٩) چاپخانەی الولایە لە بەسرە دامەزرا،(جریدە بەسرا) ژمارەی یەکەمی لە (١٨-١- ١٨٨٩) بڵاوکراوەتەوە.

دوای مەشرووتییەتی ساڵی (١٩٠٨)، بە دەرچوونی دەستووری نوێی عوسمانی، کە ناسراوە بە یاسای بنەڕەتی ماف و ئازادییە گشتییەکان، بواری زیاتر ڕەخسا. تاساڵی (١٩١١)، نزیکەی (٥٥)

---

٢٠ . زانیاریی لە پەیجی فەخرەدین تاهیر وەرگیراوە.

٢١ . چوارچێوەی یاسایی ئازادی ڕۆژنامەگەریی لە کوردستانی عێراقدا، د.کەمال سەعدی، دەزگای ئاراس- چاپی یەکەم- هەولێر- ٢٠٠٦، ل٣٥- ٣٦.

ڕۆژنامـە دەردەچـوون. ئـەو ڕۆژنامانـە بـەردەوام بـوون لـە دەرچـوون تـا کۆتایـی هاتنـی دەسـەڵاتی عوسـمانی لـە ویلایەتـەکان.

ڕۆژنامەی (بەصرە) لە (٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩١٤) وەستا.

ڕۆژنامەی (الزوراء) لە (١١ی ئازاری ١٩١٧) وەستا.

ڕۆژنامەی (موصل) لە کۆتایی مانگی (تشرینی یەکەمی ١٩١٨ ) وەستا.

دوای هاتنـی هێزەکانی ئینگلیز بۆ عێراق و کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی عوسمانی، قۆناغیکی تری نوێی ڕۆژنامەگەری دەستی پێکرد، ئینگلیز هەر شوێنێکیان داگیردەکرد، ڕۆژنامەیەکیان دەردەکرد بەم جۆرە:

١ -لە بەسرە لە ڕێکەوتی (١ی کانوونی یەکەمی ١٩١٤) ڕۆژنامەی (بەسرە تایمز)یان بە زمانی: عەرەبی- تورکی دەرکرد. بۆ ڕاگەیاندنی هەواڵەکانی جەنگ و سەرکەوتنەکانیان تا (ئابی ١٩١٧) بەردەوام بوو. دواتر بوو بە ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ بە ناوی(الاوقات البصريە) بە زمانی: عەرەبی- تورکی- فارسی- ئینگلیزی[٢٢].

٢- لە بەغدا ڕۆژنامەی (العرب)یان دەرکرد، لە ڕێکەوتی (٤ی تەمموزی ١٩١٧ تا ٣١ی مایسی ١٩٢٠) بەردەوام بوو.

دواتر ڕۆژنامەکانی (العراق) لە (١ی حوزەیرانی ١٩٢٠) و ڕۆژنامەی (الشرق) لە (٣٠ی ئابی ١٩٢٠) دەرچوو. دوای ئەوە کۆمەڵێک ڕۆژنامەی تر دەرچوون. هەموو ئەم ڕۆژنامانەی دەردەچوون لە ماوەی داگیرکاری عێراق لەلایەن ئینگلیز، هی حکوومەت و لەژێر دەسەڵاتی ئەودابوون.

## ڕۆژنامەگەریی کوردی لە عێراق و باشووری کوردستان:

یەکەم گۆڤاری کوردی لە عێراق بە ناوی (بانگی کورد) لەلایەن (جەمال بابان) لە ڕێکەوتی (٨ ی شوباتی ١٩١٤) لە بەغدا دەریکردووە. بە گشتی (٥) ژمارەی لێ دەرچووە. گۆڤاری (بانگی کورد) ٢٤ لاپەڕە و بە قەبارەی(٢٢،٥X١٥،٥سم) بوو. لە چاپخانەی ئاداب بە زمانی کوردی و تورکی چاپ بووە. «جەمال بابان» ناوی تەواوی «جەمالەدین کوڕی ڕەشیدی عەبدوڵڵا بەگی خالید پاشای ئەحمەد پاشای بابان بووە. لە دایکبووی بەغدا(١٨٩٣- لە١١-١-١٩٦٥) لە بەیروت وەفاتی کردووە، خوێندنی حقوقی تەواو کرد بوو، بە هۆی جەنگی جیهانی یەکەمەوە چووە بۆ سەربازی هەر ئەوەش بووە هۆی وەستانی گۆڤاری بانگی کورد[٢٣].

٢٢ . سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

٢٣ . ڕۆژنامەگەری کوردی لە عێراقدا- بەراییەکان- ١٩١٤- ١٩٣٩، فارووق عەلی عومەر، وەرگێڕانی: تاریق کارێزی، ساغکردنەوەی دەقەکان: عەبدوڵڵا زەنگەنە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١، ل٧٠.

ڕۆژنامـەی (تێگەیشـتنی ڕاسـتی) یەکـەم ڕۆژنامـەی کـوردی- بەغـداد (١٩١٨): ڕۆژنامەیەکـی هەفتانە بـووە، ئینگلیز لـە بەغدا دەریانکـردووە. ئەوە سیاسـەتی ئینگلیز بـووە هـەر شوێنێکی داگیرکردبا ڕۆژنامـەی تێدا دەردەکـرد. ژمـارە (١) یـەک لـە ڕۆژی یەکـی کانوونـی دووەمـی (١٩١٨) دەرچـووە. تـا دوا ژمـارەی (٦٧) لـە (٢٧ ی کانوونی دووەمـی ١٩١٩)، بـە زمانـی کـوردی و (٤) لاپەڕەیـی بـووە. «مێجـەر سـۆن» سەرپەرشـتیاری ڕۆژنامەکـە بـووە.

- **پێشکەوتن (١٩٢٠):** «مێجەر سۆن» کاتێـک بـە حاکمـی سلێمانی دانـراوە، هاتـووە چاپخانەیەکـی لەگەڵ خۆی هێناوە. (هەمان چاپخانەی تێگەیشتنی ڕاستی بووە)، لە شاری سلێمانی لە ساڵی (١٩٢٠) ڕۆژنامـەی (پێشکەوتن)ی دەرکرد. یەکەم ڕۆژنامـەی هەفتانەی شاری سلێمانی بـووە. ڕۆژنامەیەکـی هەفتانە بـووە، ((ژمـارە (١)ی لـە (٢٩ نیسـانی ١٩٢٠) بڵاوکراوەتـەوە. (١١٨) ژمـارەی بـە زمانـی کـوردی لـی دەرچـووە. چـوار لاپەڕەیـی بـووە. دوا ژمـارەی لـە(٢٧ی تەممـوزی ١٩٢٢) بڵاوکراوەتـەوە.[٢٤]))

ڕۆژنامەکانی سەردەمی حووکمداری مەلیک مەحمود:

- **بانگی کوردستان:** لە ٢-٨-١٩٢٢ تا ٣-١١-١٩٢٢، سەرجەم (١٤) ژمارەی لێ دەرچووە.

- **ڕۆژی کوردستان:** لە ١٥-١٠-١٩٢٢ تا٣-٣-١٩٢٣، سەرجەم(١٥) ژمارەی لێ دەرچووە.

- **بانگی حەق:** لە ٢٨- ٣- ١٩٢٣ تا ١٢-٤-١٩٢٣ سەرجەم (٣) ژمارەی لێ دەرچووە.

- **ئومێدی ئیستقلال:** لـە ٢٠-٩- ١٩٢٣ تـا ١٥ی- مایسـی- ١٩٢٤، تـا داگیرکردنـی شـاری سـلێمانی لەلایـەن سـووپای حکوومەتـی عێـراق، سـەرجەم(٢٤) ژمـارەی لـێ دەرچـووە.

- **ژیانەوە:** لە ١٨-٨- ١٩٢٤ تا ١٤-١-١٩٢٦، سەرجەم (٥٦) ژمارەی لێ دەرچووە.

- **ژیان:** لە ٢١-١-١٩٢٦ تا١٠-٣-١٩٣٨، سەرجەم (٥٥٣) ژمارەی لێ دەرچووە.

### زاری کرمانجی: ڕەواندز- باشووری کوردستان ١٩٢٦:

گۆڤـاری زاری کرمانجـی: حوسـەین حوزنـی موکریانـی لـە ڕێکەوتـی ٣٠ مارتـی ١٩٢٦ مۆڵەتـی دەرکردنـی گۆڤـاری (زاری کرمانجـی) بـە ژمـارە(٤٢٦١) وەرگرتـووە. خاوەن ئیمتیـاز و بەڕێوەبـەری گۆڤـار «حوزنـی» خـۆی بـووە. « گیـو موکریانـی» بـرای تـا ژمـارە (١٦) سـاڵی ١٩٢٩ بەڕێوەبـەری کارگێـڕی گۆڤارەکـە بـووە. (زاری کرمانجـی) تێکـڕای (٢٤) ژمـارەی لـێ دەر چـووە، بـەم جـۆرە : ((ژمـارەی یەکـەم لـە ٢٥ ئایـاری ١٩٢٦ دەرچـووە. ژمـارە (٢٤)ی لـە تەممـوزی ١٩٣٢ دەرچـووە. ژمـارەی لاپەڕەکانـی لەنێـوان (١٦،١٨،٢٠،٢٤،٢٦،٢٨) لاپـەڕە بـووە. یەکەمیـن گۆڤـاری کـوردی شـاری روانـدوز بـووە. «حوزنـی» لـە

---

٢٤ . پێشکەوتن، یەکەمین هەفتەنامـەی باشـووری کوردستان،نەوشـیروان مستەفا ئەمین، گ.هاڤیبوون، ژمـارە -٤- سـاڵی ١٩٩٨، ل١٥٣.

٢٠-٩-١٩٤٧ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە.[٢٥])) دوای مردنیشی حکوومەت وازی لێ نەهێناوە، لە ١٥-٨- ١٩٤٩ بە نووسراوی ژمارە ١٤٧٣ ئاڕاستەی کراوە، کە دەست لە گۆڤارەکە هەڵبگرێ.

**گۆڤاری هەتاو:** مامۆستا گیو موکریانی ١٩٠٤- ١٩٧٧، لەسەر گۆڤارەکە نووسیویەتی: گۆڤارێکی کوردی ویژەییە، پازدە ڕۆژ جارێک دەردەچێت. چاپخانەی کوردستان- هەولێر لەسەری نووسراوە، ژمارەی یەکەمی لە ڕۆژی شەممە ڕێککەوتی ١٥ ی گوڵانی ١٩٥٤ دەرچووە، دوا ژمارەی لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ دەرچووە، بەسەر یەکەوە ١٨٨ ژمارەی لێدەرکردووە.

بۆ زانیاری و بەرچاوڕوونیی خوێنەر، لێرەدا کۆی ژمارەی دەرچوونی گۆڤارو ڕۆژنامەو میدیای بینراو بیستراو لە سەردەمی دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) ەوە دەخەینە ڕوو، لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١تا ٢٠١٣)، (٩٥٩) میدیای بینراو بیستراو نووسراو هەیە، لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتدراون. (٢٤٧) میدیای بینراو بیستراو لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و (٧١٢) میدیای نووسراو متمانەی کارکردنیان پێدراوە. بە هەموو زمانی نەتەوەکانی هەرێمی کوردستان دەردەچن. بە شێوەیەکی ڕێژەیی دابەش بوون بەسەر شارەکانی کوردستان، بە پلەی یەکەم زۆرترین کەناڵی میدیایی لە پایتەختی کوردستان شاری هەولێرە، بە پلەی دووەم سلێمانی، بە پلەی سێیەم دهۆک دێت.

## سەرەتای ڕۆژنامەگەری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

بۆ دیاریکردنی سەرەتای سەرهەڵدانی بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، پێویست بوو سەر بەچەند سەرچاوەیەکدا بکەین، گەیشتین بەم ئەنجامەی خوارەوە:

**١– گۆڤاری (کوردستان میشنێری) مەهاباد- ١٩٠٨:** ئەم گۆڤارە مسیۆنێکی مەسیحی لۆتەری بە زمانی ئینگلیزی دەریکردووە. بابەتەکانی تایبەت بوو بە شاری مەهاباد و ناوچەی موکریان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تاساڵی (١٩٢٨) بەردەوام بووە[٢٦].

**٢– ڕۆژنامەی(کرمانشاه)، کرمانشاه،١٩٠٩:** لە شاری کرمانشاه، بە زمانی فارسی لە ڕێکەوتی(١٦-١١-١٩٠٩) دەرکراوە، دوای سێ مانگ وەستاوە.

**٣– ڕۆژنامەی کوردستان،١٩١٢- خوی:**

٢٥ . زاری کرمانجی، ئامادە و پێشەکی: کوردستان موکریانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٣-٥.

٢٦ . بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەری کوردی- لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و دەرەوەیدا ١٩٠٨- ١٩٨٨، جووتیار تۆفیق، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٧ ، ل٩.


ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵی (١٩١٢ تا لە ١٩١٤)[٢٧]، بە زمانی کوردی، لە ورمێ دەرچووە. هێندێک سەرچاوەی تر باس لەوە دەکەن، کە لە (خوی) دەرچوویێت. پێدەچێت ئەم ڕایەیان ڕاستتر بێت لە بەرئەوەی کاری «سمکۆ» و «عەبدولڕەزاق بەدرخان» وەک کاری ڕۆشنبیریی و قوتابخانە و کۆمەڵەکەی پتر لە خوی بووە. کاتێک ڕووسەکان «عەبدولڕەزاق بەدرخان» بۆ ماوەیەک دەگرن، «سمکۆ» تاساڵی (١٩١٤) ڕۆژنامەکەی دەردەکات[٢٨]. قونسولی ڕووس و سمکۆش هاوکاری باشیان کردووە.

## ٤– گۆڤاری کوردستان، ورمێ، ١٩١٤:

ئەم گۆڤارە چەند مسیۆنێریکی ئەڵمانی لە ئەپریلی ساڵی ١٩١٤ لە شاری ورمێ بە زمانی کوردی دەریانکردووە.

## ٥– ڕۆژنامەی کورد- ڕۆژی کورد- شەوی عەجەم:

ناونراوە بە هەفتەنامەی (ڕۆژی کورد) دواتر بووە بە (کورد)، ورمێ- ١٩٢٢. لەسەرداوای «سمایل ئاغای شکاک» بە زمانی کوردی و فارسی ڕێنووسی ئارامی دەرکراوە. سەرپەرشتیاری «مەلا محەممەد تورجانی» کە بە قزلجی ناسراوە.



رۆژنامەی رۆژی کورد – سمکۆی شکاک

ژمارەی (١) لە ڕێکەوتی (١-٦- ١٩٢٢) بڵاوکراوەتەوە.

ژمارەی (٢) لە ڕێکەوتی (٨-٦- ١٩٢٢) بڵاوبۆتەوە.

تەنێ چوار ژمارەی لێ دەرچووە، دوو ژمارەی تا ئێستا لەبەر دەستە، ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بووە بە پێی ڕۆژی دەرچوونیان، تەنها کلێشەی ئەم دووانە بڵاوکراوەتەوە: یەکەمیان لە کتێبیەکەی (محمد تمدن: اوضاع ایران درجنگ اول جهان یا تاریخ رضائییه، تهران- ١٣٥٠)، دووەمیان لە گۆڤاری (گرشەی کوردستان ژمارە –٩- ١٣٦٠- ١٩٨٠ ل١١.)

---

٢٧ . د. سەلاح محمد سەلیم هروری: عەبدولرەزاق بەدرخان- ١٨٦٤- ١٩١٨- ژیان، تێکەلینسیاسی، خەباتا چاندی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥ ل٥١- ٥٢.

٢٨ . محەممەد ڕەسول هاوار: سمکۆ( ئیسماعیل ئاغای شکاک) و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد ( ئاپێک- APEC) سوید، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٥،ل١٤٩.

سەبارەت بە دەرکردنی هەفتەنامەی (ڕۆژی کورد)ی بزووتنەوەکەی «سمکۆ» بەم جۆرە بووە: حاجی سەید عەبدوڵڵای نەهری (شەمزینی، کە دەکاتە باوکی سەید عەزیزی شەمزینی)، چۆتە لای (محەممەد تەمەدون خاوەنی چاپخانەی تمدن) لە ڕەزائییە- ورمێ- پێی گوتووە: کە ئاغا سمکۆ دەیەوێ ڕۆژنامەیەک لە ورمێ دەر بکا، چونکە لێرە ڕۆژنامە نییە، دەیەوێ بۆ ئەم شارە ئەو کەمایەسییە نەهێڵێت. چ بە قەبارە و تیراژ هەم سەنگین و هەمیش جوان بێت، هەمیش جێی سەرنج بێت، لەم شارەدا بڵاوبێتەوە.

محەممەد تمدن بە سەید عەبدوڵڵا دەڵێت : بەداخەوە حەرفی چاپخانەکەی من بە کەڵکی چاپکردنی ڕۆژنامە نایێت. گەر هەوڵبدەین لەگەڵ کرێکارەکان بیکەین. بەڵام ئەو ترساوە بڕوای بە قسەی کورد نەکردووە. دیارە ڕۆژگارەکەی ئەوکات واباوبووە بڕوایان بە کورد نەبووە، بەڵام یاخیبوون لە فەرمانی سمکۆ ئاغا لە ڕۆژگاری ئەوێ ڕۆژێ یانی مەرگ. بۆیە دوای دوو- سێ ڕۆژ محمد تمدن ڕایکردووە.

تمدن دەڵێ: سمکۆ سوور بووە لەسەر دەرکردنی ڕۆژنامە، بۆیە تابلۆی چاپخانەی تمدنیان لابردبوو، لەجێی ئەو تابلۆی چاپخانەی (غیرەت) یان لێ دانابوو. ڕۆژنامەیەکیان بە زمانی کوردی- فارسی دەردەکرد بەناوی (کورد) زمانحاڵی بزووتنەوەی سمکۆ بوو[٢٩].

چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی تریش لە سەردەمی کۆماری مەهابادا دەرچوون، وەک: **١- گۆڤاری نیشتمان،** زمانی کوردی، کۆمەڵەی ژێ کاف ٢٢- ٧- ١٩٤٣. ٢- هەفتەنامەی کوهستان، زمانی فارسی، ٢٦- ٢- ١٩٤٥. ٣- گۆڤاری هاوار.. هاواری کورد، ١٩٤٥. ٤- گۆڤاری کوردستان زمان کوردی، فارسی، مەهاباد،٦-١٢- ١٩٤٥. ٥- ڕۆژنامەی کوردستان، زمانحاڵی کۆماری دیموکراتی کوردستان-مەهاباد،١٠-١-١٩٤٦ تا ناوەڕاستی مانگی دیسەمبەری ١٩٤٦، بە گشتی (١١٤) ژمارەی لێ دەرچووە. ٦- گۆڤاری ئاوات — ١٩٤٥. ٧ -گۆڤاری ماد- لە ساڵی ١٩٤٥ لە تاران بە فارسی دەرچووە. ٨– گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد لە ٢١- ٤-١٩٤٦ دەرچووە. ٩– گۆڤار/ ڕۆژنامە هاواری نیشتمان لە ٢١-٣- ١٩٤٦ دەرچووە. ١٠– گۆڤاری هەڵاڵە لە سەرەتای مارتی ١٩٤٦ لە شاری بۆکان لەلایەن حەسەنی قزڵچی دەرکراوە.

---

٢٩ . بیرەوەرییەکانی سەید عەزیزی شەمزینی، محەمەد حەمەباقی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٧- ١٨.

## سەرەتای ڕۆژنامەگەری کوردی لە کوردستانی ڕۆژئاوا، سووریا و بیروت

بزاڤی ڕۆژنامەگەری لە  ڕۆژئاوای کوردستان، بە پێی ئەو سەرچاوانەی تا ئێستا لەبەردەستە، لە «میر جەلادەت بەدرخان»ەوە ئەویش بە دەرکردنی گۆڤاری هاوار لە ساڵی ١٩٣٢، دەست پێدەکات. سەرچاوەی تر لە بەردەستدا نیین یا ئاماژە بەوە ناکەن بەر لەم مێژووە کاری ڕۆژنامەگەری کوردی ئەنجام درابێت. ڕۆژنامەنووس «کۆنێ ڕەش» ڕۆژنامەگەری کوردی لە ڕۆژئاوا بەسەر چوار قۆناغ دابەشکردووە[٣٠]:

**١- قۆناغی بەدرخانییەکان ١٩٣٢:**

**گۆڤاری هاوار (١٩٣٢–١٩٤٣):** (٥٧ )ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارە (١ تا ٢٣) ڕێنووسی عەرەبی- لاتینی، زمان کوردی و فرەنسی لە شام میر جەلادەت بەدرخان دەریکردووە[٣١].

**گۆڤاری ڕۆناهی:** (١٩٤٢- ١٩٤٥): (٢٨) ژمارەی لێ دەرچووە، زمانی کوردی- ڕێنووسی لاتینی، میر جەلادەت لە شام دەریکردووە[٣٢].

میر کامەران بەدرخان- بیروت:

**گۆڤاری ڕۆژانوو:** هەفتانە بووە. ژمارە یەکی لە ٣-٥- ١٩٤٣ تا دوا ژمارەی لە ٢٧-٥-١٩٤٦ دەرچووە. (٧٣) ژمارەی لە بەیرووت- لوبنان، بە زمانی کوردی — فرەنسی، ڕێنووسی لاتینی، دەکردووە.

**ڕۆژنامەی ستێر:** لە ساڵی(١٩٤٣ تا ساڵی ١٩٤٥) تەنێ سێ ژمارەی لێ دەرچووە. واتە ساڵانە یەک ژمارەی بڵاوکردۆتەوە وەک پاشکۆیەکی گۆڤاری ڕۆژانوو بووە. لە بەیرووت، بە زمانی کوردی ڕێنووسی لاتینی.

**٢- قۆناغی ساڵانی شەستەکان:**

١- ڕۆژنامەی دەنگی کورد ١٩٥٩. ٢- الدیموقراتی ١٩٦٦— سوریا. ٣- اتحاد الشعب ١٩٦٥. ٤ - گۆڤاری ئاگاهی ١٩٦٦. ٥- گۆڤاری گوڵیستان ١٩٦٨. ٦- گۆڤاری پێشەنگ ١٩٧٦. ٧ - گۆڤاری گەلاوێژ ١٩٧٩. ٨- الآشتراکی: ئۆرگانی پارتی سۆسیالیستی کورد- سوریا لە ساڵی ١٩٧٨.

٣- قۆناغی ساڵانی ١٩٨٠.

٤- قۆناغی ساڵانی ١٩٩٠.

---

٣٠ . مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی لە سوریا- لوبنان لە ساڵی ١٩٣٢- ٢٠١٢، کۆنی ڕەش، وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەرێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن لە پارێزگای دهۆک، ٢٠١٣. ل٤٩،ل٥٢. ل٥٢.ل٦٦.

٣١ . گۆڤاری هاوار١٩٣٢- ١٩٤٣، (٥٧ )ژمارەی لێ دەر چووە، دەزگای چاپەمەنی نوودەم، ستۆکهۆلم ١٩٩٨، ئامادەکردنی: فورات گەڤەری، بەرگی یەکەم ژمارە: ١- ٢٣، ١٩٣٢- ١٩٣٣، بەرگی دووەم، ژمارە ٢٤- ٥٧، ١٩٣٤- ١٩٤٣.

٣٢ . گۆڤار ڕۆناهی، میر جەلادەت،١٩٤٢- ١٩٤٥: (٢٨) ژمارە، کۆمەڵەی کاوە بۆ کولتووری کوردی، پرۆژەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کەلەپووری بەدرخانییەکان، هەولێر- کوردستان، ٢٠٠١ چاپی یەکەم، چاپخانەی پەروەردە.



دکتۆر کامەران بەدرخان



Sal 1 — Hejmar 1

Duşemb 3 Gulan 1943

# ROJA NÛ

Kiriyariya Roja Nû; ji bona erdên Sûriye û Libnanê; 10 lîreyên Sûrî; ji bona welatên din 2 lîreyên ingilîzî. Bihayê Hejmarekê: 10 Qemerî.

Dîwan û gerînendekariya Rojnamê: Bêrût-Birc; We. qif Tabet, Telefona Dîwanê: 74-05; Telefona Mala Xwediyê Roja Nû: 84-41. Edresa telg: Bêrût-Rojanê.

XWEDÎ Û GERÎNENDE: MÎR Dr. KAMIRAN ALÎ BEDIR-XAN

## MERHELE

## FRENSA U CIVATA MILETAN

## BOMBARDIMANA ESSENÊ


## CIHABA BRITANYA MEZIN

## Ordiya azahi û serbestiyê

DURIK

KIRIN Û GOTIN


گۆڤاری ڕۆژا نو – دکتۆر کامەران بەدرخان – بیروت



ژماره — ١

ژان — کرمانجی

١٧



سال ١ — بکشب

# هاوار

هژمار ١ — ١٥ گلاون ١٩٣٢

کوملا کردي

تیده خستیین کومه‌لی

آرمانج ، آوایی خبات وتفیساندنا هاواري

الفبای کردی — فارسي

کردجه الفبا — ترکی


هدفنا و خطتنا — عربي

الاحرف المجائية الكردية — عربي


١٣٥١ ﻫ · مطبعة الترقي بدمشق · ١٩٣٢ م




میر جەلادەت بەدرخان



کرد تعاون وتەرقی غەزەتەسی



گۆڤاری ڕۆژی کورد


چاپخانەی حوسێن حوزنی موکریانی/ لەوالی دکتۆرە کوردستان وەرگیراوە



گۆڤاری زاری کرمانجی



ڕۆژنامەی ریا تازە

# بەشی دووەم

## بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەری کوردی

## (١٩٥٩- ٢٠١٢)

### ١٩٥٩




**١ - بەیان – سلێمانی– باشووری کوردستان- ١٩٥٩:**

گۆڤاری بەیان لەناوەوەی بەرگی یەکەم واپێناسەکراوە: گۆڤارێکە تەرخانکراوە بۆ خزمەتی ئاشتی و ئەدەب، جارێ مانگی جارێک دەرئەچێ.

زمان: کوردی ناوەڕاست و عەرەبی، ڕێنووسی ئارامی.

لە چاپخانەی- ژین- لە شاری سلێمانی چاپکراوە، نرخ (٨٠) فلس بووە.

١ – ژمارە (چوار- ٤) بەرگی (دوو) لەمانگی ئایاری (١٩٥٩) بە (٨٠) لاپەڕە دەرچووە. قەبارەی نزیکە لە (A5).

لە بەرگی ناوەو وێنەی مەشخەڵێکی ئاگر هەیە. لە دووا لاپەڕە بەزمانی عەرەبی نووسراوە: الشفق- ١-٦-١٩٥٩، العدد (٤) متصرف للواء کرکوک، (١٠٠).




**٢ - بڵێسە – سلێمانی- باشووری کوردستان- ١٩٥٩:**

گۆڤاری بڵێسە گۆڤارێکی ئەدەبی وزانیاری وکۆمەلایەتی کوردیی بووە، مانگی جارێک دەرئەچوو، زمان کوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامی، لەلایەن نەقابەی مامۆستایانی شاری سلێمانی. قەبارەی لە (A5) گەورەترە. لە چاپخانەی ژین چاپکراوە، ئابوونەی ساڵانە بەناوی مامۆستا – فرج محمد ساڵح – ئەنێررێت. ناونیشانی گۆڤار: سلێمانی نەقابەی مامۆستایان – گۆڤاری بڵیسە. نرخ (١٠٠) فلس،(١٠٠).

١ – ژمارە (یەک-١ ) ساڵی (یەک -١) لە مانگی ئۆگستی- ساڵی (١٩٥٩) بە (٨٠) لاپەڕە دەرچووە.

٢ – ژمارە (دوو- ٢) ساڵی (١) لە مانگی ئەیلولی- ساڵی (١٩٥٩) بە (٨٢ ) لاپەڕە دەرچووە.

٣ – ژمارە (سێ - ٣) ساڵی (١) لە مانگی تشرینی یەکەمی- ساڵی (١٩٥٩) بە (٨٢ ) لاپەڕە دەرچووە.

٤ – ژمارە (چوار- ٤) ساڵی (١) لەمانگی تشرینی دووەمی – ساڵی (١٩٥٩) بە (٨٠) لاپەڕە دەرچووە.

٥ – ژمارە (شەش- ٦) ساڵی (١) لەمانگی کانوونی دووەمی- ساڵی (١٩٦٠) بە (٨٠) لاپەڕە دەرچووە.

٦ – ژمارە (حەفت- ٧) ساڵی (١) لە مانگی شوباتی (١٩٦٠) بە (٨٠) لاپەڕە دەرچووە.

لەم ژمارەیەدا ڕاگەیاندنێک بۆ گۆڤاری (جووتیاری نوێ) بڵاوکراوەتەوە، نووسراوە: گۆڤارێکی زانیارییە لەلایەن قوتابییانی قوتابخانەی کشتوکاڵی پیشەیی لە بەکرەجۆ دەردەچێت بە زمانی کوردی وعەرەبی.


٧ – ژمارە (هەشت - ٨) ساڵی (١) لەمانگی مارتی (١٩٦٠) بە (٨٠) لاپەڕە دەرچووە.

٨- ژمارە (نۆ- ٩) ساڵی (١) لەمانگی نیسانی (١٩٦٠) بە (٨٠) لاپەڕە دەرچووە.

٩ – ژمارە (١٠) ساڵی (١) لەمانگی مایسی (١٩٦٠) بە (٨٠) لاپەرە دەرچووە.

لەم ژمارەیەدا نامەیەکی متصرفی لیوای سلێمانی- حامد الوسی – هەیە.

سەرچاوە: ئەرشیفی تایبەتی مامۆستا نەسرەدین کەریم مامەر منتک.




## ٣ - دەنگی قوتابیان- بەغداد – عێراق – ١٩٥٩:

گۆڤاری دەنگی قوتابییان، دەنگی قوتابییانی کوردستان بوو.

لەسەر بەرگی ژمارە یەکدا درووشمی: لە پێناو ژیانێکی دانشگایی ئازاد لە پێناوی دوا ڕۆژێکی باشتر. نووسراوە. قەبارەکەی لە (4A) بچوکترە. بەزمانی کوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامی، دەرچووە.

١ – ژمارە (یەک - ١) ساڵی (یەک-١) لەمانگی مایسی ساڵی (١٩٥٩) بە (٣٩) لاپەڕە دەرچووە. لە چاپخانەی شەفیق

چاپکراوە، نرخی -٥٠- فلس بووە.

ناونیشان: بەغدا وەزیریە نیشتەجێی یەکێتی گشتی قوتابیانی جمهوریەتی عێراق.

نووسراوە: یەکێتی گشتی قوتابیانی جمهوریەتی عێراق دەریدەکات.

٢ – ژمارە (سێ- ٣) ساڵی (دوو-٢) لەمانگی مارتی ساڵی (١٩٦٠) بە (٥٠) لاپەڕە دەرچووە، لە چاپخانەی نجوم چاپکراوە. ژمارەی تایبەت بووە بە بۆنەی جەژنی نەورۆز.

نووسراوە: لێژنەی کاروباری قوتابییانی کوردستان دەریدەکات،




**٤ – ژیان- هەولێر- باشووری کوردستان- ١٩٥٩:**

گۆڤارێکی ویژەیی کۆمەڵایەتی قوتابیان بووە، یەکێتی قوتابییانی گشتی لەهەولێر دەریاندەکرد، بەزمانی کوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامی.

١- ژمارە (یەک-١) ساڵی (یەک-١) لە ساڵی (١٩٥٩) بە (٤٠) لاپەڕە دەرچووە. قەبارەکەی بچوکترە لە (4A)، (١٠٠) .

**٥ – هیوا- بەغداد- عێراق- ١٩٥٩:**

گۆڤارێکی ئەدەبی زانستی مانگانە بووە، لەلایەن یانەی سەرکەوتنی کوردان لەبەغدا دەرچووە. بە زمانی کوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامی.




خاوەنی ئیمتیاز: یانەی سەرکەوتن

مودیری مسئوول: دکتۆر هاشم دۆغرەمەچی

ناونیشان: بەغدا- شەقامی زەهاوی، یانەی سەرکەوتنی کوردان.

لە پۆستەخانە تۆمار کراوە بەژمارەی (٤٩). قەبارەی لە (4A) بچوکترە.

پارەی ئابوونە بۆ ئەم ناونیشانە نێردراوە: بغداد وزارەتی الآصلاح الزراعی- المفتش العام الآستاذ مکرم تالەبانی.

باوەڕ پێکراوانی گۆڤاری هیوا لە :

١ — بغدا، مامۆستا بەشیر موشیر حەیدەرخانە.

٢ — سلێمانی، ڕؤوف معروف نامەخانەی گەلاوێژ. محمد عارف معروف نامەخانەی زیوەر. محمد ڕەسوڵ نامەخانەی ئازاد.

٣ — موصل، سید عەلی مکتبە ئەمین ، شارع النجفی.

٤ — کەرکوک ، عمر بێکەس نامەخانەی کوردستان، شەقامی سیروان.

٥ — هەولێر ، قادر ئەحمەد خۆشناو نامەخانەی شۆڕش.

٦ — شەقڵاوە، نامەخانەی یەکێتی. نامەخانەی سەربەستی.

٧ — کۆیە، نامەخانەی کوردستان.

٨ — ڕانیە، عزیز سدیق کۆگای بیتوێن.

٩ — قەڵادزە، نورەالدین مەلا سابیر.

١٠ — ڕەواندز، عەلی عبدالله نامەخانەی رەواندز.

١١- خانەقین، حبیب نەورۆز نامەخانەی سیروان.

١٢ — زاخۆ، محمود حاجی احمد مکتب التحریر.

١٣ — هەڵەبجە، سید حسێن سید ئەمین.

١٤ — چەمچەماڵ، ڕەحیم ڕەزا کۆگای کاوە.

١ — ژمارە (٩- ١٠) ژمارەی جمکن بەیەکەوە، ساڵی (دوو- ٢) مانگەکانی (نیسان و مایسی- ١٩٥٩ — بانە مەڕو جۆزەردانی ساڵی٢٥٧١ی کوردی) بە (٨٩) لاپەڕە دەرچووە، لە چاپخانەی شفیق لە بەغدا چاپکراوە. نرخی بە (١٥٠) فلس بووە.

٢ — ژمارە (٣٢) ساڵی (چوار- ٤) لەمانگی نیسانی ساڵی (١٩٦١) بە (٨٠ ) لاپەڕە دەرچووە. لە چاپخانەی نجوم چاپکراوە، نرخی بە (١٠٠) فلس بووە. لە دوا لاپەڕەدا نامەیەک، بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا- لقی یەکێتی شورەویی، بۆ گۆڤاری هیوایان ناردووە، (١٠٠).

سەرچاوە: ئەرشیفی تایبەتی مامۆستا نەسرەدین کەریم مامەر منتک.

## ١٩٦٠

### ٦- ڕۆژی نوێ- سلێمانی- باشووری کوردستان- ١٩٦٠:



گۆڤارێکی ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵیەتیی مانگانەیە.

لەچاپخانەی کامەران لەسلێمانی چاپکراوە. نرخی بە (فلس) بووە. بە زمانی کوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامی،دەرچووە.

١ – ژمارە (چوار- ٤) ساڵی (یەک- ١) لەمانگی تموزی ساڵی (١٩٦٠) بە (٨٠) لاپەڕە دەرچووە، قەبارەی لە(A٤) بچوکترە. نامەیەکی مامۆستا ئەنوەر حافز مائی بڵاو کراوەتە لە ڕێککەوتی – ١٧-٥- ١٩٦٠، بۆ گۆڤاری ڕۆژی نویی ناردووە. لەسەر لاپەڕەی یەکەم بەشی سەرەوە لای چەپ بە قەلەمی سۆر نووسراوە: سلێمانی – ١-٢- ١٩٦٨ ، ناوی نەسرەدین کەریم بەختم نووسراوە.

٢ – ژمارە (یەک- ١) ساڵی (٢) لەمانگی مارتی ساڵی(١٩٦١) بە (١١٢) لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە. لە دوا لاپەرە نووسراوە: ڕۆژی نوێ ژمارە ١ ساڵی ٢. ١-٤-١٩٦١.

٣ – ژمارە ( چوار- ٤) ساڵی (٢) لەمانگی تەموزی ساڵی (١٩٦١) بە (١١٢) لاپەڕە دەرچووە. بابەتی ئەم نووسەرانە هەیە: ئیسماعیل حقی شاوێس- کەریم زەند- محمد مستەفا کوردی- ڕۆژ- شێخ مستەفا- شوان- باخەوان- شاکر فتاح- کوردێکی ئاوارە- چوارچرا- محمد نوری تۆفیق- ا،ت- سوارە- قانع- باوکی میدیا.


٤ – ژمارە(پێنج- ٥) ساڵی(٢) لەمانگی ئابی ساڵی (١٩٦١) بە (١٠٤) لاپەڕە دەرچووە، مێژووی (١- ٨-١٩٦١).

٥ – ژمارە (شەش - ٦) ساڵی (٢) لەمانگی ئەیلوولی ساڵی (١٩٦١) بە (١٠٩) لاپەڕە دەرچووە.

٦ – ژمارە (١٠) ساڵی (٢) لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٦٢) بە (٨٤) لاپەڕە دەرچووە. (١٠٠).

## ١٩٦١

### ٧ – ڕوناهی – بەغدا- عێراق- ١٩٦١:




گۆڤارەکا ئەدەبی، زانیاری و کۆمەلی یە.

لەسەر بەرگی گۆڤاری ڕوناهی نووسراوە: گۆڤارەکا هەیڤانەیە بۆ بەرزکرنا زانیاریا کوردی. بە زمانی کوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامی، دەرچووە.

١ – ژمارە (یەک - ١) ساڵی (دوو-٢) لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٦١) بە (٦٤) لاپەڕە دەرچووە، قەبارەی لە (4A) بچوکترە. لە چاپخانەی الوفاء چاپکراوە، نرخی بە (٨٠) فلس بووە.(١٠٠) .

سەرچاوە: ئەرشیفی تایبەتی مامۆستا نەسرەدین کەریم مامەر منتک.

## ١٩٦٢

### ٨– دیجلە – فورات (Dicle - Firat)- تورکیا، ئیستەنبول- ١٩٦٢:



Sahibi ve Yazı işlerini fiilen idare eden EDİP KARAHAN İdarehane : Fatih - Kıztaşı Binaemini sok. No. 18 - İstanbul

DİCLE-FIRAT

Doğan Kılıç Şıhhesenanlı'nın tercüme ettiği Türkiye'de ilk «ÇİN EDEBİYATI ANTOLOJİSİ» ni Dersim yayınevinden isteyiniz. Nuruosmaniye cad. No. 64 Kat 5 — Cağaloğlu

Yıl 1 — Sayı : 1 AYLIK FİKİR GAZETESİ Fiatı : 50 Kuruş

İskenderoğlu Irkçılık Tehlikesini Açıkladı

Niçin Çıkıyoruz?

DOĞU yüzyıllardanberi ihmal edilmiş, bu ihmal neticesinde bir mahrumiyet bölgesi haline gelmiştir. Bu ihmal, Cumhuriyet devrinde de devam etmiştir. Hangi partiye mensup olursa olsun gelmiş geçmiş bütün politikacılar, Doğu halkını ve aydınlarını sindirmek için Doğu'yu, sistemli ve maksatlı olarak Türk ve Dünya efkârına taassup, cehalet ve medeniyet düşmanı bir yer gibi göstermişlerdir. Feodal düzenin artıkları olan ağalık ve şeyhlik müesseseleri sanki yalnız doğuya has bir şeymiş gibi ileri sürülmüş ve bu hususta sistemli bir propağanda yürütül...

Turancıların Doğu Milletvekili Hakkındaki İftiraları Geniş Tepkiler Uyandırdı.

Irkçı ve Turancıların kendilerine âlet etmeye çalıştıkları A.P. adına Mecliste giriştikleri ayırıcı ve kışkırtıcı hareketler ve Doğulu milletvekilleri hakkında söyledikleri esassız ve çirkin sözlerin Doğulu milletvekilleri üzerinde yarattığı menfi tesirler ve bütün partilerde sebebiyet verdiği kaynaşmaları gösteren aşağıdaki satırları 23 Eylül 1962 tarihli Cumhuriyet gazetesinden aynen alıyoruz.

— Bugünkü Meclis müzakereleri sırasında fiyasko ile neticelenen ırkçıların gövde gösterisinin tepkileri şiddetli olmuştur.

Anayasanın ve vatandaşlık kanunu...

Gençler Olayı Protesto Ediyor


DOĞULU BİR GENÇ KADIN

ÇAV PİS

ڕۆژنامەیەکی فیکری مانگانە بوو، بە زمانی کوردی (کوردی باکوور) و تورکی ڕێنووسی لاتینی لە ئیستەنبوڵ دەرچووە. خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر: ئەدیب کاراهان بووە. ژمارەی (یەک) ساڵی یەکەم لە ساڵی (١٩٦٢) دەرچووە. دواژمارەی ژمارە (٨) لە ساڵی (١٩٦٣) دەرچووە. ژمارەکانی (١-٢-٣-٤) ژمارەی لاپەڕەکانی چوار لاپەڕەبووە. ژمارەکانی (٥-٦-٧-٨) ژمارەی لاپەڕەکانی بووەبەهەشت لاپەڕە. سەرجەم ژمارەکانی لەلایەن دەزگای (APEC) لە سوێد لە ساڵی (١٩٩٧) لە بەرگێکدا بە قەبارەی (٣٠X٢١سم - 4A) چاپکراوەتەوە.

## ١٩٦٦

### ٩ – پڕشنگ بەرلین- ئەڵمانیا- ١٩٦٦:



ئـەم گۆڤارەلەسـەر بەرگەکـەی وەهـا ناسـێنراوە: گۆڤارێکـی ویژەیـی- زانسـتی- کۆمەڵایەتییـە، لەلایـەن کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـوردەوە لـە ئەورووپا دەردەچوو. بە زمانی کوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامـی.


١ – ژمارە (یەک) ساڵی (١) لە (حوزەیرانی-١٩٦٦) دەرچووە.

٢ – ژمارە (دوو) لە (ئابی- ١٩٦٧) دەرچووە[٣٣].

هەرچەندە(ئیسماعیل تەنیا)، لەکتێبەکەی (بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ئەڵمانیا) لە لاپەڕە(٤٢) دا دەڵێت: گۆڤاری پڕشنگ (٤) ژمارەی لێ دەرچووە، «د. کەمال فوئاد» سەرپەرشتیاری بووە. بۆزانیاری زیاتر سەیری هەمان سەرچاوە بکە.

## ١٩٦٧

### ١٠– گزنگ – سلێمانی- باشووری کوردستان- ١٩٦٧:



گۆڤارێکی قوتابخانەیی و پەروەردەیی ساڵانەبووە، قوتابخانەی- مەنـاری- سـەرەتایی کـوڕان لەسـلێمانی دەریاندەکـرد. بەهـەردوو زمانی کوردی ناوەڕاست وزمانی عەرەبی بە ڕێنووسی ئارامی.

دەستەی نووسەران:

١ – عبدالکریم محمد باراوی

٢ – عبدالکریم صاڵح زەندی

٣ – محمد صاڵح سعید

٤ – عبدلقادر مەلا عمر

٥ – عبدالمجید محمد کەریم

٣٣. عەبدولموئمین دەشتی: ڕۆلی خوێندکارانی کورد لە دەرەوە لە حەفتاکان وهەشتاکان- سیمیناری ڕۆژی ٢٠٠٩/٤/١٨ (یادی (١١١ ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی- ئەڵمانیا- هانۆڤەر)- ئەرشیف.

٦ – عبدالسمیع ئەحمەد

١ – ژمارە (یەک- ١) ساڵی (یەکەم) ساڵی (١٩٦٧)، (٤٨) لاپەڕە ی بەزمانی کوردییە (١٨) لاپەرەشی بە زمانی عەرەبی دەرچووە، قەبارەکەی لە (4A) بچوکترە.

لەچاپخانەی کامەران لە شاری سلێمانی چاپکراوە، ژمارەی تیلفۆن(٦٠٨). لە بەشی کوردی لاپەڕەی یەکەم ، سەرەوە لای چەپ نووسراوە: لەپەرتووکەکانی نەسرەدین نانەوا(منتک) ٥-٥-١٩٦٧.

## ١٩٦٨

### ١١– چیا- سلێمانی- باشووری کوردستان- ١٩٦٨:




گۆڤاریکی قوتابخانەیی و پەروەردەیی ساڵانە بووە، قوتابخانەی سەرەتایی – مەناری – کوڕان دەریاندەهێنا. قەبارەی لە (4A) بچوکترە نزیکە لە قەبارەی کتێب. لە چاپخانەی کامەران لە سلێمانی چاپکراوە، نرخی بە (١٤٠) فلس، وە بۆ قوتابییان بە (١٢٠) فلس بووە.

١ – ژمارە (دوو- ٢) ساڵی دووەم، لە ڕێککەوتی (٤-٤-١٩٦٨) لە چاپخانە تەواو بووە. بە (٧٢) لاپەڕە،(٤٧ لاپەڕەی بەزمانی کوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامی، ٢٥ لاپەڕەشی بەزمانی عەرەبی ڕێنووسی ئارامی) بووە.

ئەو ژمارەیە لە لاپەڕەی یەکەم، لە بەشی سەرەوە لای چەپ نووسراوە: پەرتوکەکانی نەسرەدین نانەوا(منتک)، هەولێر- ٥-٥- ١٩٦٨.

دەستەی نووسەران :

١ - عبدالکریم شێخ ئەحمەد – بەڕێوەبەری قوتابخانە

٢ – محمد ساڵح سعید- یاریدەدەر


٣ – عبدالمجید محمد کەریم – مامۆستای زمانی کوردی

٤ – جمال نوری محی الدین – مامۆستای زمانی عەرەبی

٥ – محمد غەریب ڕؤوف ڕەشید- زانیاری.

سەرچاوە: ئەرشیفی تایبەتی مامۆستا نەسرەدین کەریم مامەر منتک.

## ١٢– سلێمانی – سلێمانی- باشووری کوردستان- ١٩٦٨:




بڵاوکراوەی شارەوانی سلێمانی بوو مانگی جارێک دەردەچوو. ، کەمترین ژمارەی لاپەڕەکان بەزمانی عەرەبی بووە. بە قەبارەی لە(4A) بچوکترە. بەزمانی کوردی ناوەڕاست، ڕێنووسی ئارامی.

دەستەی نووسەران:

١ – جەمال بابان- سەرەکی نووسەران- سەرۆکی شارەوانی

٢ – محمد مستەفا کوردی- بەڕێوەبەری لێ بەرپرسیار

٣ – محرم محمد ئەمین- سکرتێری نووسین

٤- جەمال شاڵی – ئەندام

٥ – نوری وەشتی- ئەندام

١ – ژمارە (یەک -١ ) لەمانگی تەمووزی ساڵی (١٩٦٨) بە (١٦) لاپەڕەیی بەهەردوو زمانی کوردی و زمانی عەرەبی دەرچووە. لە چاپخانەی ژین چاپکراوە. نرخی بە (٢٠) فلس بووە.

٢ – ژمارە (٢) لەمانگی ئابی ساڵی (١٩٦٨) بە (٤٧) لاپەڕە و چەند لاپەرەیەکی بەزمانی عەرەبیی دەرچووە. لە چاپخانەی ژین چاپکراوە. نرخی بە (٥٠) فلس بووە.

٣ – ژمارە (٣) ساڵی (یەک- ١) لەمانگی ئابی ساڵی (١٩٦٨) بە (٤٨) لاپەڕە دەرچووە. لەم ژمارەیەدا لە دەستەی نووسەران بەڕێز محمود زیوەر زیادکراوە. لە چاپخانەی ژین چاپکراوە، نرخی بە (٥٠) فلس بووە.

٤ – ژمارە (٤) ساڵی (١) لەمانگی ئەیلوولی ساڵی (١٩٦٨) بە (٤٨) لاپەڕە دەرچووە، لە چاپخانەی ژین چاپکراوە. لەم ژمارەیەدا خشتەی حوکمڕانی میرانی بابانەکان بڵاوکراوەتەوە.

٥ – ژمارە (٦) ساڵی (١) لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٦٨) بە (٤٤) لاپەڕە دەرچووە، لەچاپخانەی ژین چاپکراوە.

٦ – ژمارە (٧) ساڵی (١) کانوونی یەکەم ساڵی (١٩٦٨) بە (٤٨) لاپەڕە دەرچووە، لە چاپخانەی ژین چاپکراوە.

٧ – ژمارە (٨) ساڵی (١) لەمانگی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٦٩) بە (٤٨) لاپەڕە دەرچووە، لەچاپخانەی ژین چاپکراوە.

٨ – ژمارە (٩) ساڵی (١) لەمانگی شوباتی ساڵی (١٩٦٩) بە (٦٤) لاپەڕە دەرچووە، لەچاپخانەی ژین چاپکراوە. نرخی بە (٧٠) فلس بووە.

٩ – ژمارە (١٠) ساڵی (١) لەمانگی نیسانی ساڵی (١٩٦٩) بە (٦٤) لاپەڕە دەرچووە. لە چاپخانەی ژین چاپكراوە.

١٠ – ژمارە (١١) ساڵی (١) لەمانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩٦٩) بە (٦٤) لاپەڕە دەرچووە. لە چاپخانەی ڕاپەرین چاپكراوە ژمارەی تەلیفۆن- ٢٠٩- .

١١- ژمارە (١٢) ساڵی (١) لەمانگی تەمووزی ساڵی (١٩٦٩) بە (٦٤) لاپەڕە دەرچووە، چەندلاپەڕەیەكی لەدواوە بەزمانی عەرەبییە، لەچاپخانەی ڕاپەڕین سلێمانی چاپكراوە.

١٢ – ژمارە (٣) ساڵی (٢) لەمانگی شوباتی ساڵی (١٩٧٠) بە (٦٤) لاپەڕە دەرچووە. لەچاپخانەی ڕاپەرین لە شەقامی كاوە، شاری سلێمانی چاپكراوە.

## ١٩٦٩

### ١٣– ڕووناكی – بەغداد- عێراق- ١٩٦٩:




ڕۆژنامەیەكی سیاسی ڕۆژانە بووە، خاوەنی ئیمتیاز: حلمی عەلی شەریف. سەرنووسەر: پارێزەر عمر مستەفا. بەزمانی كوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامی، دەرچووە.

١ – ژمارە (٢٩٠) ڕۆژی هەینی لەڕێككەوتی(٣ی مانگی تشرینی یەكەمی ساڵی ١٩٦٩) بە (٥٠) لاپەڕە دەرچووە، قەبارەكەی بەپێوانەی(4A) دەبێت. نرخی بە (٧٥٠) فلس بووە.

سەرچاوە: ئەرشیفی تایبەتی مامۆستا نەسرەدین كەریم مامەر منتك .

### ١٤– ڕزگاری- سلێمانی- باشووری كوردستان- ١٩٦٩:

گۆڤارێكی هەفتانەی گشتی بووە لەشاری سلێمانی دەردەچوو. بەزمانی كوردی ناوەڕاست(ڕێنووسی ئارامی)، ڕاگەیاندنی بەزمانی عەرەبی بلاوكردۆتەوە.


خاوەنی ئیمتیاز: نەوشیروان مستەفا ئەمین.

سەرنووسەر: شازاد سائیب

بە گشتی -١٥ - ژمارەی لێدەرچووە، سەرەتا نیوەی ژمارەکانی لەچاپخانەی دار الجاحظ لەبەغدا چاپکراوە، باقی ژمارەکانی تر لە چاپخانەی ژینی شاری سلێمانی چاپکراوە، ئابوونە بۆ ساڵێک سێ دینارو نیو، بۆ شەش مانگ دینارێک وحەوت سەدو پەنجا فلس بووە، نرخی بە (٧٠) فلس بووە، لەژمارەی (١٤و١٥) کەلە یەک بەرگدا دەرچوون نرخی کراوە بە (١٠٠) فلس.

لەژمارەکاندا بەم جۆرە پێناسی گۆڤاری ڕزگاری کراوە:

* ڕزگاری بڵاوکەرەوەی بیروباوەڕی جەنگاوەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی یە لە پێناوی نەهێشتنی ئازاردانی نەتەوایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتیدا.




* ڕزگاری گۆڤاری کرێکاران وجوتیاران وڕەوشەن بیرانی شۆڕشگێڕە .

* ڕزگاری گۆڤاری تێکۆشەرانی ڕێگەی ڕزگاری ودیموکراسی وسۆشیالیزمە.

ژمارەی لاپەڕەکانی لەنێوان(٥٠- ٣٤- ٦٦) لاپەڕەدا بووە قەبارەکەی نزیکەی بە پێوانەی (4A) بووە.

١ – ژمارە (یەک - ١) ساڵی یەکەم ، ڕۆژی یەک شەم، لە (٢٠ ی نیسانی ساڵی ١٩٦٩) دەرچووە.

٢ – ژمارە (٢) ساڵی یەکەم، یەک شەم، لە ( ٢٧ ی نیسانی ساڵی ١٩٦٩) دەرچووە.

٣ – ژمارە (٣) ساڵی یەکەم، یەک شەم، لە (٤ ی ئایاری ساڵی ١٩٦٩) دەرچووە.

٤ – ژمارە (٤) ساڵی یەکەم، یەک شەم، لە (١٨ ی ئایاری ساڵی ١٩٦٩) دەرچووە.

٥ – ژمارە (٥) ساڵی یەکەم، یەک شەم، لە (٢٢ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٩) دەرچووە.

٦ – ژمارە (٦ ) ساڵی یەکەم، یەک شەم، لە (١٨ ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٩) دەرچووە.

٧ – ژمارە (٧) ساڵی یەکەم، یەک شەم، لە (٢١ ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٩) دەرچووە.

٨ – ژمارە (٨) ساڵی یەکەم، یەک شەم، لە (٧ ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٩) دەرچووە.

٩ – ژمارە (٩) ساڵی یەکەم، یەک شەم، لە (٢١ ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٩) دەرچووە.

١٠ – ژمارە (١٠) لە (٣١ ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٩) دەرچووە.

١١ – ژمارە (١١) لە (١٤ ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٠ ) دەرچووە.

١٢ – ژمارە (١٢) لە (٧ ی شوباتی ساڵی ١٩٧٠ ) دەرچووە.


١٣ – ژمارە (١٣) لە (٢٤ ی شوباتی ساڵی ١٩٧٠) دەرچووە.

١٤ – ژمارەکانی (١٤و١٥) جمکن لەیەک بەرگدان، لە (٢٧ ی مارتی ساڵی ١٩٧٠) بە (٦٦) لاپەڕە دەرچوون، ئەم ژمارەیە تایبەتە بە چیرۆک.

سەرچاوە: ئەرشیفی تایبەتی مامۆستا نەسرەدین کەریم مامەر منتک.

## ١٩٧٠

### ١٥– تیشک – هەولێر باشووری کوردستان- ١٩٧٠:




گۆڤارێکی پەروەردەیی ساڵانە بووە، قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی کوڕان لەهەولێر دەریان دەکرد، بەزمانی کوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامی.

دەستەی نووسەران:

١ - مامۆستا مجید ئاسنگەر بەڕێوەبەری قوتابخانە

٢ – حەمەکەریم ڕەمەزان هەورامی مامۆستای پەروەردەی زانستی هوڵمان

٣ – فاتیح محمد مامۆستای زمانی کوردی

٤ – نوری ئیسماعیل نانەکەلی سکرتێری لێژنەکان

١ – ژمارە (دوو- ٢) ساڵی دووەم لە ڕێککەوتی (١٢- ٤- ١٩٧٠) لە چاپخانەی کوردستان (١٥٠٠) دانەی لێ چاپکراوە ، بە (٦٤) لاپەڕەو قەبارەی کەی لە (4A) بچوکترە و نرخی بە (٧٥) فلس بووە.

بابەتێکی مامۆستا گیوی موکریانی تێدایە سەبارەت بە مێژووی دامەزراندن چاپخانەی کوردستان هەر لە هێنانی مامۆستا داماو حسێن حوزنی موکریانی لە ئەڵمانیاوە بۆ حەلەب و تا ڕواندوزو دواوێستگەی لەهەولێر، ئەوەی جێی تێرامانە، لەم نووسینەدا نووسراوە ساڵی (١٩٢١) چاپخانەکە لە حەلەبەوە گوێزراوەتەوە بۆ ڕەواندوز.


بابەتێکی شەهید جەمیل ڕەنجبەری تێدایە بەنێوی : لەپێناو ئەدەبێکی پێشکەوتوودا.

ئەرشیفی نەسرەدین کەریم مامەر منتک لە ڕێککەوتی (١٠- ٦- ٢٠١٥) سەردانی مالەوەیانم کرد.

### ١٦ – چیا هەولێر باشووری کوردستان- ١٩٧٠:

گۆڤارێک بوو بۆ بابەتی ئەدەبی و لێکۆلینەوەیی وزانیاری لە هەولێر دەرچووە.

بە ڕێکخستنی: بەدرخان سندی




١ – ژمارە (ئێک- ١) سالا(١) لە مانگی (١١ی- ١٩٧٠) بە (٢٤) لاپەڕەو وەقەبارەی بە پێوانەی (5A) بەزمانی کوردی ناوەڕاست، شێوەزاری بادینی و سۆرانی بە (ڕێنووسی ئارامی ) دەرچووە.

لە چاپخانەی شارەوانی کەرکوک بە (١٠٠٠) دانە لە مانگی – ١١ی- ١٩٧٠، چاپکراوە.

لەسەر گۆڤارەکە نووسراوە: بنڤیسە، چیرۆک، شعر، ڤەکولین، زانیاری


بهنێرە....... بۆ

بەدرخان سندی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی – هەولێر.

سوپاسنامە: ئەز سوپاسیا کاک سعید خطاط دکەم ژ بو پێک ئینانو و دروست کرنا نەخش و وێنێت ڤی گۆڤاری.

سەرچاوە: ئەرشیفی تایبەتی مامۆستا نەسرەدین کەریم مامەر منتک.

**١٧– زانیاری – بغداد- عێراق ١٩٧٠:**




گۆڤارێکی زانستی گشتی بووە، لەبەغدا بەزمانی کوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامی دەرچووە.

١ – ژمارە (یەک- ١) ساڵی (١) لەمانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩٧٠) ، سەرماوەزی (٢٦٧٠) ی کوردی بە (١٤٠) لاپەڕە دەرچووە بەزمانی کوردی و ناوەرۆکی بەزمانی ئینگلیزی.

خاوەنی ئیمتیاز: د. عزیز ئەمین و تەلعەت نادر

سکرتێری نووسین: د. ساماڵ مجید فەرەج

دەستەی نووسەران: د. جوامێر مجید- د. دارا ڕەشید جەودەت- د. سەڵاح حفید- د. تاریق عماری


محاسب: محمد ڕەسوڵ هاوار

لە چاپخانەی معارف چاپکراوە، نرخی بە (١٥٠) فلس بووە.

ناونیشان: بغداد- کرادە- مجلە زانیاری- ساحە فتح- عمارە مبدر جاسم.

٢ – ژمارە (٢) ساڵی (١) لەمانگی شوباتی ساڵی (١٩٧١) بە (١٢٢) لاپەڕە دەرچووە. لەچاپخانەی دار السلام چاپکراوە، لەسەر لاپەڕەی یەکەم لەسەرەوە لای چەپ نووسراوە: نەسرەدین منتک- هەولێر(١٦-٢-١٩٧١).

**١٨– نۆبەرە – بەغداد– عێراق- ١٩٧٠:**




کۆمەڵە وتارو چیرۆک وهۆنراوەیە، لە دووتۆی بەرگێکدا قوتابیانی بەشی کوردی کۆلیژی ئەدەبیاتی دانشگای بەغدا دەریان کردووە. بە زمانی کوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامی.

١ – زنجیرە (١) ساڵی (١٩٧٠) بە (٦٤) لاپەڕەو بە پێوانەی بچوکتر لە (4A) دەرچووە.

لەچاپخانەی (العربیە) لەبەغدا بە (٢٠٠٠) دانە لە ڕێککەوتی (٣٠- ١٢- ١٩٧٠) تەواو بووە.

بابەتی نووسەران: فریاد فازیل زەنگنە، دڵشاد مەریوانی،شوکریە ڕەسوڵ، ئەحمەد هیرانی دوو بابەت، جەوهەر تایەر، عبدالقادر ڕانیەیی دوو بابەت، محمد بەرزنجی، ئەنوەر جاف سێ بابەت، سامی شۆڕش، ڕەشید عمر، سروور عەبدول جەبار، وریا عمر، ئەرسەلان بایز، جەوهەر جەباری.

سەرچاوە: ئەرشیفی تایبەتی مامۆستا نەسرەدین کەریم مامەر منتک.

**١٩– هەولێر— هەولێر– باشووری کوردستان١٩٧٠:**

گۆڤارێکی مانگانەیی شارەوانی هەولێر مانگی جارێک دەریان دەکرد. بە زمانی کوردی ناوەڕاست و زمانی عەرەبی ڕێنووسی ئارامی.

بەپێی بڕیاری پارێزگاری هەولێر ژمارە (٣٧- ٣٢٦١) لە ڕۆژی (٢٤- ٣- ١٩٧٠) ماوەی دەرچوونی گۆڤاری هەولێر دراوە.

لە چەند چاپخانەیەک چاپکراوە کۆی چاپی گۆڤارەکە لە نێوان (١٠٠٠تا ٢٠٠٠) دانە چاپکراوە،




بەپێی ژمارەکان ئاماژەی پێدەدەین. نرخی لەسەرەتا(٧٠، دواتر ٧٥، دواجار ١٠٠) فلس بووە. قەبارەی (٢٢*١٦) سم. ژمارە هەیە یەک سم بچوکترە.

بابەتی گۆڤار هەردوو ژانرەکانی ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی لەخۆگرتووە : چیرۆک، شیعر، کۆمەلایەتی، گۆشە بابەتی تەنز ، دیدار ڕاپۆرت، هەواڵ، ڕاگەیاندن، وێنە.

لەڕووی هونەری ڕۆژنامەوانییەوە تا ڕادەیەک لاوازە، بەپێی و توانای کادرو چاپی ئەوکاتی کوردە. یانی هەژاری لەڕووی زانیاری ودارایییەوە پێوە دیارە. پر بەپێستی هونەرەکانی ڕۆژنامەوانی ستاندار نییە. لەگەل ئەوەشدا بۆ ئەوسەردەمی ڕۆل وکاریگەری خۆی هەبووە.

نووسەرو خودان قەلەمەدیارەکانی ئەوکاتی هەولێرو کوردستان بابەتیان بلاوکردۆتەوەوک بەڕیزان: محمد مەولود مەم، عبداللە پەشێو، شەهید جەمیل ڕەنجبەر، پیربال محمود، عەلی فتاح دزەیی، مغدید سۆران، ممتاز حیدەری، عبدالخالق سەرسام، بلال عزیز، ئەندازیار مجید عمر، مارڕف خەزنەدار.... عبدالغنی عەلی یحی، شێرکۆ بێکەس، مام هەژار....هتد.

ژنانی کوردیش بەبلاوکردنەوەی بابەتەکانیان لەچەند ژمارەیەکدا بەشداریانکردووە بەڕیزان : گەلاویژ شەفیع- جەمیلە ئیبراهیم- د. کوردستان موکریانی. دایکی سۆران، سولتانە عبدالوەهاب. دیداری مریەم عزیز فتاح. سامییە چاوشلی.

بەرگی گۆڤار لەژمارە یەک تا ژمارە دووی سالی دووەم لەلایەن - هونەر مەند سلیمان شاکر- بەرگی گۆڤارەکەی کێشراوە بە: وێنەی قەلاومنارەی هەولێر، چیا، گولەگەنم وگەلای دار، بە ئینگلیزی و کوردی نووسراوە هەولێر.

لەژمارە کانی دواتر - خۆشنووس زادە- وێنەی بەرگی گۆڤارەکەی کێشاوە بە کێشانی هێلێکی ڕەشی پان لەسەرەوە بۆ خوارەوە، نووسینی ناوی هەولێر لەبەشی سەرەوەی هێلەکە، لەخوارتر لەنێو بازنەیەکدا نووسراوە گۆڤارێکی مانگانەیە شارەوانی هەولێر دەریدەکات، لەخوارەوە لای چەپ ژمارەومێژووی دەرچوونی نووسراوە.

ناونیشان: هەولێر- شارەوانی هەولێر- ژمارەی تەلیفۆن- ٦- .

ستافی گۆڤار لە ژمارەکانی (١-٢-٣) ئەم بەڕێزانەن:

١ – بەڕێوەبەری گۆڤار - سعدی حمدئەمین دزەیی.

٢ – سەرنووسەر- محمد مەولود مەم.

١ – ژمارە (یەک- ١) ساڵی (یەک- ١) لەمانگی مایسی ساڵی (١٩٧٠) بە (٦٤) لاپەڕە دەرچووە، (٥٣) بەزمانی کوردی و(١٣) لاپەڕەی بەزمانی عەرەبییە.

چاپخانەی شارەوانی کەرکوک- ٢٠٠٠ دانە، ١-٦- ١٩٧٠.

٢ – ژمارەکانی (٢-٣ ی جمکن) بەیەکەوە لەیەک بەرگدان، ساڵی (١) بۆ هەردوو مانگی حوزەیران وتەموزی ساڵی (١٩٧٠) بە (١٢٠) لاپەڕە دەرچووە، (١٠١) لاپەڕەی بەزمانی کوردی و(١٩) لاپەڕەی بەزمانی عەرەبی.

چاپخانەی شارەوانی کەرکوک- ٢٠٠٠ دانە – ٢١--- ١٩٧٠.

٣ – ژمارەکانی (٤ - ٥ ی جمکن) بەیەکەوە لەیەک بەرگدان، ساڵی (١) بۆ هەردوو مانگەکانی کانوونی دووەم و شوباتی ساڵی (١٩٧١) بە (٩٦) لاپەڕە دەرچووە، (٨٠) لاپەڕەی بەزمانی کوردیی و(١٦) لاپەڕەی بەزمانی عەرەبییە.

سەرۆکی نووسین: محمد مەولود مەم.

چاپخانەی شارەوانی کەرکوک- ٢٠٠٠ دانە- ٣- ١٩٧١.

٤ – ژمارە (٦) ساڵی (١) لەمانگی نەورۆزی (١٩٧١) بە (٧٢) لاپەڕە بەزمانی کوردی دەرچووە، ژمارەی تایبەتە بە بۆنەی یازدەی ئاداروجەژنی نەورۆز.

سەرەکی نووسین: محمد مەولود مەم.

چاپخانەی کوردستان – هەولێر- ٢٠٠٠ دانە- ٤- ١٩٧١.

نرخ بە (٧٥) فلس بووە.

– پاشکۆی ژمارە (٦) ی نەورۆزی (١٩٧١) بە (٤٨) لاپەرە بەزمانی کوردی دەرچووە. سەرۆکی نووسین : محمد مەولود مەم.

بابەت: قەڵای هەولێرو پڕۆژەی ڕێکخستنی، نووسینی: مجید عمر ، سەرۆکی ئەندازیارانی شارەوانی هەولێر.

لە چاپخانەی کوردستان – هەولێر – (٢٠٠٠) دانە، لە ڕێککەوتی (١٥-٤-١٩٧١) تەواو بووە.

٥ – ژمارە (١) ساڵی (٢) لەمانگی مایسی ساڵی (١٩٧١) جۆزەردانی (٢٥٨٣) ی کوردی بە (١٠٠) لاپەڕە دەرچووە.

(٨٧) لاپەڕەی بەزمانی کوردی، (١٣) لاپەڕەی بەزمانی عەرەبی.

سەرنووسەر: محمد مەولود مەم.

چاپخانەی کوردستان- هەولێر- ٢٠٠٠ دانە- ٦- ١٩٧١.

٦ – ژمارە (٢) ساڵی (٢) لەمانگی ئەیلولی ساڵی (١٩٧١) بە (٨٠) لاپەڕە دەرچووە، (٦٤) لاپەڕەی بەکوردی، (١٦) لاپەڕەی بەزمانی عەرەبی.

دەستەی نوسەران وبەڕێوەبەری گۆڤار:

١ – ئەندازیار هاشم عبدالله

٢ – ئەندازیار مجید عمر

٣ – مامۆستا بیلاڵ عزیز

٤ - مامۆستا مغدید مامە(سۆران)

٥ – مامۆستا پیربال محمود

چاپخانەی کوردستان- هەولێر- ٢٠٠٠ دانە- ٩- ١٩٧١.

٧ – ژمارەکانی (٣و٤ جمکن) بەیەکەوە لەیەک بەرگدان، ساڵی (٢) لەمانگی سەرماوەزی ساڵی (١٩٧١) بە (١١٢) لاپەڕە دەرچووە، (٩٦) لاپەڕەی بەزمانی کوردی، (١٦) لاپەڕەی بەزمانی عەرەبی.

لەلایەن دەستەیەکی نووسین بەڕێوە ئەبرێ.

چاپخانەی شارەوانی کەرکوک- ٢٠٠٠ دانە – ١٢- ١٩٧١.

٨ – ژمارە (٥) ساڵی (٢) لەمانگی نیسانی ساڵی (١٩٧٢) بە (٨٠) لاپەڕە دەرچووە، (٦٤) لاپەڕەی بەزمانی کوردی، (١٦) لاپەڕەی بەزمانی عەرەبی.

لێژنەی بەڕێوەبەرو نووسین:

١ – هاشم عبدالله ٢- مجید عمر ٣- بیلاڵ عزیز ٤- مغدید سۆران

چاپخانەی الغری نوێ - نجف شەقامی حسێن (الجبل) ، ت/ ٢٦٨٢.

٩ – ژمارە (١) ساڵی (٣) لەمانگی حوزەیرانی (١٩٧٢) بە (٨٠) لاپەرە دەرچووە، (٦٤) لاپەڕەی بەزمانی کوردی، (١٦) لاپەڕەی بەزمانی عەرەبی.


لەلایەن دەستەیەکی نووسەران بەرێوەئەبرێ.

چاپخانەی کوردستان- هەولێر- ١٠٠٠ دانە- ٢٠-٧- ١٩٧٢. (١٠٠).

سەرچاوە: ئەرشیفی تایبەتی مامۆستا نەسرەدین کەریم مامەر منتک.

## ١٩٧١

### ٢٠ – بۆ پێشەوە- – هەولێر– کوردستان- ١٩٧١:




گۆڤاری یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان – لقی هەولێر، بەزمانی: (کوردی ناوەڕاست- ڕێنووسی ئارامی).


بەڕێوەبەری نووسین: عوسمان دزەیی

سکرتێری نووسین : محەمەد مەنگوڕی.

دەستەی نووسەران: عەزیز گەردی، یووسف دەرگەڵەیی، ئەحمەد نەقشبەندی- کەمال غەمبار.

١ – ژمارە – (یەک) ساڵی (١)، لە ساڵی (١٩٧١) بە (٣٦) لاپەڕە و قەبارەی (5A) دەرچووە[٣٤].

### ٢١– پەروەردەو زانست – بەغداد– عێراق- ١٩٧١:




گۆڤارێکی پەروەردەیی و زانستی بووە، بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی کوردی بە سێ مانگ جارێک دەریان دەکرد. بە زمانی کوردی ناوەڕاست و زمانی عەرەبی – ڕێنووسی ئارامی. قەبارەکەی نزیکەی بە پێوانەی (4A). نرخی بە(١٠٠) فلس بووە.

١– ژمارە (یەک- ١) ساڵی (١) لە هاوینی ساڵی (١٩٧١) بە (١٠٤) لاپەڕە بەزمانی کوردی دەرچووە.

ناونیشانی: بەغدا شەقامی کۆماری- باڵەخانەی انحصار التبغ- لە چاپخانەی دار السلام لە چاپدراوە.

٢ – ژمارە (٢) ساڵی (١) لە پایزی ساڵی (١٩٧١) بە (٩٦) لاپەڕە دەرچووە، بەزمانی کوردی.

ناونیشان: بەغداد- شەقامی السموال- باڵەخانەی بانکی الأعتمادی پێشوو

---

٣٤. ئەم ژمارەیە لە مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر پارێزراوە.

بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی. لە چاپخانەی — اسعد- چاپکراوە.

٣ — ژمارە (٣) ساڵی (٢) لەبەهاری ساڵی (١٩٧٢) بە (١١٩) لاپەڕە دەر چووە. بەزمانی شیرینی کوردی.

سەر نووسەر: شوکور مستەفا


لە چاپخانەی دار السلام لە چاپدراوە.

٤ — ژمارە (١٦) لە پایزی ساڵی (١٩٧٩) بە (١٠٦) لاپەڕە دەرچووە، (٨٩) لاپەڕەی بەزمانی کوردی، (١٧) لاپەڕەی بەزمانی عەرەبی.

لیژنەی گۆڤار:

١ - عبدالله فرەج ئیسماعیل ٢ — نوری عەلی ئەمین ٣ — عبدالرزاق بیمار ٤ — ئەبوزێد مستەفا.

## ٢٢- دەنگی مامۆستا — سلێمانی — کوردستان- ١٩٧١:



دەنگی مامۆستا

ئۆرگانی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لقی- سلێمانی. زمانی کوردی (کرمانجی خواروو - ڕێنووسی ئارامی). لە ساڵی: (١٩٧١ تا ١٩٧٤) یانزە ژمارەی لێ دەرچووە. ئەندامانی دەستەی نووسەران: مستەفا ساڵح کەریم، محەمەد نووری تۆفیق، عەبدولـلا ئاگرین، محەمەد فەریق حەسەن، ڕەئوف بێگەرد، محەمەد ساڵح سەعید.[٣٥])

١— ژمارە (یەک) ساڵی یەکەم، لە (شوباتی- ١٩٧١) دەرچووە، بە(٤٤) لاپەڕە.


٢— ژمارە (دوو) ساڵی دووەم، لە (حوزەیران- تەممووزی-١٩٧٢) بە یەکەوە، دەرچووە، بە(٦٤) لاپەڕە[٣٦].

## ٢٣— ڕوانگە — بغداد— عێراق- ١٩٧١:

لەسەر بەرگی یەکەم نووسراوە: کۆمەڵە بەرهەمێکی هەمەڕەنگەیە دەنگی نەوەی نوێ ڕائەگەیەنێت. بەزمانی کوردی ناوەراست ڕێنووسی ئارامی دەرچووە. نەخشەسازی بەرگ هونەرمەند محمدزادە

٣٥. محەمەد فەریق حەسەن: ئەزموونی چیرۆکنووسین- بەڕێوەبەرێتیی چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٤٥- ٤٦.

٣٦. ژمارەکانی (١و٢) لە مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر، لە قوتابخانەی – أربیل الأولی پارێزراو. لە ئەرشیفی مامۆستا عزەددین فەیزی پێشکەش کراوە.




کردوویەتـی.

هەروەها سێ وتەی پرشنگدار کە لە بۆچوونەکانی پەیامبەر زەردەشت نزیکە نووسراوە: وتەی نوی- بیری نوێ- کرداری نوێ

دیارە کۆمەڵێک نووسەرو خودان قەڵەمی ڕەسەنی کورد لەم سەردەمەدا هەوڵیان داوە گۆمەکە بشڵەقێنن، کە دواجار ئەوەبوو کاریگەری بەسەر بیرو هزری نووسەران و شاعیرانی کورددا هێنا، لە مێژووی ئەدەب و ڕۆژنامەوانی کوردی بۆ هەتا لاپەڕەی زێرین و درەوشاون.

نووسەرانی بەشداربوو: جەمال شارباژێڕی- حسێن عارف- ئەنوەر شاکەلی- کاکەمەم بۆتانی- شێرکۆ بێکەس- جەلال میرزا کەریم- عبداللە پەشێو- ئەحمەد شاکەلی- سلاح شوان- ئەحمەد سالار- سامی شۆڕش- ڕەفیق سابیر- محمد بەدری- تایەر ساڵح سەعید- محمد ساڵح دیلان- محرەم محمد ئەمین- محمد مەولود مەم- عزیز گەردی- کوردستان موکریانی.

١ – ژمارە (یەک- ١) ساڵی (١٩٧١) بە (٨٣) لاپەڕە دەرچووە، قەبارەکەی لە (5A) گەورەترە بە پێوانەی کتێب دەبێت. لە لاپەڕەی یەکەم لەسەرەوە لای چەپ نووسراوە: نەسرەدین منتک- هەولێر (١٨-١-١٩٧١).

لەسەر بەرگی دواوە نووسراوە: ئەم (ڕوانگە) یە چۆن دەرچوو؟!.

١ – بەیارمەتی دانی (٣٥) ئەدیب وئەدەب دۆست لەچاپ دراوە.

٢ – ئەوەی لەلایەن ئەو برا دڵسۆزانەوە درا (٥٥) دینار بوو.

٣ – چاپ کردنی ، سەرجەم (٧٠) دیناری تێ چوو.

٤ – واتە ئێستا (١٥) دیناری لەسەر قەرزارین.

لەچاپخانەی نەعمان لە نەجەفی ئەشرەف چاپکراوە، نرخی بە (١٥٠) فلس بووە.

تێڕوانینی دەستەی ڕوانگە لەم ژمارەیەدا بڵاوبۆتەوە بەنێوی:

ئەم

ڕوانگەیە..!

لەسەرەتای بەهاری – ١٩٧٠ دا، چوار ئەدیبی لاوی خوێن گەرم کە داخ وخەفەتی دواکەوتوویی و باری ناهەمواریی ئەدەبی نەتەوەکەیان، لە مێژەوە جەرگیانی کلۆر ئەکردو سوی ی ئەکردە دڵیانەوە،

لەدانیشتنێکی چوار قۆڵیدا یەکیان گرت و کەوتنە هەڵڕشتنی ڕازو پەنهانی ناخی دڵ ودەرونی خۆیان بۆ یەکتر.

دانیشتنێک و دووان و سیانی ترو ئیتر گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە پێویستە بجولێن و بەکۆمەڵیش بجوولێن لەپێناوی وردو خاشکردنی بەستەڵەکی سەهۆڵی سەر ڕووی ئەدەبەکەیان و تەقاندنی گشت تواناو دەسەلات و بەهرەی ژێر ئەو بەستەڵەکی سەهۆڵ وماوە بەرپاکردن بۆ تەکاندانی بەرەو پێشەوە. بەم جۆرە زۆری پێ نەچوو بەشێک لەوەی لەناخیانا بوو دایان ڕشتە ناو بانگەوازێکەوە و ئاگریانداو تووڕیاندایە سەر بەستەڵەکی سەهۆل.

لەو وەختەوە تا ئەمڕۆ. کە هێشتا زۆری نەخیاندووە بانگەوازەکەو بیرو باوەڕەکانی، بانگ هەڵدەرەکان و لەگەڵیاندا گشت نەوەی ئەدەبی ی نوێ ی نەتەوەکەمان، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گڕی ئەو ئاگرە خۆش ئەکەن کە هەڵگیرساو بێ وچان تەکەن ئەدەن بۆ پێشەوەو دڵسۆزانە ئەو ئەرکەی سەرشانی خۆیان بەجێ ئەهێنن.

ئەم کۆمەڵە بەرهەمەش کە لەم (ڕوانگەیە) دا کۆکراوەتەوەو ئەخرێتە پێش چاوی خوێنەرەوانی گەلی کوردمان، هەروەها کۆششێکی تری ئەو دەستەیەیە لە کۆڕی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەداو تەقەلایەکی تریانە بۆ جێ بەجێ کردنی بەشێکی تر لەو ئەرکەی گرتوویانەتە ئەستۆی خۆیان.


ڕەنگە ئەم کۆمەڵە بەرهە لە ئیستەدا، گشت ئەو ئامانجی نوێ خوازییە نەدات بەدەستەوە کە خاوەنەکانیان مەبەستیانەو گشت ئەو بیرو باوەڕانەش ڕون ئەکەنەوە، کە بانگەوازەکە دەری بڕیبون. بەلام بەهەر حالێک سیمایەکی تایبەتی ئەدەن بەدەستەوەو ڕەنگی ئەو ئامانجی نوێ خوازییە ئەڕێژن.

خۆ ئێمەش دروشممان: وتەی نوێ وبیری نوێ کرداری نوێ یەو ئەمەش هەڵمەت بردنی گەرەکە و شەڕە قۆچی لەدوایە!٠

دەستەی (روانگە)

٢ — ژمارە (٢) ساڵی (١٩٧١) بە (١٠٠) لاپەڕە دەرچووە.
چاپخانەی نەعمان لە نەجەفی ئەشرەف- ١٠٠٠ دانە- لە ڕێککەوتی — ١٧- ٨- ١٩٧١ چاپکراوە.
٣ — ژمارە (٣) لە ساڵی (١٩٧٢) بە (٦٨) لاپەڕە دەرچووە.
لە چاپخانەی زانکۆ لەبەغداد چاپکراوە. (١٠٠).

## ٢٤ – ڕۆناهی- (RONAHI )- ئەڵمانیا – ١٩٧١:



ڕۆناهی – 1971

گۆڤارێکی کولتووری سیاسی بووە. بە زمانی: تورکی و کوردی باکوور ، ڕێنووسی لاتینی) لەلایەن کۆمەڵەی شۆڕشڤانێن کوردانی تورکیا(هەڤرا) لە سویسرا دەرچووە. هێندێک سەرچاوەئاماژەبەدەرچوونی لەئەڵمانیا دەکەن، بەڵام ناونیشانی سویسرای لەسەر نووسراوە. لە سەرەتا بە شێوەی ڕۆژنامە دەرچووە، پاشان بە شێوەی گۆڤار. لەدوا ژمارەکانیدا دیسان بەشێوەی ڕۆژنامەدەرچۆتەوە[٣٧].

یەکەم ژمارەی لە ساڵی (١٩٧١)دا بڵاوبۆتەوە. تاکو ساڵی (١٩٧٨) کۆی گشتی (٢٤) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. ئەو نووسەرانەی بابەتیان لە گۆڤاری ڕۆناهییدا بڵاوکردۆتەوە : کەنداڵ نەزان، کەمال بورقای، محەمەد ئەسلان، حسەین دەدە[٣٨].

١ – ژمارەکانی (١٤ و١٥ جمکن) پێکەوە دەرچوون. لە (مارتی ١٩٧٥)، (٣٥) لاپەڕە، قەبارەکەی (١٩ بە ١٣،٥سم) کەمێک لە(5A) بچووکترە.

٢–- ژمارەکانی (١٦-١٧ جمکن ) لە (تەمموزی١٩٧٥)دا دەرچوون. لەسەر بەرگی یەکەم لەبەشی سەرەوە نووسراوە: (RONAHÎ )، لەلای ڕاست: ژمارە(١٦-١٧) خەرمانان – تەمموز(١٩٧٥)، ژمارەی لاپەڕەکانی (٤٠)لاپەڕەیەو قەبارەکەی (١٩ بە ١٣،٥سم) کەمێک لە(5A) بچووکترە . لە نێوەڕاستدا نووسراوە: هەڤرا- کۆمەڵەی شۆڕشڤانێن کوردێن تورکیا(HEVRA)، لەلای چەپدا: کورتە شیعرێکی جگەرخوێن هەیەو بەم دێڕەدەسپێکیەتی:

ئەی خورتێن جوانمێر
بەسە بێ فایدەیە ئەو ڕێ
دەستێ خۆ بدەنە یەک

نووسینێک لەبارەی کوردستانی عێراق(باشوور)، حسەین دەدە هەیە. نرخ (٢) مارک.

ئەدرێسی گۆڤار: ڕۆناهی گۆڤاری کوردی، هێرزین باخ، سویسرا. ژمارەی بانکی: بانکی ئەلمانی

---

٣٧. فەخرەدین تاهیر، ڕۆژنامەی سۆڤیەت کوردستان بیبلۆگرافیاو شرۆڤە، لە بڵاوکراوەکانی خەندان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٢- ١٣.
٣٨.سەرچاوەی پێشوو.

(BFG) لە فریدریش هافن.

٣– ژمارە (١٨) لە (مارتی- ١٩٧٦- نەورۆزی ٢٥٨٨ی کوردی) بە (٤٤) لاپەڕە و قەبارەی (١٩ بە ١٣،٥سم) کەمێک لە(5A) بچووکتر دەرچووە.

٤ – ژمارە (١٩) لە (شوباتی - ١٩٧٧)، بە (٨) لاپەڕە و قەبارەی (3A) دەرچوووە.

٥– ژمارە (٢٠) لە (نیسانی-١٩٧٧) دا دەرچووە.

٦ – ژمارە (٢١) لە (حوزەیرانی -١٩٧٧)، بە (٨) لاپەڕە دەرچووە.

٧ – ژمارە (٢٢) لە ئابی (١٩٧٧) دا دەرچووە.

٨ – ژمارە (٢٣) لە (مایسی- ١٩٧٨ ) دا دەرچووە[٣٩].

٩ – ژمارە (٢٤) لە (مایسی- ١٩٧٨)، بە (٨) لاپەڕە دەرچووە[٤٠].

### ٢٥— ڕەهێل— هە ولێر— کوردستان -١٩٧١:

بە زمانی کوردی ناوەڕاست- ڕێنووسی ئارامی. گۆڤارێکی قوتابیان بووە، لە ئامادەیی هەولێری کوڕان لە هەولێر دەرچووە. دەستەی نووسەران: عەبدولڕەحمان سەعدی، دڵشاد عەبدوڵڵا، عوسمان دەشتی، تاریق حسەین، ڕەهبەر جەلال مامەش.

١ – ژمارە (یەک)ساڵی یەکەم (١٩٧١) ژمارەی لاپەڕەکانی (٥٦) لاپەڕە، قەبارە ناوەند، لە چاپخانەی کوردستان چاپکراوە[٤١].

### ٢٦— نووسەری کورد- بەغداد— عێراق- ١٩٧١:

گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کوردە کە لەساڵی (١٩٧٠) دامەزراوە.

لە وتەی ژمارەدا لەژمارە (١) دا نووسراوە:

خوێندەواری کورد، خوێنەری خۆشەویست

ئەم یەکەم ژمارەی گۆڤاری «نووسەری کورد»ی کە لەبەر دەستتایە، نۆبەرەی بەرهەمی،» یەکێتی نووسەرانی کورد»ە، کە ئەویش یەکێکە لە ئەنجامەکانی شۆڕشی دەساڵەی نەتەوەی کوردی قارەمان.


گۆڤارەکەمان وەکو بەناوەکەیا دیارە، بیرو ڕای یەکێتی نووسەرانی کورد دەرئەبڕێ و بۆ ئەو

---

٣٩. ئیسماعیل تەنیا، بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ئەڵمانیا – ١٩٦٣ – ٢٠٠٦، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠، ژمارەکانی: ( ٢٠- ٢٢- ٢٣) ل٤٤.

٤٠. ژمارەکانی ( ١٤و١٥، ١٦و١٧، ١٨،١٩،٢١،٢٤) لە ئەرشیفی کۆمکار مانهایم وەرگیراوە.

٤١. شێرکۆ جەلال مامەش، کوردستانی ئیمڕۆ، ژمارە ( ١٩) تەمموز (٢٠٠٢) ساڵی سێیەم، ل٦٥.




ئامانجانە تێدەکۆشێ کە لە پرۆگرامی ناوخۆی یەکێتی دا باسیان کراوە..............هتد. دەستەی نووسەران.

گۆڤاری نووسەری کورد، بەزمانی کوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامی، قەبارەکەی لە (4A) بچوکتر دەرچووە. نەخشەسازی هونەرمەند محمد زادە کردوویەتی.

١ – ژمارە (یەک- ١) ساڵی (١) لەمانگی مارتی ساڵی (١٩٧١) بە (٨٠) لاپەڕە دەرچووە. لە لاپەڕەی یەکەم لەسەرەوە لای چەپ نووسراوە: ئیمزا- نەسرەدین منتک- (١٨-٣-١٩٧١).

سەرنووسەر: دکتۆر مارف خەزنەدار

سکرتێر: دکتۆر نەسرین فەخری

دەستەی نووسەران: ئەحمەد غفور- حسێن عارف- سەعید ناکام- عبدالرەزاق بیمار- محمد ئەمین عوسمان.

لەسەر بەرگی دواوەی ناوی گۆڤارو سەر نووسەرو ناونیشان بە ئینگلیزی نووسراوە.

لە چاپخانەی دارالسلام چاپکراوە، نرخی بە (١٢٥) فلس بووە. بەرگی گۆڤارەکە لە چاپخانەی المیناء چاپکراوە.

ناونیشان: بەغداد- سعدون- بارەگای یەکێتی نووسەرانی کورد، گۆڤاری (نووسەری کورد).

٢ – ژمارە (٢) ساڵی یەک، لەمانگی نیسانی ساڵی (١٩٧١) بە (٨٠) لاپەڕە دەرچووە. لە چاپخانەی الزمان لە بەغداد چاپکراوە.

٣ – ژمارە (٣) ساڵی یەک، لەمانگی ئابی ساڵی (١٩٧١) بە (٦٦) لاپەڕە دەرچووە.

٤ – ژمارە (٤) لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٧١) بە (٨٠) لاپەڕە دەرچووە. تەنیا ناوی سەر نووسەر نووسراوە: دکتۆر مارف خەزنەدار.

٥ – ژمارە (٥) لەمانگی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٧٢) بە (٩٦) لاپەڕە دەرچووە.

سەرنووسەر: دکتۆر مارف خەزنەدار

لە چاپخانەی الزمان لە بەغداد چاپکراوە

ئابوونەی ساڵانە- ١,٥٠٠- دینارە، نرخی بە (٢٠٠) فلس بووە.

٦ – ژمارە (٦) بۆ مانگی مارت ونیسانی ساڵی (١٩٧٢) بە (٩٦) لاپەڕە دەرچووە. سەر نووسەر: د. مارف خەزنەدار.

٧ – ژمارە (٧) لەمانگی نەورۆزی ساڵی (١٩٧٣) بە (٦٤) لاپەرە دەرچووە.

سەرنووسەر: د. مارف خەزنەدار

ناونیشان: بەغدا- وەزیرییە- نزیک کۆلیجی ئەدەبیات- بارەگای یەکێتی نووسەرانی کورد- گۆڤاری (( نووسەری کورد )).

٨ – ژمارە (٨) لە مانگی مایسی ساڵی (١٩٧٣) بە (٨٠) لاپەڕە دەرچووە. سەر نووسەر: د. مارف خەزنەدار.

٩ – ژمارە (٩) لە مانگی ئابی ساڵی (١٩٧٣) بە (٩٦) لاپەڕە دەرچووە، ژمارەی تایبەتە بە لێکۆڵینەوە. سەر نووسەر: د. مارف خەزنەدار.

١٠ – ژمارە (١٠) لەمانگی ئەیلوولی ساڵی (١٩٧٣) بە (٨٨) لاپەڕە دەرچووە. سەرنووسەر: د.مارف خەزنەدار.

١١ – ژمارە (١١) لەمانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٧٣) بە (٩٦) لاپەڕە دەرچووە. ئەم ژمارەیە تایبەتە بە کۆنگرەی ئەلما- ئەتاو نموونەی بەرهەمی ئەدەبی کوردەکانی سۆڤییەت. سەر نووسەر: د. مارف خەزنەدار.

١٢ – ژمارە (١٢) لەمانگی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٧٥) بە (٨٨) لاپەڕە دەرچووە. لەلاپەڕەی یەکەم لەسەرەوە لای چاپ نووسراوە: نەسرەدین منتک- چۆمان- ٢٨-١- ١٩٧٥. ئەم ژمارەیە لە شاخ دەرچووە لە شاری(چۆمان) .

لە ڕێککەوتی (١٨-٤-١٩٧٤) دا دەسگەی گشتی یەکێتی نووسەرانی کورد، کۆبونەوەکی – استثنائی- کردوو دەستەیەکی بەڕێوەبەری نوێی هەڵبژارد.

دوای هێرش وپەلاماری ڕژێمی بەعس بۆ سەر کوردستان (٨٢) نووسەرو شاعیرو ڕوناکبیری کورد کە زۆربەیان ئەندامی یەکێتی نووسەران بوون، بە ئیمزایان چوونە پاڵ شۆڕش.

لەم ژمارەیەدا: وتەی ژمارە، دەستەی نووسەران

نووسەرانی بەشداربوو: سەیدا ساڵح یوسفی بە دوو بابەت- د. کەمال فوئاد- سامی شۆڕش بە دوو بابەت- حەمە کەریم هەورامی- ئەنوەر جاف- ڕەئوف بێگەرد- ڕەشید فندی – محمد موکری.

لە چاپخانەی- خەبات- لە کوردستانی عێراق چاپکراوە. نرخی بە (١٢٥) فلس بووە.

**نووسەری کورد- خولی دووەم- بغداد- عێراق- ١٩٧٩:**

١ – ژمارە (١) لەمانگی ئایاری ساڵی (١٩٧٩)، خ ٢، بە (١٣٢) لاپەڕە دەرچووە.

سەرۆکی نووسین: عزەدین مستەفا ڕەسوڵ

سکرتێری نووسین: محەمەدی مەلا کەریم

ناونیشانی گۆڤار: بغداد- وەزیریە- بەرامبەر کۆلیژی پەروەردەی وەرزشی، بارەگای کۆمەڵەی

ڕۆشـنبیری کـوردی.

لەچاپخانەی – شەفیق- لە- بغداد- چاپکراوە- نرخی بە (٣٥٠) فلس بووە.

٢ – ژمـارە (٢) لەمانگـی ئابـی سـاڵی (١٩٧٩) ، خ٢، بـە (١٢٨) لاپـەڕە دەرچـووە. لـە چاپخانـەی- الحـوادث- لـە – بغـداد- چاپکـراوە.

٣ – ژمـارە (٣) لەمانگـی مارتـی سـاڵی (١٩٨٠) ، خ٢، بە (١٧٥) لاپـەڕە چاپکراوە. لـەم ژمارەیـەدا: بەڕێز مامۆستا ممتـاز حیـدەری دەبێتـە سکرتێری نووسـین.

٤ – ژمـارە (٤) لەمانگـی ئابـی سـاڵی (١٩٨٠)، خ٢، بـە (١٨٧) لاپەڕە دەرچووە، بـە زمانـی کـوردی- عـەرەبی.

٥ – ژمـارە (٥) لـە مانگـی تشرینی دووەمـی سـاڵی(١٩٨٠)، خ٢، بـە (١٩١) لاپـەڕە دەرچووە. بەڕێزان: محمـود زامـدار و ئەحمـەد تاقانـە ، سەرپەرشـتی ئـەم ژمارەیـان کـردووە.

٦ – ژمارە (٦) لەمانگی شوباتی ساڵی (١٩٨١)، خ٢، بە (٢٠٧) لاپەڕە دەرچووە.

٧ – ژمارە (٧) لەمانگی تەمووزی ساڵی (١٩٨١)، خ٢، بە (٢٢١) لاپەڕە دەرچووە.

٨ – ژمـارە (٨) لەمانگـی حوزەیرانـی سـاڵی (١٩٨٢)، خ٢، بـە (١٩٨) لاپـەڕە دەرچووە. لـەم ژمارەیـەدا شـعرێکی ئوسـتاد بەشـیر موشـیر بەدەسـت وخەتـی پرۆفیسـۆر مـارف خەزنـەدار، د. ئیحسـان فوئـاد بـۆ گۆڤـاری نووسـەری کـوردی نـاردووە بڵاویـان کردۆتـەوە.

نووسراوە: بەشیر گیـان تـوڕە مەبـە، گـۆڕ هەڵمەتەکێنـە، کەبەخەتـی (مـارف) بڵاوی دەکەینـەوە، بەشکم ئەمـە سـەرەتای ئاشـت بوونەوەتـان بێـت.

شیعرەکە:

لەگەڵ یەکتر دڕن چەشنی هەلۆ
یەک دادەپاچن بۆ؟
لەبۆ غەیرە شڕن چەشنی پەڕۆ
وەک دەست وقاچن بۆ؟
هەزار تیرەو لەک و هۆزن وەکو
دوژمن لەیەک ناچن؟
ئەترسم ڕۆژێ لەم خاکە هەموو
تیاچن وەکو سمکۆ؟
بەشیر موشیر- ٢٧ی شوباتی- ١٩٨١.

٩ – ژمارە (٩) لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٨٢)، خ٢، بە (١٥٧) لاپەڕە دەرچووە.

١٠ – ژمارە (١٠) لەمانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٨٢) ،خ٢، بە (١٥٧) لاپەڕە دەرچووە.

١١ – ژمارە (١١) لەمانگی شوباتی ساڵی (١٩٨٣) ، خ٢، بە (١٨١) لاپەڕە دەرچووە.

نامەیەکی شفیق الکمالی سەرۆکی دەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتی گشتی ئەدیب و نووسەرانی عێراق بۆ یەکێتی نووسەرانی کوردو ئەدیبانی کورد، بەزمانی عەرەبی لەم ژمارەیەدا بڵاوبۆتەوە.

١٢ – ژمارە (١٢) لەمانگی ئابی ساڵی (١٩٨٣)، خ٢، بە (٢٤٠) لاپەڕە دەرچووە.

نامەیەکی پارێزگاری بەغدا بەناوی عبدالجلیل الیاسری بۆ یەکێتی نووسەرانی کورد، بەزمانی عەرەبی لەم ژمارەیەدا بلاوبۆتەوە.

نووسەری کورد- بغداد- عێراق- خوولی سێیەم- ١٩٨٥:

نووسراوە: گۆڤاری یەکێتی گشتی ئەدیب ونووسەرانی عێراق نووسینگەی ڕۆشنبیری کوردییە. ژمارەکانی ئەم خولە لە چاپخانەکانی : العمال مرکزی- و چاپخانەکانی کاروباری ڕۆشنبیری گشتی- بەغداد چاپکراون.

١ – ژمارە (١) لەمانگی ئاداری ساڵی (١٩٨٥)، خ٣، بە (١٦٠) لاپەڕە دەرچووە.

سەرنووسەر: محمد بەدری

دەستەی نووسەران: د. نافع ئاکرەیی- صلاح شوان- محمود زامدار- حسێن ئەحمەد جاف- عبدالکریم فندی- عبدالرحمن مزوری.

سەرپەرشتی چاپ: محمد زەهاوی

دەرهێنانی هونەری: عبدالقادر مەردان

لە دوا لاپەڕەدا نووسراوە: کۆنگرەی دامەزراندنی لقی یەکێتی گشتی ئەدیبان ونووسەرانی کورد لەناوچەی کوردستان. هەولێر (٢٥-١٠- ١٩٨٤).

٢ – ژمارە (٢) لەمانگی ئابی ساڵی (١٩٨٥)،خ٣، بە (١٩٦) لاپەڕە دەرچووە، بابەتی بەزمانی عەرەبی تێدا هەیە.

نافع ئاکرەیی دەبێتە جێگری سەرنووسەر

دەستەی نووسەرانیش ناوی ئەم نووسەرانە زیادکراوە:

سعید یحی خەتات- محمد ئەمین پێنجوێنی- ئەحمەد عبدالله زەرۆ. لە هەندێک ژمارەدا دەستەی نووسەران ناوێک یا دووان گۆڕانی بەسەرداهاتووە.

٣ – ژمارە (٣) لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٨٥)، خ٣، بە (٢٢٤) لاپەڕە دەرچووە.

٤ – ژمارە (٤) لەمانگی مایسی ساڵی (١٩٨٦)،خ٣، بە (٢٠٧) لاپەڕە دەرچووە.

٥ – ژمارە (٥) لەمانگی ئەیلوولی ساڵی (١٩٨٦) ، خ٣، بە (٢٨٠) لاپەڕە دەرچووە.

٦ – ژمارە (٦) لەساڵی (١٩٨٨)،خ٣، بە (١٨٨) لاپەڕە دەرچووە.

٧ – ژمارە (٧) لەمانگی ئابی ساڵی (١٩٨٩)، خ٣، بە (١٦٧) لاپەڕە دەرچووە.

لەم ژمارەیەدا ستافی گۆڤار گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە بەم جۆرەی خوارەوە:

سکرتێری نووسین: محمود زامدار

دەستەی نووسەران: نافع ئاکرەیی- عبدالکریم فندی- عبدالرزاق بیمار- عبدالوەهاب تاڵەبانی- تیلی ئەمین عەلی- فریا عبدالله جاف- عبدالخالق سەرسام.

دەرهێنانی هونەری: عوسمان پیرداود

ئازاد حسیب قەرەداغی- سەرپەرشتی چاپ: ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری.

تێبینی: لەبەر ئەوەی ژمارەکانی گۆڤاری نووسەری کورد لە سێ خوڵدا دەرچوون، بەباشم زانی بۆ ئاسانکاری خوێنەرانی ئازیز، تەواوی ئەو ژمارانەی لەبەر دەستمدان هی خوڵەکانی دوو و سێ لەگەڵ ژمارەکانی خوولی یەکەم دابنێم، بە چاوپۆشین لە ڕیزبەندی ساڵەکان.

سەرچاوە: ئەرشیفی تایبەتی مامۆستا نەسرەدین کەریم مامەر منتک.

## ١٩٧٢

**٢٧– بەرەو رووناکی— گەڵاڵە— هەولێر— باشووری کوردستان- ١٩٧٢:**




گۆڤارێکی وێژەیی و ڕۆشنبیری گشتی یە، لێژنەی زمان و وێژەی کوردی لە خوێندنگای ناوەندی – گەڵاڵەی کوڕان دەریان دەکرد. بەزمانی کوردی ناوەڕاست، ڕێنووسی ئارامی.

دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤار:

١ – ئیبراهیم سعید بەرزنجی ٢- نەژاد عزیز سورمێ

٣ – سەردار کەمال مەولود ٤ – ئازاد عبدالوەهاب جندیانی

٥ – غفور حسێن گەڵاڵی ٦- فەوزی جەودەت جەمیل

١ – ژمارە (یەک- ١) ساڵی (١) لەمانگی تەموزی ساڵی ( ١٩٧٢ز) – ساڵی (٢٦٧٢)ی کوردی ، بە (٤٤) لاپەڕە دەرچووە.

قەبارەکەی پێوانەی (5A). وێنەی بەرگ: سوڵتان شیوەزوری بە یارمەتی هونەرمەند عزیز سەلیم.

لەچاپخانەی کوردستان چاپکراوە، کارگێڕانی چاپخانە: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل- فەیسەڵ عارەب بڵباس.

لەسەر بەرگی یەکەم نووسراوە:

کاروانی ئێمە کەوتۆتە ڕێ قۆناخ بەقۆناخ بەرەو ڕووناکی-

لەبۆمبای ئەتۆم. لەتاریکی ڕێ. لە کۆت وزنجیر هیچ نییە باکی

٢ – ژمارە (٢) ساڵی (١) لەساڵی (١٩٧٢) بە (٥٢) لاپەڕە دەرچووە.

لەم ژمارەیەدا بەرێز فەوزی جەودەت لەدەستی نووسەراندا نەماوە.

٣ – ژمارە (٣) لەمانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٧٣) بە (٦٣) لاپەڕە دەرچووە.

لەدوا لاپەڕەدا هەواڵی بڵاوبوونەوەی گۆڤاری (دەنگی قوتابیان) ژمارە (٢-٣) ی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی هەولێر بڵاوکراوەتەوە.

چاپخانەی کوردستان- هەولێر- ١٠٠٠ دانە- ٣١-١٢- ١٩٧٣.

سەرچاوە:

ئەرشیفی تایبەتی مامۆستا نەسرەدین کەریم مامەر منتک.

**٢٨– بیری نوێ– هەولێر– باشووری کوردستان- ١٩٧٢:**

گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی گشتی سالانە بووە، لیژنەی زمان وئەدەبی کوردی خوێندنگای دوا ناوەندی کوڕانی هەولێر دەریان دەکرد. .

بەسەرپەرشتی مامۆستای زمان و ئەدەب بەزمانی کوردی ناوەڕاست، ڕێنووسی ئارامی.




دەستەی نووسەران: ١ - عبدالرحمن سعدی- سەرۆکی لیژنە

٢ – کاردۆ عبدالقهار گەلالی – سکرتێری لیژنە


٣ – عبدالله محمد زەنگەنە ٤ – تاهیر حسێن هەمەوەند

١ – ژمارە (١) ساڵی (١) لە مانگی نەورۆزی ساڵی (١٩٧٢) بە (٨٧) لاپەرە دەرچووە.

قەبارەکەی لە (4A) بچوکترە.

چاپخانەی کوردستان- هەولێر- ١٠٠٠ دانە- لە ٧-٣-١٩٧٢ دەرچووە. نرخی بە (١٠٠) فلس بووە.

**٢٩– گزنگ- –کەرکوک– باشووری کوردستان- ١٩٧٢:**




کۆمەڵە بەرهەمێکی هەمەڕەنگەی نووسەرانی کوردی کەرکوک بووە.

١ – ژمارە (١) ساڵی (١٩٧٢) بە (٨٠) لاپەڕە دەرچووە، بەزمانی کوردی ناوەڕاست، ڕێنووسی ئارامی، قەبارەکەی لە (4A) بچوکتر بووە. ئامادەکردنی: ڕەزا شوان.

سەرچاوە: ئەرشیفی تایبەتی مامۆستا نەسرەدین کەریم مامەر منتک.


**٣٠– نووسەری نوێ– هەولێر– باشووری کوردستان- ١٩٧٢:**

کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبی بووە، یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر دەریان دەکرد. بەزمانی کوردی ناوەڕاست، ڕێنووسی ئارامی.

١ – ژمارە (١) ساڵی (١) لە ما حوزەیرانی ساڵی(١٩٧٢) بە (٥٦) لاپەڕە دەرچووە. قەبارەکەی (5A).

دەستەی نووسین: عزەدین فەیزی- حەمە کەریم هەورامی- کەریم شارەزا- محەمەد حسن مەنگوڕی- عەزیز گەردی- جەمیل ڕەنجبەر- مەدحەت بێخەو.

چاپخانەی کوردستان- هەولێر- ١٠٠٠ دانە لە ڕێککەوتی (١٢-٦- ١٩٧٢) تەواو بووە. نرخی بە (١٢٠) فلس بووە.




٢ – ژمارە (٢) ساڵی (٢) لەساڵی (١٩٧٤) بە (٩٦) لاپەڕە دەرچووە.

لەم ژمارەیەدا دەستەی نووسەران ئەم بەڕێزانەن: عزەدین فەیزی- مدحت بێ خەو- کەریم شارەزا- یوسف ئەحمەد دەرگەلەیی- مجید هێرش- مغدید سۆران- ئەحمەد شەریف.

لەچاپخانەی الحوادث لە بەغداد چاپکراوە.

سەرچاوە: ئەرشیفی تایبەتی مامۆستا نەسرەدین کەریم مامەر منتک. هاوکات ژمارە (١) گۆڤاری نووسەری نوێ لە ئەرشیف ومۆزەخانەی پەروەردەیی هەولێر پارێزراوە .

## ١٩٧٥

### ٣١ – الشرارة: دیمەشق– سوریا— ١٩٧٥:


الشرارة
لكي لاتتحول موسكو الى فخ للشعب الكردي
القضية الكردية ومباحثات الحرب والسلام في موسكو
مذبحة صيادي الاسماك في بحيرة دوكان
ماذا قيل في اجتماع مجلس الوزراء العراقي؟
اضرابات في تونس..تظاهرات في القاهرة..وعود في الكويت!
المانيا موحدة بعد نصف قرن من التقسيم
منظمة العفو الدولية: هجمات عسكرية في جنوب العراق

الشرارة - جريدة المركزية للاتحاد الوطني الكردستاني

ئۆرگانی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بوو. بە زمانی عەرەبی ڕێنووسی ئارامی دەرچووە. شوێنی دەرچوونی: دیمەشق- شاخ- سەقز- هەولێر.

ژمارەی یەک لە تشرینی دووەمی١٩٧٥ لە شاری دیمەشق- سوریا دەرچووە.

١– ژمارە- (یەک) ساڵی پانزەیەم، لە (کانوونی دووەمی-١٩٩٠) بە (٢٤) لاپەڕە و قەبارەی (4A) دەرچووە.


٢– ژمارە (نۆ) ساڵی شانزەیەم، لە (ئەیلولی١٩٩٠) بە (١٦) لاپەڕە و قەبارەی (4A) دەرچووە.

٣– ژمارە (١٠) ساڵی شانزەیەم، لە (تشرینی یەکەمی١٩٩٠) بە (١٦) لاپەڕە و قەبارەی (4A) دەرچووە.

٤– ژمارە (دوانزە) ساڵی شانزەیەم، لە (کانوونی یەکەمی١٩٩٠) بە (٢٠) لاپەڕە و قەبارەی (4A) دەرچووە[٤٢].

## ١٩٧٧

### ٣٢– (FREE KURDISTAN) کوردستانی ئازاد: ئەکسا- لقی بەریتانیا- ١٩٧٧:


FREE KURDISTAN
Der Bundespräsident R. von Weizsäcker besuchte, als erstes westliches Staatsoberhaupt, vom 26. bis 30. Mai 1986 die Türkei. Dieser Besuch fand trotz vieler Kritik und trotz nach wie vor anhaltendem Terror, Folter und Unterdrückung in der Türkei statt. Deshalb muß dieser Besuch im Rahmen der Strategie vieler NATO-Staaten gesehen werden, die bestrebt sind, mit Rücksicht auf wirtschaftliche und militärische Interessen des Westens, das Terrorregime in der Türkei salonfähig zu machen. Deshalb das große Geschrei über die angeblichen Fortschritte auf dem Weg zur Demokratie in der Türkei. Die Äußerung von Weizsäcker, daß die in der Türkei "seit dem Putsch von 1980 erzielten politischen und wirtschaftlichen Fortschritte" eindrucksvoll seien, dient auch diesem Ziel. Daran ändern seine kritischen Äußerungen hier und da nichts.

In der Tat hat sich in der Türkei grundlegend nichts geändert. Die antidemokratische Verfassung der Generäle und andere Unterdrückungsgesetze sind nach wie vor in Kraft und werden durch neuere gefestigt. Tausende von Demokraten sind nach wie vor in den Gefängnissen und Folter ist voll im Gange. Der unerklärte Krieg gegen das kurdische Volk wird mit aller Brutalität fortgesetzt.

Der Besuch von Weizsäcker wurde von kurdischen und türkischen Oppositionellen und vielen Demokraten in der Bundesrepublik kritisiert. Schon vor dem Besuch haben 11 kurdische und türkische Organisationen in der Bundesrepublik, darunter KOMKAR, in einem offenen Brief an Weizsäcker auf die Menschenrechtsverletzungen hingewiesen und den Bundespräsidenten gebeten, seinen Besuch zu verschieben. Kritisch haben sich die Bundestagabgeordnete Petra Kelly und Uli Fischer sowie Prof. Wolf-Dieter Narr (Komitee für Grundrechte und Demokratie), Robin Schneider (Gesellschaft für bedrohte Völker) und der Hamburger Pfarrer Helmut Frenz in einem offenen Brief zum Weizsäcker-Besuch geäußert.

Hier einige Auszüge aus dem Brief:

"Ihre Reise in der letzten Woche reiht ... sicherte Herrschaft der Militärs europaweit salonfähig zu machen. Die Generäle hatten allerdings ein leichtes Spiel, denn offensichtlich ist der Bundesrepublik und anderen NATO-Verbündeten die Funktion, die die hochgerüstete Türkei als "unverzichbarer" Südostpfeiler des Bündnisses einnimmt, wichtiger als die Beendigung von Folter, Kriegsrecht, Pressezensur und anderen Menschenrechtsverletzungen.

Bis zum letzten Tag Ihres Besuches hatten wir gehofft, gerade von Ihnen ein deutliches Wort zum Schicksal des kurdischen Volkes, der Armenier und anderer Minderheiten zu hören, deren schiere Existenz seit Jahrzehnten aus der Logik kemalistischer Staatsräson heraus schlicht geleugnet wird, ein deutliches Wort zu den nach wie vor Tausenden von politischen Gefangenen, die - unabhängig von den ihnen vorgeworfenen Straftaten - auch heute noch entwürdigende und allen anerkannten Rechtsnormen Hohn schreiende Massenprozesse über sich ergehen lassen müssen. Und warum haben Sie, dessen Wort in der Türkei zweifellos von großem Gewicht ist, sich nicht die Forderungen vieler mutiger Demokraten zu eigen gemacht und als wahrhaftiges Zeichen eines demokratischen Neubeginns eine Generalamnestie gefordert, die - anders als das neue Strafvollzugsgesetz - die politischen Gefangenen mit einbeziehen müßte ?

Den Menschen aus allen gesellschaftlichen Schichten, aus vielen immer noch verbotenen und verfolgten demokratischen Organisationen, die oft unter großer persönlicher Gefahr seit dem Putsch der Generäle für eine Rückkehr zur Demokratie gearbeitet haben und immer noch arbeiten, gebührt Dank, wenn wir heute unübersehbar positive Entwicklungen in einzelnen gesellschaftlichen Bereichen feststellen.

Diese vielen Namenlosen und nicht die Politiker der neuen und der alten Garde sind der Garant für eine Weiterentwicklung demokratischer Ansätze in ...

*Verehrte Leser,*

*Sie erhalten die 1. Nummer des Informationsbulletin Kurdistan. Damit setzen wir unsere regelmäßige deutschsprachige Publikation KOMKAR-Info, die aus vielerlei Gründen seit Anfang 1985 nicht mehr erschienen ist, fort.*

*Mit dem Informationsbulletin Kurdistan wollen wir die Informationslücke bezüglich der Kurdenproblematik füllen, um dem Schweigen der Presse oder den sehr mangelhaften Berichterstattungen - oft ohne tatsächliche Hintergründe - entgegenzuwirken. Wir wollen zu einem besseren Verständnis der gerechten Sache des unterdrückten kurdischen Volkes sowie den Sorgen und Forderungen der in der Bundesrepublik Deutschland lebenden Kurden, beitragen. Deshalb betrachtet das Informationsbulletin als seine erstrangige Aufgabe, konkrete Informationen über die Verhältnisse in Kurdistan, insbesondere in der Türkei und in Türkisch-Kurdistan, der Öffentlichkeit und den interessierten Kreisen in der Bundesrepublik zugänglich zu machen. Dies teils über Dokumente, Nachrichten und Kommentare und teils über die Übersetzungen aus der türkischen Presse.*

*Das Informationsbulletin Kurdistan wird auch über die Situation der ca. 350 000 Kurden, meist Arbeitsimmigranten, ihre Familienangehörigen und politische Flüchtlinge, und über ihre besondere Diskriminierung als Kurden auch in der Bundesrepublik, berichten. Wir hoffen auf eine gute Resonanz in der Öffentlichkeit der Bundesrepublik, vorrangig bei den fortschrittlichen und demokratischen Organisationen, Institutionen und Personen. Eine Solidarität Ihrerseits ausgedrückt durch kritische Beiträge für das Bulletin, Abonnements und Spenden wird uns bei unseren Bemühungen stärken.*

ئینفۆر ماسیۆن بولتەن کوردستان

١– ژمارە (١) هەردوو مانگەکانی(٦و٧ ی-١٩٨٦) بە یەکەوەن، بە (٨) لاپەڕە و بە قەبارەی (A4) ، دەرچووە.

٢- ژمارە (٣) مانگی دیسێمبەر (١٥-١٢-١٩٨٦)، بە(٨) لاپەڕە دەرچووە.

٣– ژمارە (٩) لە ڕێکەوتی (٢٠- ١٠- ١٩٨٧)، بە (٨) لاپەڕە دەرچووە.

٤– ژمارە (٢٢) لە ڕێکەوتی (٥-٥- ١٩٨٩)، بە (٢٤) لاپەڕە دەرچووە.

٥– ژمارەکانی (٣٠ و٣١، جمکن) لە مانگی (٩ی- ١٩٩٠)، بە (٣٥) لاپەڕە، بە یەکەوە دەرچوون.

٦– ژمارەی تایبەت ژمارە (١) لە مانگی (٤ ی-١٩٩١)، بە (٨) لاپەڕە دەرچووە، باس لە هەواڵ و هاوکاری بۆ ئاوارەکانی کۆڕە و دەرکردنی بڕیاری (٦٨٨)ی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات.

٧– ژمارە (٣٦) لە مانگی (٤ی-١٩٩١)، بە (٣٩) لاپەڕە دەرچووە.

٨– ژمارە (٤١) لە مانگی (٣ ی – ١٩٩٢)، بە (٣٦) لاپەڕە دەرچووە.

٨– ژمارە (٤٢) لە مانگەکانی (٤ و٥ ی- ١٩٩٢ )، بە (٣٢) لاپەڕە دەرچووە.

٩– ژمارە (٤٣) لە مانگی (٧ ی – ١٩٩٢)، بە (٣٢) لاپەڕە دەرچووە.

١٠– ژمارە (٤٥) لە مانگی (١١ی- ١٩٩٢)، بە (٣١) لاپەڕە دەرچووە.

١١– ژمارە (٤٦) لە مانگی (١٢ی- ١٩٩٢)، بە (٣٢) لاپەڕە دەرچووە.

١٢– ژمارە (٤٧) لە مانگی (٣ ی- ١٩٩٣)، بە (٣٢) لاپەڕە دەرچووە.

١٣– ژمارە (٤٨) لە مانگی (٥ی – ١٩٩٣)، بە (٣٢) لاپەڕە دەرچووە.

١٤– ژمارەکانی (٥١ و٥٢- جمکن) لە مانگی (١٢ی-١٩٩٣)، بە (٤٨) لاپەڕە دەرچوون.

١٥– ژمارەکانی (٥٣ و٥٤ – جمکن) لە مانگی (٣ی- ١٩٩٤)، بە (٤٧) لاپەڕە دەرچوون.

١٦– ژمارە (٥٥) لە مانگی (٦ ی ١٩٩٤)، بە (٣١) لاپەڕە دەرچووە.

١٧– ژمارە (٥٦) لە مانگی (٨ ی- ١٩٩٤)، بە (٣٢) لاپەڕە دەرچووە.

١٨– ژمارەکانی (٥٧ و٥٨ – جمکن) لە مانگی (١٢ی- ١٩٩٤)، بە (٤٤) لاپەڕە دەرچوون.

١٩– ژمارە (٥٩) لە مانگی (یەنیوەری-١٩٩٥)، بە (٣٢) لاپەڕە دەرچووە.

٢٠– ژمارە (٦٠) لە مانگی (٤ی ١٩٩٥)، بە (٣٢) لاپەڕە دەرچووە.

٢١– ژمارەکانی (٦١و٦٢ جمکن) لە مانگی (١٢ی – ١٩٩٥)، بە (٤٧) لاپەڕە دەرچوون.

٢٢– ژمارەکانی (٦٣و٦٤ جمکن) لە مانگی (یەنیوەری- ١٩٩٦)، بە (٤٧) لاپەڕە دەرچوون.

٢٣– ژمارە (٧١) مانگەکانی (٢و٣ی١٩٩٧) بە یەکەوەن، بە (٣١) لاپەڕە دەرچووە، بە قەبارەی (A٤).

٢٤– ژمارەکانی (٨٠ و٨١ جمکن) لە مانگەکانی (٤ تا٧ – ١٩٩٩) بە یەکەوەن، بە (٧١) لاپەڕە دەرچوون.


٢٥– ژمارە (٨٢) مانگەکانی (١٠و١٢ی- ١٩٩٩) بە یەکەوەن، بە (٥١) لاپەڕە دەرچووە.

٢٦– ژمارە (٩١) لە مانگی (٣ی-٢٠٠٣)، بە (٣٩) لاپەڕە دەرچووە[٧١].

---

٧١ . تەواوی ژمارەکانی بڵاوکراوەی زانیاری کوردستان، لە ئەرشیفی کۆمکار و «مام حسەین گولەر» وەرگیراوە. «مام حسەین» چەند ژمارەیەکی زیادی هەبوو بە دیاری پێیدام.

### ٦٦– دەنگی خوێندکارانی کوردستان: ماربۆرگ— ئەڵمانیا— ١٩٨٦:



دەنگی خوێندکارانی کوردستان

گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات- ئەکسا بووە. ژمارەی تایبەت بە کۆنگرەی (٢٦) ئەڵمانیای ڕۆژئاوا- ماربۆرگ لە ڕێکەوتی (١١تا١٣ی–٨-١٩٨٦) بە زمانی کوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامی[٧٢].

١– ژمارە (١) لە ساڵی (١٩٨٦) بە (٥٠) لاپەڕە دەرچووە.

### ٦٧- (FOLTER TERROR – ئەشکەنجە و تیرۆر): کۆڵن – ئەڵمانیا- ١٩٨٦:

بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە مافەکانی مرۆڤی کورد لە تورکیا- باکووری کوردستان، بە زمانی ئەڵمانی. لە مانگی (ئەپریلی-١٩٨٦) ، بە (١٤) لاپەڕە، بە هاوبەشی لەلایەن ڕێکخراوی کۆمکار لە کۆڵن و چەند ڕێکخراوێکی تر لە ئەڵمانیا، بڵاوکراوەتەوە.

کۆمەڵێک بابەتی لە خۆگرتووە، تیایدا داوای کۆتاییهێنان بە ئەشکەنجەدان و ئازادکردنی زیندانیان و ئازادی سیاسی دەکات.

### ٦٨– (KURDISTAN STAR ): باکووری ئەمریکا— ١٩٨٦:


بڵاوکراوەیەک بووە ، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان (AKSA) ، لە باکووری ئەمریکا، بە زمانی ئینگلیزی دەریانکردووە.

١– ژمارە (١٢) لە مانگی (یولی- ١٩٨٦) دەرچووە.

---

٧٢ . عەبدولمۆئمین دەشتی: ڕۆڵی خوێندکارانی کورد لە دەرەوە لە حەفتاکان وهەشتاکان..

## ٦٩— هەڵوێست: زێوە— کوردستانی ڕۆژهەڵات— ١٩٨٦:




گۆڤارێکی سیاسیی ڕۆشنبیریی بوو، لیژنەی سەرپەرشتی(ئاڵای شۆڕش) لە زێوە- شاخ، بە دروشمی: کرێکارانی جیهان یەکگرن. زمان کوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامی بڵاویانکردۆتەوە.*

١– ژمارە (١) لە مانگی (کانوونی دووەمی- ١٩٨٦) بە (٦٢) لاپەڕە و قەبارەی (١٦،٥X٢١سم) ، دەرچووە. نرخ- ٥٠٠ فلسە[٧٣].

## ٧٠- یەکگرتن: کۆبنهاگن- دانیمارک— ١٩٨٦:

گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی تیۆرییە، بنکەی ڕۆشنبیریی یەکگرتن لە کۆبنهاگن بڵاویکردۆتەوە. بە زمانی: کوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامی. سەرنووسەر: هەڵکەوت عەبدوڵلا، هەڵبژاردن و کۆکردنەوەی بابەتە ئەدەبی و هونەرییەکان: فەرهاد پیربباڵ، دەستەی بەڕێوەبردن: ا.ی.توانا، ڕزگار ئاوارە، ئەنجام ئەحمەد. ژمارەی لاپەڕەکانی (١٠٠ تا١٨٠) بووە.

١– ژمارە (١) لە مانگی (٦ی-١٩٨٦ ) دەرچووە. دواژمارە (ژ-١٧) بووە لە ساڵی (١٩٩٤) بڵاوکراوەتەوە[٧٤].

٢ – ژمارە(١١) لە وەرزی (بەهاری-١٩٩٠) دەرچووە. ئەم ژمارەیە لە ئەرشیفی خۆمدا.

* لە ڕێکەوتی(٧-٤-٢٠١٥) سەبارەت بە گۆڤاری هەڵوێست و ڕۆژنامەی ئاسۆی کرێکار و بڵاوکراوەکانی ئاڵای شۆڕش، بە تەلەفۆن پێوەندیم بە «حەسەن عەبدوڵا حەسەن» ئەندامی پێشووی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش و سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەی ئاسۆی کرێکار کرد، لە وەرامی پرسیارەکانم گوتی:" گۆڤاری هەڵوێست، دوو ژمارەی بڵاوبۆتەوە، ژمارەی یەکەمی تیراژی زۆر بوو، بەڵام ژمارەی دووەمی زۆرکەم بوو( دڵنیا نەبوو لە بڵاوبونەوەی!). هاوڕێ «خەبات» هەڵەچن بوو، ئەو پتر ئاگای لێیە، دواتر قسەی لەگەڵ دەکەم وەڵامت دەدەمەوە." سەبارەت بە ڕۆژنامەی ئاسۆی کرێکار گوتی:" لە گۆڤاری ژمارە ( ١٥- ی کوردستان ٢١- ٢٠١٢) زۆر بە وردی باسم کردووە." زۆربەی زانیارییەکانیش هەر ئەوە بوون، کە لە گۆڤاری کوردستان ٢١ نووسیویەتی.

٧٣ . دۆسیەی تایبەت بە ئاڵای شۆڕس: گۆڤاری: کوردستان ٢١، ژمارە، ١٥، ساڵی - ٢٠١٢.
٧٤ . د. فەرهاد پیرباڵ: چەند باسێک لەبارەی مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە، ل٢٠٢.


## ١٩٨٧

### ٧١- ئینفۆ (INFO) : بڵاوکراوەی تایبەت: ئەڵمانیا— ١٩٨٧:

بڵاوکراوەیەکی تایبەتە، بە زمانی ئەڵمانی بە (٤) لاپەڕە و قەبارەی کەمێک لە (4A) گەورەتر دەرچووە، لەلایەن پلاتفۆرمی گەنجانی تورکیا بۆ باکووری کوردستان.

ئەم پلاتفۆرمە لە مانگی (پێنجی ١٩٨٧) بۆ ئەو پەنابەرانەی لە ڕۆژئاوای ئەورووپا دەژیان، دامەزراوە. ئەم ڕێکخراوە لە تورکیا قەدەغەیە، بەشێک لە ئەندامانی ئەو کەسانەن، کە لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە ئەشکەنجە دراون و بەشێکی دیکەیشیان لە زیندانیانن. نووسیویانە: ئامانجی ئێمە هاوکاری جیهانییە بۆ گەنجانی کورد و تورک لە تورکیا، خەبات بۆ پتەوکردنی ئاشتی دەکەین. ئامانجێکی دیکەی ڕێکخراوەکەمان بۆ یەکبوون بە هەموو بیروڕا جیاوازەکان، ئێمە و چەندین ڕێکخراوی تر بە یەکەوە کار دەکەین.

### ٧٢– ڕابەر: هەولێر- کوردستان- ١٩٨٧:


رابەر

ئۆرگانی حزبی بوو- بڵاوکردنەوەی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست[٧٥].

چەند نووسەر و هونەرمەندی کرێکاریی بەشداریان تێداکردووە، بە زمانی کوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامی.

١– ژمارە (١٢) لە مانگی (تشرینی دووەمی-١٩٩١) بە (٣٥) لاپەڕە دەرچووە.


### ٧٣– قەرەچووغ – هەولێر— ١٩٨٧:

گۆڤاری قەرەچوخ لەلایەن لقی قەرەچووغی حزبی شیوعی عێراق دەرچووە. ئەوانەی کاریان تێداکردووە، (حەمە عەباس، سیا، ئەبو ئەحلام) ژمارەی یەکەمیان لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٧ دەرچووە. دووانی دیکەیش ساڵی ١٩٨٨. بە گشتی سێ ژمارەی لێدەرچووە. گۆڤارەکە دەستنووس بووە، سێ دانە بووە، نووسخەی یەکەمی بە قەڵەم جاف نووسراوە، دوودانەکەی تریشی کاربۆنیان لەژێر داناوە، بە زمانی کوردی ناوەڕاست و زمانی عەرەبی بە ڕێنووسی ئارامی، زۆرترین بابەتەکانی کوردی بوون[٧٦].

٧٥ . نامەی عەبدوڵڵا سلێمان مەشخەڵ لە ڕێکەوتی ( ٢١-٦-٢٠١٣).
٧٦ . نامەی ئەلیکترۆنی «حەمە عەباس» لە ڕێکەوتی٢٩-١٢- ٢٠١٤، بۆ زانیاری پتر سەیری نامەکەی «حەمە عەباس» بکە.

## ١٩٨٨

### ٧٤- ئازادی دێت (Özgür gelecek) — ١٩٨٨:




گۆڤارێکی سیاسی کلتووریی کوردی مانگانە بووە. لە ئەنقەرە بە زمانی تورکی دەرچووە. خاوەنی ئیمتیاز: محەممەد بەیراق، بەڕێوەبەری نووسین: بەکر کێسین .

١- ژمارە (١) لە مانگی(١٢- ١٩٨٨) دەرچووە، بە (٤٨) لاپەڕە، قەبارە (٢٧،٥ بە ١٩.٥ سم) واتە کەمێک لە (4A) بچووکتر.

٢. ژمارە (٨) دوا ژمارەی گۆڤاری ئازادی دێتە، لە مانگی تەمموزی (١٩٨٩) بە (٤٨) لاپەڕە دەرچووە. بە هەمان قەبارەی ژمارە (١)، ئەم دوو ژمارەیە لە ئەرشیفی مندا پارێزراون.

### ٧٥- ئالا یەکێتی (ala yekîtî): کۆڵن- ئەڵمانیا— ١٩٨٨:

گۆڤارێکی سیاسی بووە، لە شێوەی ڕۆژنامە لەلایەن ڕێکخراوی کاوە لە ئەڵمانیا دەرکراوە. بە قەبارەی (4A) و زمانی کوردی باکوورو زمانی تورکی بە ڕێنووسی لاتینی. بە درووشمی: کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد و دیموکراتیک. لە هێندێک ژمارەکانی دواتر نووسراوە: بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ و دیموکراسی بۆ سۆسیالیزم. ناونیشانی کۆڵن و ژمارەی حسابی بانکی بۆ بەشداربوون هەیە.

١- ژمارە (١) لە مانگی تەمموزی ساڵی(١٩٨٨)، بە (٢٤) لاپەڕە دەرچووە.

٢- ژمارە (٢٧) لە مانگی ئاداری ساڵی (١٩٩٢)، بە (٢٤) لاپەڕە دەرچووە.

٣ – ژمارە (٣٣) لەمانگی حوزەیرانی- ساڵی (١٩٩٤)، بە (٣٥) لاپەڕە دەرچووە.

### ٧٦- بەرەی کوردستانی: شاخ- کوردستان- ١٩٨٨:

ئۆرگانی ناوەندی بەرەی کوردستانی (ڕێکخراوی پارتە سیاسییەکان- باشووری کوردستان) بووە. ژمارەی یەکەمی لە ڕێکەوتی- ٢٩-٩- ١٩٨٨ دەرچووە[٧٧]. زمان کوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامی.

٧٧ . ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، ئیسماعیل تەنیا،ل٢١٠.


بەرەی کوردستان
ئایا دکتاتۆرییەی بەدیموکراسیەت دەبات؟!

بەرەی کوردستان

١- ژمارە (١٥) ساڵی دووەم، لە مانگی (کانوونی یەکەمی١٩٨٩) بە (٢٠) لاپەڕە و قەبارەی (4A) دەرچووە. نرخ ٥٠٠ فلس[٧٨].

## ٧٧- میدیاگونەشی (MEDYA GÜNEŞİ): ئیستەنبول- تورکیا- ١٩٨٨:



میدیا گونەشی

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سیاسیی گشتییە. زمان: تورکی. خاوەنی ئیمتیاز: جەمال ئۆزچاک. سەرنووسەر و بەڕێوەبەر: یاقووب قەرەدەمیر. قەبارەی کەمێک لە (4A) بچووکترە. لە وڵاتانی ئەورووپاش بڵاوکراوەتەوە.

١- ژمارە (٧) ساڵی (١) بۆ هەردوو مانگەکانی (یەنیوەر و شوباتی ١٩٨٩) پێکەوە بە (٦٢) لاپەڕە دەرچووە.

٢- ژمارە (٩) ساڵی (٢) بۆ هەردوو مانگەکانی (مایس و حوزەیرانی ١٩٨٩) پێکەوە بە (٦٤) لاپەڕە دەرچووە[٧٩].

## ٧٨- وەڵام: مەجەرستان- ١٩٨٨:

گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی هەمەجۆر بووە، ناو بە ناو بە زمانی کوردیناوەراست و عەرەبی ڕێنووسی ئارامی دەرچووە. دەنگی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات – لقی مەجەرەستان بووە[٨٠].

٧٨ . لە ئەرشیفی ناوەندی کوردی- ئەڵمانی- مانهایم- لودڤیگسهافن.وەرگیراوە.
٧٩ . لە ئەرشیفی مام حسەین گولەر – مانهایم، وەرگیراوە.
٨٠ . عەبدولموئمین دەشتی: ڕۆڵی خوێندکارانی کورد لە دەرەوە لە حەفتاکان وهەشتاکان.

١– ژمارە (١) ساڵی یەکەم لە ساڵی (١٩٨٨) دەرچووە.
٢– ژمارە (٢) ساڵی یەکەم لە ساڵی (١٩٨٨) دەرچووە.
٣– ژمارە (٣) ساڵی یەکەم لە ساڵی (١٩٨٨) دەرچووە.

## ١٩٨٩

### ٧٩ – ئاسۆی کرێکار: هەولێر- باشووری کوردستان- ١٩٨٩:

ڕۆژنامەی ئاسۆی کرێکار، کۆمیتەی ڕێکخستنی ئاڵای شۆڕش لە پارێزگای هەولێر دەریانکردووە. بیرۆکەی دەرکردنی ڕۆژنامەیەک بە ناوی ئاسۆی کرێکار لەلایەن شەهید«لوقمان محەممدئەمین عەلی- کاروان» پێشنیاز کراوە. بە زمانی کوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامی، نووسەرانی پێکهاتبوون لە هەردوو دەزگای ڕێکخستن و کۆمیتەی هەولێر. سەرپەرشتیکردنی ڕۆژنامەکە «حەسەن عەبدوڵلا حەسەن» بوو، دوو ژن بە ناوەکانی «خونچە سلێمان و زەینەب عەبدوڵڵا حەسەن» هاوکاریان کردوون. تابیعەیەکی بچووکی ناو جانتایەکیان هەبوو، لە ئێرانەوە بۆیان هاتبوو. بڕیار بوو ناوی شەهید «عەبدولڕەحمان مەولوود- کاروان»ی لێ بنێن، شەهید عەبدولڕەحمان لە ڕێکەوتی ١١-٢-١٩٨٧ لە دائیرەی ئەمن مانی لە خواردن گرت تا دواجار گیانی سپارد. کەواتە ڕۆژنامەی ئاسۆی کرێکار لە چاپخانەی شەهید عەبدولڕەحمان– کاروان چاپکراوە. کارەکان هەرەوەزی بوون، نووسەران: شەهید لوقمان حەمەدئەمین عەلی- کاروان بە نازناوی: کاروان، سەفین، سالم عەلی، سەلیم ئەحمەد. حەسەن عەبدوڵلا حەسەن بە نازناوی: ڕابەر بەکر، ڕاکێشان، ژیار، ژیاننامەی شەهیدان. حەسەن یاسین بە نازناوی: هاوڕێ سادق، ئەیووب سەعید، سامی ئەحمەد. ئەیووب عەبدولکەریم بە نازناوی: لاوە پشکۆ. خەلیل ئەحمەد نازنینی بە ناوی: ڕێبین محەممەد لە ژمارەی -٣- دا بابەتێکی هەبوو. کامەران عەزیز. د.شوان محەممەد عومەر بە ناوی: گاوان خدر لە ژمارە -٣-دا بابەتێکی هەبوو. ئەمانە بابەتیان بڵاوکردۆتەوە. ئەم ناوانە بەشداربوون لە نووسین دەرکردنی ڕۆژنامەی ئاسۆ کریکار بۆ زانیاری زیاتر سەیری سەرچاوەی ناوبراو بکە.


کرێکارانی جیهان، یەکگرن!
ئاڵای شۆڕش
ئاسۆی کرێکار
ڕۆژنامەیەکە کۆمیتەی پارێزگاکان دەری دەکات
ژمارە (٢)

ئاسۆی کرێکار

١– ژمارە (١) لە مانگی (ئابی- ١٩٨٩) بە (١٠) لاپەڕە دەرچووە. لەسەر بەرگی پێشەوە نووسراوە: ئاسۆی کرێکار، ڕۆژنامەیەکە کۆمیتەی پارێزگاکان دەریدەکات. درووشمی:

کرێکارانی جیهان یەکگرن و تێدەکۆشین لە پێناو ڕووخاندنی ڕژێمی فاشی و دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی شۆڕشگێر، نووسراوە. ئارم لە بەشی سەرەوە لای چەپ: ئەستێرەیەک و لەژێری چەکوش و داس هەیە. نرخ (٢٥٠) فلس. لاپەڕەی یەکەم: سەروتار، تایبەتە بە وەستانی شەڕی نێوان عێراق و ئێران، هەلومەرجی نە ئاشتی و نە شەڕ، هاتنەپێشەوەی هەلومەرجێکی نوێ، کە ژیان لە بەرژەوەندی گشتیدا، نووسینی شەهید کاروان. قبوڵکردنی بڕیارنامەی (٥٩٨) ی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٢– ژمارە (٢) لە مانگی (ئەیلوولی-١٩٨٩) بە (١٠) لاپەڕە دەرچووە. هەمان دیزاینی ژمارە یەکی هەیە. لە لاپەڕەی یەکەمدا: سەروتار: لە یادی یەکەمین کۆنفرانسی دامەزراندنی ئاڵای شۆڕش لە ڕێکەوتی (٢٢تا ٢٦ی ئابی١٩٨٨) نووسینی شەهید لوقمان محەممەدئەمین- کاروان. پۆلەندا و حکوومەتی نوێ.

٣– ژمارە (٣) لە کۆتایی مانگی (تشرینی یەکەمی- ١٩٨٩)، ئامادە کرابوو بۆ بڵاوکردنەوە، لە ڕێکەوتی(٤-١١- ١٩٨٩) کەوتە دەست دائیرەی ئەمنی هەولێر(لیژنەی ئەمنی زانکۆ)، ئەم لیژنەیە تایبەت بوو بە جموجۆڵی ڕێکخستنەکانی ئاڵای شۆڕش. شێوەی چاپی ئەم ژمارەیە باشتربوو لە دوو ژمارەکەی پێشتر، بە تیراژی (١٥٠) دانە بوو[٨١].

### ٨٠– :(Internationale konfrenz: Menschenrecht in Kurdistan) ١٤-١٦/ ٤/ ١٩٨٩


بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە: کۆنفرانسی جیهانی بۆ مافی مرۆڤ لە کوردستان، لە ڕێکەوتی (١٤تا١٦- ٤- ١٩٨٩) لە شاری برێمنی ئەڵمانیا، بە زمانی تورکی ، بە (١٢) لاپەڕە و قەبارەی کەمێک لە (4A) گەورەتر بڵاوکراوەتەوە.

### ٨١– بانگ – خەباتی شاخ- کوردستانی باشور– ١٩٨٩:

گۆڤاری کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان بووە، لە شاخ دەرچووە. ژمارە(١) لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٩) بە(٦٦) لاپەڕە دەرچووە. سەرنووسەر: فەلەکەدین کاکەیی، دەستەی نووسەران: ئەبوبەکر خۆشناو، کاروان عەبدوڵڵا، ئیدریس چەڵکی، بەرۆژ ئاکرەیی. زمانی کوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامی، بەیانی دامەزراندنی کۆمەڵەی نووسەران بە زمانی کوردی ڕێنووسی لاتینی تێدایە.


ژمارە (٣) ئایاری (١٩٩٠) بە (٧٤) لاپەڕە و پاشکۆیەکی بە(٦) لاپەڕە دەرچووە. زمان کوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامی و کوردی باکوور ڕێنووسی لاتینی، زمانی عەرەبی. پاشکۆی بانگ بەیانی کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستانی تێدایە، بە بۆنەی (٩٢) ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی بە

٨١ . حەسەن عەبدوڵڵا حەسەن: وردبوونەوەیەک لە ئاسۆی کرێکار- چەند لاپەرەیەکی شاراوە لە خەباتی هەرە سەختی ئاڵای شۆڕشدا،ئاسۆی کرێکار- چەند تیشکێک و وردبوونەوەیەک لە رۆژگاری ئەو رۆژنامەیەدا- گۆڤاری کوردستان ٢١، ژمارە -١٥، ساڵی -٢٠١٢.




زمانی عەرەبی. ناونیشان: دیمەشق- سوریا، ستۆکهۆڵم- سوید.
ژمارە (٤) لە مانگی (ئابی-١٩٩٠) ، بە (٦٤) لاپەڕە دەرچووە. لەسەر بەرگ بانگەوازی ئازادی بۆ نووسەری گەورەی تورک و داکۆکیکار لە مافەکانی گەلی کورد «ئیسماعیل بێشکچی» دەکات[٨٢].

### ٨٢– پیا(PIYA): ستۆکهۆڵم — سوید – ١٩٨٩:



بیا

گۆڤارێکە تایبەت بە شێوەزار و کولتووریی زازاکی، ئەدرێسی شارۆچکەیەکی بچووکی سەر بە ستۆکهۆڵم بە ناوی سکیرهۆلمنی لەسەر نووسراوە. ئەم گۆڤارە بە زمانی کوردی باکوور دیالێکتی زازاکی و تورکی ڕێنووسی لاتینی و زمانی ئینگلیزی دەرچووە. سەرنووسەر: ئەبوبەکر پاموکجو، دەستەی نووسەران: ئەردەوان- چ، سۆری، عەلیشێر، هێسە، کوراجا میر سەیدان، سۆشن بیرا.

١– ژمارە (٩) لە وەرزی (پایزی- ١٩٨٩) بە (٨٠) لاپەڕە و قەبارەی (٢١،٥) بە ١٥،٥ سم) دەرچووە[٨٣].

### ٨٣– دەنگ DENG) ) ئیستەنبول— تورکیا— ١٩٨٩.

گۆڤارێکی سیاسی کولتوریی کوردییە، مانگی جارێک و دواتر دوومانگ جارێک دەرچووە، هاوکات وەک پێویست لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا دەرنەچووە. زمان : تورکی و کوردی باکوور ڕێنووسی لاتینی. لە ئیستەنبول دەرچووە. قەبارەی لە (4A) کەمێک بچووکترە. خاوەن ئیمتیاز و دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەرانی گۆڤار چەندین جار گۆڕاون.

١– ژمارە (١) ساڵی یەکەم، لە مانگی (١٢- ١٩٨٩) ، بە (٦٤) لاپەڕە، قەبارەی کەمێک لە

---

٨٢ . ئەو سێ ژمارەی گۆڤاری (بانگ) سەعید کاکی ناردبووی بۆ پەیجی هەواڵنامەی کتێب– چالاک مەحموود.
٨٣ . لە ئەرشیفی مام حسەین گولەر- وەرگیراوە.




(4A) بچووکترە، خاوەنی ئیمتیاز: حیکمت چەتین. بەڕێوەبەری نووسین: کامیل ئێرمیش. مافی سەرپەرشتیاری: سەرهەد بوجاک. شوێنی چاپ: ئیستەنبول– تۆپ قاپی – بیزیم ئۆ فسێت.

ناونیشان: ئیستەنبول – ئاکسەرای– دیاربەکر- ئەڵمانیا– بۆن.

ژمارەی حیسابی بانکی هەیە. لە بەرگی دواوەی وێنەیەکی (شێخ سەعید پالۆیی) هەیە.

٢– ژمارە (٥٩)، ساڵی (١١)، مانگی نیسان و مایسی ساڵی (٢٠٠١) لە یەک بەرگدا دەرچوون، بە (٤٨) لاپەڕە. خاوەن ئیمتیاز: فازیل ئۆزچەلیک . بەڕێوەبەری نووسین: بوڵند دەمیرل. سەرپەرشتیار: ئاف، هامیات ئیزۆڵ.

٣– ژمارە (٦٢) ساڵی (١٢) مانگی (١٢- ٢٠٠١) و مانگی (١- ٢٠٠٢) بە (٥٦) لاپەڕە. هەمان گرووپی بەڕێوەبەری ژمارە (٥٩) .

٤– ژمارە (٦٣) ساڵی (١٢)، لە مانگی (شوبات- مارتی ٢٠٠٢) دەرچووە.

٥– ژمارە (٦٨) ساڵی (١٣)، مانگی شوبات (٢٠٠٣)، بە (٤٨) لاپەڕە. خاوەنی ئیمتیاز: زۆزان سێزن. بەڕێوەبەری نووسین: محەممەد ئاسلان. سەرپەرشتیار: ئاف، ئێرهان ئیسلانەر. وێنەی بەرگ : ڕەمەزان ئۆزتورک. ناونیشان: ئیستەنبول – ڤوبەرتال، ئەڵمانیا.

٦– ژمارە (٧٠) ساڵی (١٣) مانگەکانی: مایس- حوزەیران – تەمموزی (٢٠٠٣) لە یەک بەرگدا دەرچوون، بە (٧٢) لاپەڕە، هەمان خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری نووسین و سەرپەرشتیاری ژمارەی (٦٨) و هەمان ناونیشان.

٧– ژمارە (٧٥) ساڵی (١٥) مانگی ئەیلولی (٢٠٠٤)، بە (٤٨) لاپەڕە. خاوەن ئیمتیاز: زۆزان سێرت. بەڕێوەبەری نووسین: ئایدۆغان ئەناڵ.

٨– ژمارە (٨٥) ساڵی (٢١)، مانگی شووباتی (٢٠١٢)، بە (٦٤) لاپەڕە. خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای ئەڤینی گەشتیاریی. بەڕێوەبەری نووسین: عومەر ماولای. ئامادەکردنی: ئەحمەد بیوت. ناونیشان: ئیستەنبول- هەولێر- ئەڵمانیا.

٩––ژمارە (٨٦) ساڵی (٢١) مانگی حوزەیرانی (٢٠١٢) بە (٨٨) لاپەڕە. هەمان گرووپی بەڕێوەبەرانی ژمارە (٨٥).

١٠–– ژمارە (٨٩). ساڵی (٢١) مانگی (١٢-٢٠١٢) بە (٨٨) لاپەڕە. هەمان گرووپی بەڕێوەبەرانی

ژمارە (٨٥)[٨٤].

ئەم سێ ژمارەیەم بەم دواییانە دەست کەوت:-

١١ – ژمارە (٩٧) ساڵی (٢٥) لەمانگی نیسانی ساڵی (٢٠١٥) بە (٧٢) لاپەڕە دەرچووە. ناونیشانی دیاربەکری لەسەر نووسراوە، دەستەی نووسەرانیش گۆڕاون.

١٢ – ژمارە (٩٨) ساڵی (٢٥) لەمانگی حوزەیرانی ساڵی (٢٠١٥) بە (٨٠) لاپەڕە دەرچووە.

١٣ – ژمارە(١٠١) ساڵی (٢٦) لەمانگی مارتی ساڵی (٢٠١٦) بە (٧٢) لاپەڕە دەرچووە.


## ٨٤– زمناکۆ: ڕۆمانیا- – ١٩٨٩:

گۆڤارێکی ڕامیاریی ڕۆشنبیریی بوو، لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد- کوردستان لە ئەورووپا- لقی ڕۆمانیا- (KSSE ) کسێ، بە زمانی کوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامی وزمانی عەرەبی دەرچووە.

١– ژمارە (١) لە مانگی (ئەیلولی- ١٩٨٩) دەرچووە.

٢– ژمارە(٢) لە مانگی (مارتی- ١٩٩٠) دەرچووە.

## ٨٥ – کینە ئەم (Kine Em)- بریمن – دیوسبۆرگ– کۆڵن– ١٩٨٩:



کینە ئەم

گۆڤاری (کینە ئەم) کۆمەڵەی گەنجانی کوردستان (KOM CIWAN -کۆم جوان - مۆڵەتدار ) بڵاویانکردۆتەوە، زمان : کوردی باکوور ڕێنووسی لاتینی – تورکی – ئەڵمانی. بەرگی گۆڤارەکە لە ژمارەکانی (٩و١٠) ڕەنگاوڕەنگە، ژمارەی (٧) ڕەشوسپییە، تەنێ ناونیشانی گۆڤارەکە لەسەر بەرگی پێشەوە بە گەورەیی و ڕەنگی شین نووسراوە. بابەتەکانی گۆڤار: کولتوریی، سیاسی، ژیانی لاوانی کورد لە تاراوگە لە خۆ دەگرێت. ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی (١٩٨٨) لە شاری (بریمەن- ئەڵمانیا ) دامەزراوە.

بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە زمان وکولتوری کوردی، تێکەڵ بوون بەکۆمەڵگەی ئەڵمان لەنزیکەوە سوودمەندبوون، بەشێک لەزمانی گۆڤارەکە بە ئەڵمانی بڵاوکراوەتە.

---

٨٤ . تەواوی ژمارەکان لە ئەرشیفی: مام حسەین گولەر و کۆمکار- مانهایم ، وەر گیراون.

١– ژماره (١) له ساڵی (١٩٨٩) به (٨) لاپەڕە و قەبارەی (5A) لەشاری برێمن بڵاوكراوەتەوە[٨٥].

٢– ژماره (٦) لە ساڵی (١٩٩٦) بە (١٤) لاپەڕە دەرچووە. لەسەر بەرگی پێشەوە نووسراوە: پەنجا ساڵەی كۆماری مهاباد پیرۆز بێت. وێنەیەكی پێشەوا «قازی محەممەد» دانراوە.

٣- ژمارە (٧) لە ساڵی (١٩٩٦) لە كۆڵن بە (١٢) لاپەڕە دەرچووە . بە قەبارەی (4A). لاپەڕەكانی ڕەشوسپییە، لە ناوەڕاستی بەرگی پێشەوە لە سەرەوە بە ڕەنگی شین نووسراوە: كینە ئەم، لە ناوەڕاستدا نووسراوە: ئەمڕۆ و سبەی دەخوازین.

٤-ژمارە(٩) لە ساڵی (١٩٩٧) لە كۆڵن دەرچووە، بە(٣٠) لاپەڕە، قەبارە (١٨،٥X٢٧،٥سم).

٥- ژمارە (١٠) لە ساڵی (١٩٩٧) لە كۆڵن دەرچووە، بە (٣٠) لاپەڕە، قەبارەكەی كەمێك لە قەبارەی ژمارە (٩) بچووكترە. لەسەر بەرگی پێشەوە وێنەی منداڵێك هەیە، بە گەورەیی نووسراوە: هیوا لە ئاشتیدایە[٨٦].

٦- ژمارە (١١) لە ساڵی (١٩٩٨)، بە (٣٢) لاپەڕە دەرچووە.

٧- ژمارە (١٣) لە ساڵی (١٩٩٨)، بە (٣٢) لاپەڕە دەرچووە.

٨- ژمارە (١٤) لە ساڵی (١٩٩٩)دا دەرچووە[٨٧].

٩ – ژمارە (١) لەمانگی ئاداری ساڵی (٢٠١٢) بە (١٨) لاپەڕە دەرچووە، بە زمانی كوردی باكوور ڕێنووسی لاتینی وزمانی ئەڵمانی.

لەبەرگی دواوەی گۆڤار وێنەی هەڵدانی ئاڵای كوردستان لە كۆماری مهاباد و شیعری ئەی ڕەقیبی دڵدار دانراوە.

### ٨٦– نشرە الآخباریە: بەرلین— ئەڵمانیا— ١٩٨٩:

بڵاوكراوەیەك بوو، كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە ئەورووپا(KSSE) كسێ، لە شاری بەرلین – ئەڵمانیا، بە زمانی عەرەبی ڕێنووسی ئارامی دەریانكردووە.

١– ژمارە (٢) لە مانگی (تەمموزی- ١٩٨٩) دەرچووە[٨٨].

## ١٩٩٠

٨٥ . بزاڤی ڕۆژنامەگەری كوردی لە ئەڵمانیا، ئیسماعیل تەنیا، ل٧٧.
٨٦ . ئۆرگینالی ژمارەكانی (٧ -٩ – ١٠) لە ئەرشیفی مندا پارێزراون.
٨٧ . ژمارەكانی دیكە لە ئەرشیفی «مام حسەین گولەر» پارێزراون.
٨٨ . عەبدولموئمین دەشتی: ڕۆڵی خوێندكارانی كورد لە دەرەوە لە حەفتاكان وهەشتاكان.

## ٨٧– ئاڵای شۆڕش- (ALAY SHORSH ): زێوە – کوردستانی ڕۆژهەڵات- ١٩٩٠:

ئۆرگانی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش بوو، لە سەردەمی خەباتی شاخ بە زمانی کوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامی، لە شاری زێوەی کوردستانی ڕۆژهەلات دەرچووە. ناونیشانی: ئێران- ئورمییە- سندوقی بەرید(٧٧٨)ی لەسەر نووسراوە، بە نرخی (٥٠٠) فلس.

١– ژمارە (١) لە مانگی (ئایاری-١٩٩٠) بە (٢٠) لاپەڕە دەرچووە. لەسەر لاپەڕەی یەکەم نووسراوە: تایبەتە بە بڕیارەکانی کۆبونەوەی فراوانی یەکگرتنەوەی (ئاڵای شۆڕش)، ڕاپەڕین کێوی فاشییەکان لە بن دێنێ. ڕوانگەی ژمارە- یەکی ئایار و یەکەم ژمارەی ئاڵا.

٢- ژمارە (٣) لە مانگی (تەمموزی- ١٩٩٠) بە (٢٤) لاپەڕە دەرچووە.

٣– ژمارە (٤) لە مانگی (ئابی-١٩٩٠) بە (٢٠) لاپەڕە دەرچووە. لەم ژمارەیەوە پاشکۆی ئەدەبی لەگەڵدایە، پاشکۆی ئەدەبی ژمارە (٤)، هاوکات (٤) لاپەڕەیە، لە لاپەڕەی یەکدا: پیرۆزبایی یەکگرتنی یەکێتی و کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستانی تێدایە، لەلایەن ڕاگەیاندنی ئاڵای شۆڕش- ١٥-٨- ١٩٩٠.

٤– ژمارە (٥) لە مانگی (ئەیلوولی-١٩٩٠) بە (٢٠) لاپەڕە و لەگەڵ پاشکۆی ئەدەبی ژمارە(٥) بە (٨) لاپەڕە دەرچووە.

٥– ژمارە (٦) لە مانگی (تشرینی یەکەمی- ١٩٩٠) بە (٢٤) لاپەڕە و لەگەڵ پاشکۆی ئەدەبی ژمارە (٦) بە (١٢) لاپەڕە دەرچووە. لە لاپەڕە (٢٣)دا کاریکاتێر بە زمانی عەرەبی هەیە.

٦– ژمارە (٧) لە مانگی (تشرینی دووەمی-١٩٩٠) بە (٣٢) لاپەڕە و لەگەڵ پاشکۆی ئەدەبی ژمارە (٧) بە (١٢) لاپەڕە دەرچووە[٨٩].


ئاڵای شۆڕش
پاشکۆی ئەدەبی
بڕیارەکانی کۆبونەوەی فراوانی یەکگرتنەوەی (ئاڵای شۆڕش)
ڕاپەڕین ، کێوی فاشیەکان لە بن دێنێ
پیرۆزبایی . . . یەکگرتنی یەکێتی و کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان

ئاڵای شۆڕش 1990 لەگەڵ پاشکۆی ئەدەبی

٨٩ . گۆڤاری کوردستان ٢١، ژمارە : ١٥، سالی : ٢٠١٢، دۆسیەی تایبەت بە ئاڵای شۆڕش.

### ٨٨– تەڤگەر (TEVGER): ستۆکهۆڵم- –سوید— ١٩٩٠:


TEVGER
TEVGER
Bi Kurdî û Tirkî ji du mehan carekê derdikeve
Navnîşan: P. Box: 943
114 21 Stockholm/Sweden
Postgiro: 56 13 18-7 Sweden
Sal: 2, Hejmar: 7
Organa Merkezî ya Tevgera Rizgariya Kurdistan
Çileyê Paşîn 1990

Bi Hêvîyên Nû
Em Dikevin Sala Nû..

Rapora Komela Mafên Mirovî ya Diyarbekir

Li ser bûyerên Romanya

ئۆرگانی مەرکەزی تەڤگەری ڕزگاری کوردستان بووە، لەسەر بەرگی نووسراوە: دوو مانگ جارێک بە زمانی کوردی باکوور و تورکی ڕێنووسی لاتینی، لە شاری ستۆکهۆڵمی – سوید دەرچووە.

١– ژمارە (٧) ساڵی (٢) لە مانگی (کانوونی دووەمی-١٩٩٠)، بە (٨) لاپەڕە و قەبارەی ئاسایی ڕۆژنامە (3A) دەرچووە.

### ٨٩- ڕێبازی نوێ: شاخ- کوردستان - ١٩٩٠:

ئۆرگانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، بە زمانی کوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامی دەرچووە. (ژمارەی یەکەمی لە کانوونی دووەمی- ١٩٧٦- لە شاری دیمەشق- سوریا دەرچووە، نرخ ٥٠٠ فلس.[٩٠])

١– ژمارە (١٠) لە مانگی (تشرینی یەکەمی-١٩٩٠) بە (١٦) لاپەڕە و قەبارەی (4A) دەرچووە، لە دوا لاپەڕەدا هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەند(حەمەساڵح دیلان) بڵاوبۆتەوە[٩١].

### ٩٠- کوردستان (Kurdistan): هانۆڤەر— ئەڵمانیا— ١٩٩٠:

ڕۆژنامەیەک بوو، خوێندکارانی سۆسیالیست لە ئەورووپا(SOKSE)، بە زمانی ئەڵمانی لە شاری هانۆڤەری ئەڵمانیا دەریانکردووە.

١– ژمارە (١) لە مانگی (یەنیوەری-١٩٩٠) بە (٨) لاپەڕە دەرچووە[٩٢].

---

٩٠ . ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، ئیسماعیل تەنیا، ل٢٥.


٩١ . لە ئەرشیفی ناوەندی کوردی- ئەڵمانی- مانهایم- لودڤیگسهافن ، وەرگیراوە.

٩٢ . عەبدولموئمین دەشتی: ڕۆڵی خوێندکارانی کورد لە دەرەوە لە حەفتاکان وهەشتاکان.

## ٩١- (KURMANCÎ - کرمانجی): پاریس— فەرەنسا—١٩٩٠:

ڕۆژنامـەی تایبەتـی ئەنیسـتیتیوتی کـورد- لـە پاریس لەسـەر پرسـی زاراوەی کرمانجی بـووە، بـە زمانـی کـوردی ناوەڕاسـت ڕێنووسـی لاتینـی بڵاوکراوەتـەوە.

١- ژمـارە (٦) لـە (زسـتانی-١٩٩٠) بـە (٤) لاپـەڕە و قەبـارەی(٤٢,٥ بـە ٣٠سـم) دەرچـووە.


hejmar 6 zivistan 1990

KURMANCÎ

rojnameya taybetî ya Enstîtuya Kurdî ya Parîsê li ser pirsên zaravê kurmancî

*Min ev nivîsî ne ji bo sahibrewacan*
*Belkî ji bo biçûkêd Kurmancan*

**Ehmedê Xanî**
(Sedsala XVII)

ANATOMIYA MIROV
(dumahîka hejmara 5)

| kurdî | tirkî | fransizî | îngilîzî |
| --- | --- | --- | --- |
| 1-29 QERQÛDE, SKELET | İSKELET | SQUELETTE | SKELETON |
| 15-17 DEST | EL | MAIN | HAND |
| 22-25. LING | BACAK | JAMBE | LEG |
| 26-29. PÊ | AYAK | PIED | FOOT |

**Civîna Stockholmê**

Civîna şeşemîn a li ser zaravê kurmancî li Xwendegeha bilind a Biskops Arnö, nêzî bajarê Stokholmê, roja 12 ê teşrînê dest pê kir û heya 18 ê teşrînê dom kir.

Hevalên ku di vê civînê de beşdar bûn ev bûn: Rojen Barnas (Diyarbekir), Lutfî Baksî (Xerza), Mahmûd Baksî (Xerza), Cemal Batu (Mêrdîn), Xelîl Dihokî (Dihok), Mûsa Kaval (Hekarî), Hazim Kiliç (Hekarî), Kendal Nezan (Diyarbekir), Huner Salim (Akrê), Mehmed Uzun (Swêrek), Reşo Zîlan (Agirî).

Civîn vê carê jî li ser peyvên hiqûqî û yên Anatomiya Mirov xebitî. Paşê Hazim Kiliç rapora xwe li ser termên ku di çandiniyê de tên bi kar anîn pêşkêş kir. Beşdar bi firehî li ser van peyvan rawestiyan.

Ewê civîna bihara 1990 giraniya xwe bide terminolojiya edebî û kurmanciya nivîskî ya *Hawar* û *Roja Nû*.

KURMANCÎ

**Termên Çandinî**

Raportor: *Hazim Kiliç*

| kurdî | tirkî | fransizî | îngilîzî |
| --- | --- | --- | --- |

کورمانجی

## ٩٢- (nûçeyên enstituye – هەواڵەکانی ئەنیستیتیوت): پاریـس- فەرەنسـا— ١٩٩٠:

ئاگەدارینامەیەک بووە، لەسەر ژیان و خەباتی ئەنیستیتیوتی کوردی لە پاریس، لە لایەن ئەنیستیتیوتی کوردی پاریس دەرچووە.

١- ژمارە (٦) لە (زستانی-١٩٩٠) بە (٤) لاپەڕە و قەبارەی(٤٢,٥ بە ٣٠سم) دەرچووە.

# ١٩٩١

## ٩٣- ئەدەبی کرێکاری: سلێمانی— کوردستان— ١٩٩١:

ڕۆژنامەگەریی کرێکاری، یان بیری سۆسیالیستی بەشێکە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی. بۆ تیشک خستنەسەر ژمارەکانی گۆڤار و مێژووی سەردەمی بڵاوبوونەوە و ڕۆڵی لە ڕووداوەکاندا و بە دواداچوونی ئەم گۆڤارە، دەستمکرد بە لێکۆڵینەوە و بە دواداچوون تاکو بتوانم لێرەوە خزمەتێك بە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی و ئەرشیفکردنی ئەم مێژووە و ناساندنی بە نەوەی ئێستا و داهاتوودا بکەم. دوای پەیوەندی کردنم بە سەرنووسەری گۆڤار «عەباس شوان» دوای چەندین نامەگۆڕینەوە لە نێوانماندا هاوکاری تەواوی خۆی نیشاندا، بڕیاریدا تەواوی ژمارەکانی بە پاشکۆکانیشەوە لە پەیجێکی تایبەتی خۆی دابنێت، بەڵام دەبێت چاوەنۆڕ بم. ئەوە بوو دوای ماوەیەک ئاگەداری کردمەوە پەیجەکەی بۆ




ناردم، ئەمە بۆ من جێی بایەخە و ئەم بەرهەمەی بەردەستتانی لێهاتۆتە بەرهەم. هیوادارم توانیبێتم خزمەتێکم کردبێت، لە بوونی هەر کەموکوریەکیش، سرنج و تێبینی و ڕەخنەکانتان خزمەت بە بابەتەکە و پێش خستنی ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردی دەکات.

سەبارەت بە گۆڤار، ئەم گۆڤارە لە هەلومەرجێکی سیاسی، ئابووریی، بێکاری و ئاڵۆزی باشووری کوردستان بڵاوکراوەتەوە، لە کاتێکدا خەڵک خەمی نان و ژیانیان بووە، لەو ڕۆژگارەی، کە هێز و حیزب و بزووتنەوە ئایدیۆلۆژیاکانی کوردستان لەوپەڕی گرژی و بەیەکدادان بوون لەگەڵ یەکدیدا. سەرباری ئەو ئابلووقەی لەسەر هەرێمەکە بوو، خەراپی باری ئابووریی و نەبوونی سەرچاوەیەکی دارایی پێویست بە هەموو لایەنەکانی گۆڤارەکەوە دیارە وەک: لایەنی هونەری، چاپخانە، کۆمپیوتەر، نەبوونی ستاف و کادیری ئەکادیمی و هونەری لە بواری دیزایین، مۆنتاج و پێداویستیەکانی گۆڤار، بەڵام لێهاتویی سەرنووسەر و هاوکاری هاوڕێیان و دڵسۆزانی بزووتنەوەی کرێکاری، یارمەتیدەر بوو لەو هەلومەرجە دژوارەدا بۆ ماوەی پێنج ساڵ- ٣٣ - ژمارە و دوو پاشکۆی ئەدەبی و سیاسی بڵاوبکەنەوە.

سەبارەت بە نێوی گۆڤارەکە، لە ژمارە- ١ تا ١٢-، دواتر لە ژمارە- ٣٠ تا ٣٣- نێوی گۆڤارەکە نووسراوە: گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری (PROLETARIAN LITERATURE).

لە ژمارە ١٣ تا ٢٩- نێوی گۆڤارەکە بووەتە گۆڤاری «ئەدەب و هونەری کرێکاری». لێرە مەبەست لەوە بووە، کە بابەتی هونەریش لە خۆ بگرێت و گۆڤارەکە فراوانتر بکرێ.

لەسەر بەرگی پێشەوەی گۆڤارەکە لەسەرەوە لە ناوەڕاستی لاپەڕەکەدا بە ئینگلیزی نووسراوە: (PROLETARIA ART AND LITERATURE)

لە ناوەڕاستدا بە کوردی نووسراوە: گۆڤاری ئەدەب و هونەری کرێکاری. لەژێر ئەم ناونیشانە لەلای ڕاست بە دواییەکدا نووسراوە: گۆڤارێکی مانگانەیە. لە ناوەڕاستدا ساڵی خزمەت، لەلای چەپی مانگ و ساڵ نووسراوە، لە سەروو ئەوە ژمارەی گۆڤار لەلای چەپ نووسراوە، لە سەرووتریش وێنەی چەکوشێک هەیە. لەسەر بەرگی گۆڤار هەرجارەی وێنەیەک یا تابلۆیەک هەیە، کە واتابەخشی ئایدیۆلۆژیەتی کرێکاری هەیە.

لە تەواوی ژمارەکانی گۆڤاردا وێنە و تابلۆ و هێلکاریی هونەری هەن. زمانی گۆڤار زمانی کوردی ناوەڕاست ڕێنووسی ئارامی. چەند شیعرێک بە زمانی عەرەبی لەو ژمارانەی ئاماژەم پێدان هەن.

بۆ قەبارەی گۆڤارەکە، چونکە گۆڤارەکەم لە کن نەبوو تەنێ وێنەکانم بە سکان هەبوون، بۆیەیش پرسیارم لە سەرنووسەر کرد. بۆ ئەم مەبەستە بۆی نووسیم: « زۆربەی ژمارەکان دیارە گەر بۆ نموونە لە-٣٣- وردبیتەوە نووسراوە -٣٦- لاپەڕە کەواتە گەر دابەشی ژمارە دووی بکەیت ئەوەندە نیوە پەڕەی ئەیفۆر دەبێت. تەنها ژمارەیەکیان گۆڕا بۆ لاپەڕەی ئەی فۆر ئەویش ژمارە -٢٨-، بەڵام ژمارە -٢٩-یش بووە چارەکی پەڕەیەکی ئەیفۆر وەک کتێبی گیرفان.»

بابەتی چەشنەکانی ڕۆژنامەوانی و ئەدەبی وەک: وتار، دیدار و گفتوگۆ، ڕاپۆرت، هەواڵ، بابەتی ئەدەبی، وەرگێڕان، شیعر، چیرۆک، تابلۆی هونەری، وێنەی فۆتۆگرافی، کرنۆلۆژیای ڕووداو، لە دایکبوون و مەرگی نووسەر و بیرمەند و کەسایەتی کۆمۆنیست و کرێکاری و بۆنە و یادەکان، هەموو بابەتەکان لە قەدەر توانا و بوونی گۆڤارەکەدان.

خاوەنی ئیمتیاز: لە ژمارە -٢١- تا ژمارە -٢٥- ناوی خاوەنی ئیمتیاز نووسراوە «بەندی عەلی حەسەن»، لە ژمارە -٢٦- دا نامەی دەست لە کارکێشانەوەی داوە بە گۆڤارەکە.

سەرنووسەر: لە هەموو ژمارەکانی گۆڤارەکەدا نێوی سەرنووسەر نووسراوە» عەباس شوان» (عەباس ئەحمەد محەممەد).

لەگەڵ ئەوەشدا، کە هاوڕێیان و کەسانی چەپ هاوکاری و کۆمەکییان بە گۆڤارەکە کردووە، بە پارە و پێداویستی چاپەمەنی و کتێب و بڵاوکراوە و بە کارکردن لە بوارە جیاجیاکانی دیکەی گۆڤار، بەڵام دیارە سەرنووسەر سەربازێکی ماندوونەناسی گۆڤار بووە.

سەرچاوەی دارایی: لەگەڵ ئەوەشدا گۆڤار خودانی مۆڵەت بووە، بەڵام لە لایەنی پەیوەندیدارەوە، هاوکاری ماددی نەکراوە، ئەوەی هەبووە کۆمەکی کەسانی سەر بە هەمان ئایدیۆلۆژیای کرێکاری و چەپ و کۆمۆنیستەکان و خوێنەرانی گۆڤار و نووسەرانی بوون. واتە هیچ سەرچاوەیەکی دارایی نەبووە وەک پێویست، کە پاڵپشت و بەردەوامی بە گۆڤار بدەن. بۆیەیش لە ژمارە-٢٦-ەوە ڕوونکردنەوەیەک بڵاودەکاتەوە، کە لەبەر بێ ئیمکاناتی دارایی ڕێڕەوی گۆڤارەکە تێکچووە، وەزارەتی ڕۆشنبیرییش هاوکاریان نەکردوون، و پێداویستییەکانی چاپ و بازاڕیش گران بوون. بڕیاردەدەن دوو مانگ جارێک بڵاوببێتەوە، بەڵام دەرکردنی گۆڤار سستی تێدەکەوێت و لە بڵاوکردنەوە دەوەستێت. بەم جۆرە: ژمارە -٢٦- ئازاری ١٩٩٤. ژمارە -٢٧- ئایاری ١٩٩٤. ژمارە -٢٨- تەمووزی ١٩٩٤. ژمارە -٢٩- تشرینی یەکەمی١٩٩٤. ژمارە -٣٠- نەورۆزی ١٩٩٥. ژمارە -٣١- ئایاری ١٩٩٥. ژمارە -٣٢- تشرینی یەکەمی ١٩٩٥. ژمارە -٣٣- دوازمارەی گۆڤار دەبێت لە ئازاری ١٩٩٦ دەرچووە.

دەستەی نووسەران: لە ژمارەکانی ١٦ و١٧ەوە وا نووسراوە: سەردار عەبدوڵڵا، نینا ڕەحمانی، کسپە، مامۆستا بەیان، حەمەعەلی حەسەن، کاوە ئەحمەد. لە ژمارەکانی ١٨ تا٢٠ دەستەی نووسەران دەبێتە:

حەمەعەلی حەسەن، سەردار عەبدوڵڵا، ڕێباز مەحموود، لەوە بە دواوە دەستەی نووسەران نامێنێت.

هاوکارانی هەمیشەیی: لە ژمارە ١٨ەوە تا ژمارە ٢٤ دەستەیەک هەن بە ناوی هاوکارانی هەمیشەیی بریتیین لە: ١- مامۆستا بەیان ٢- برایم فەتاح ٣- نینا ڕەحمانی ٤- شکار ٥- سامان قادر ٦- ڕەفیق حەداد.

کارە هونەرییەکان: لە ژمارە ٢تا ٢٤ و ژمارە ٢٧ کاری مۆنتاج: کاڵێ. ژمارە ١ حوسەین. ژمارە ٧ م.عەلی، ناوی هاتووە. لە ژمارە ١٨ شکار، عمر، ئاسۆ، هاتووە. ژمارە ٢٠ ناوی نامۆ هاتووە . ژمارە ١٩و٢١ برایم ناوی هاتووە.

تایتلی ناوەوە: لە ژمارە ١١ کامیل. ع ، ژمارەکانی ١٢-١٣-١٤- ئیدریس، ژمارە -١٧- کاردۆ.

دەرهێنانی هونەری: لە ژمارەکانی ٢٥ و ٢٦و ٢٧ سامان قادر.

کارگێری هونەری: لە ژمارەکانی ١ تا ٥ و ژمارەی ٧ و٨ کارا. ژمارە ٦ کاڵێ. ژمارەکانی ٩و ١٠ ئیبراهیم.

تایپ: لە ژمارە -٧- م.عەلی و ع. ئیسماعیل. لە ژمارەکانی -١١ تا ١٦- کازیوە. ژمارە -١٧- کاڵێ. ژمارە -١٢- ع. ئیسماعیل. لە ژمارە -١٨- تا ژمارە -٢٤- باوکی کۆژین. ژمارە -٢٥- باوکی کاردۆ. ژمارە -٢٦ و٢٧- نوخشە.

نرخی گۆڤار: لە ژمارە -١١- (١،٧٥٠) دینار نووسراوە. لە ژمارەکانی ١٢و١٣ و١٧ (٢) دینار. ژمارە ٢٠ — (٣ )دینار.

ژمارەی لاپەڕەکانی گۆڤار لەنێوان: ١٢— ٢٨- ٣٤- ٣٦- ٤٨- لاپەڕەدایە، ژمارەی لاپەڕەکانی هێندەک دیار نیین بۆیەیش وەک پێویست نەتوانراوە دەقاودەق ژمارەکانی دیاری بکرێت. بۆ نموونە سەرنووسەر لەو ژمارانەی، کە سکانی کردوون لە سەر پەیجێکی تایبەتی خۆی داینـاون کە ژمارە -٢٨- بۆ ژمارەیەک دانابێت ئەوە بەرگ و دیوی ناوەوەی، یان دوا لاپەڕەکانی ژمارەی لەسەر نەبوون، بۆیە من بەرگم هەژمار نەکردووە تەنێ ئەو لاپەڕانەی ژمارەی لەسەر بوون ئاماژەم پێکردوون، بەڵام بەم جۆرە لە سەرەتاوە ئاماژەم پێداوە لاپەڕەکانی لەنێوان ئەو ژمارانەدان. پاشکۆکانیش لە نێوان ٨ -١٢ لاپەڕەدایە.

بۆ بەرچاوڕوونی ئەم تیپانە کورتکراوەن وەک: ن- نووسین، و،وە- وەرگێران، م- مامۆستا، ب- بەش.

ناونیشان: دوو ناونیشانی هەبووە: یەکەم/ کوردستانی ئێراق، سلێمانی، جادەی سابوونکەران، بازاڕی گۆیژە، سندووقی پۆست -٢٢٦-. لە ژمارە -٢٥- دەبێتە شەقامی سابوونکەران- قاتی دواوە بازاڕی تۆفیق، هەمان سندووقی پۆستە.

مۆڵەتی گۆڤار: گۆڤارەکە بە نێوی گۆڤاری ئەدەب و هونەری کرێکاری مۆڵەتی پێدراوە، بە

مۆڵەتی ژمارە- ٨- بە فەرمانی وەزاری ژمارە- ٢٣٥٢- ٢٦/ ١٩٩٣/٧، خاوەنی ئیمتیاز: بەندی عەلی حەسەن، سەرنووسەر: عەباس ئەحمەد محەممەد، بەپێی یاسای چاپەمەنی ژمارە-١٠ ساڵی-١٩٩٣ بە واژووی وەزیری ڕۆشنبیریی: شێركۆ بێكەس.

گۆڤاری ئەدەب و هونەری كرێكاری دوو پاشكۆی لە پەراوێزی ژمارەكانی دەركردوون وەك:
١-پاشكۆی ئەدەبی، كە لەگەڵ ژمارەكانی گۆڤار ئاماژەمان پێكردووە.

٢. پاشكۆی سیاسی وەك لە ژمارە -٣٢-ی گۆڤاردا ڕاگەیەندراوە، كە ژمارە- ١و ٢-ی پاشكۆی سیاسی دەرچووە تێكڕای ژمارەكانی پاشكۆ -٦ دانە بوون، ئەوەی پێویستە بگوترێ لە سەردەمی دەرچوونیاندا ڕۆڵی كاریگەر و بەرچاویان هەبووە. وەك سەرنووسەر ئاماژەی پێدەدا: جاری واهەبووە ژمارەكانی پاشكۆ لە هەزار دانە زیاتر چاپكراوە. ژمارەكانی پاشكۆ بەم ڕیزبەندییە دەرچووە: ژمارە-١-ی پاشكۆی سیاسی، حوزەیران -١٩٩٥. ژمارە -٢- تەمووزی -١٩٩٥. ژمارە -٣- كانوونی یەكەم -١٩٩٥-. ژمارە -٤- ساڵی پێنجەم- شوباتی -١٩٩٦-. ژمارە -٥- حوزەیرانی -١٩٩٦-. ژمارە -٦- ، كە دواییـن ژمارە بووە كانوونی یەكەم ساڵی -١٩٩٦-.

## گۆڤاری ئەدەبی كرێكاری:

ژمارە١/ ساڵی یەكەم، كانوونی یەكەم ساڵی ١٩٩١ دەرچووە. ژمارەی لاپەڕە -٣٤-، ژمارەكە دەستنووسە و پاشان كۆپی كراوە، تەنێ دوو بابەتی تایپ هەیە، تیراژ ١٥٠ دانەیە.

بابەتەكانی ژمارە١:

١-– ئەم گۆڤارە بۆ؟ ل...

٢-– لە ئەرشیفەوە، شیعری برێشت، وەرگێڕانی: ئازاد لە فارسییەوە،ل٢.

٣-– سەربازێك لە بەندەری لاسیوتا، نووسینی: برێشت، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: وریا محەممەد،ل٣.

٤-– بزنەزێڕینە لە تەرازوودا ، ل٦.

٥-– عەلیزادە ،ل١٢.

٦-– ڕەخنە لە چەمكی گشتی شانۆنامەی بزنەزێڕینە، عەباس شوان، ل١٣.

٧-– كاریكاتێری هەڵبژاردن، ل...

٨-– وتووێژی ژمارە لەسەر شانۆگەری بزنەزێڕینە، لەگەڵ فاروقی میرزا عارف، ل١٤.

٩-– دوو كۆپلە شیعری ڕێبوار، ل١٥.

١٠-– بەڵگە، وێنەی خۆپیشاندان، ل..

١١-– پێناسینی تابلۆی كۆرنیكای پیكاسۆ، ل...

١٢-- وێنەیەک لە شانۆگەری بزنەزێڕینە لەسەر بەرگی دواوە.

ژمارە ٢/ ساڵی یەکەم، کانوونی دووەم ساڵی١٩٩٢ دەرچووە، ژمارەی لاپەڕەکانی ٢٦، ژمارەکە تایپە، بابەتی دەستنووس هەیە، تیراژ ٢٥٠ دانە، مۆنتاژ: حوسەین، کارگێری هونەری: کارا.

بابەتەکانی ژمارە ٢

١/ ڕەخنەی کرێکارێک، کاوەی مام ڕەحیم، ل١.

٢/ نامەیەکی لینین، وەرگێڕانی: ا.م ، ل٤.

٣/ نامۆ، چیرۆک، نووسینی: نەورۆز، ل٦.

٤/ رابۆتیتی ،چیرۆک، و:عەباس شوان ، ل١٠.

٥/ هێڵی ٣٤، شیعر، ئاسۆ، ل١٣.

٦/ هاوکاری، شیعر، جوهێڵ، ل١٤.

٧/ کارگە، شیعر، عوسمان شەیدا، ل١٦.

٨/ لە ئاوێنەی خۆزگەی خۆمدا، شیعر، لینگتۆن هیوز- وەرگێڕانی: محەممەد مەعەری، ل١٨

٩/ کاروان بەڕێوەیە، پەخشانە شیعر، کسپە، ل٢٠.

١٠/ هەڵبژاردن، کاریکاتێر، ل٢٢.

١١/ دوو پارچە شیعر- ڕێبوار، کوردستانی ئێران، ل٢٣.

١٢/ ڕاگەیاندن هەواڵی ئەدەبی و هونەری، ل..

١٣/ بەڵگەیەکی تر- وێنەی ئاهەنگ، ل..

١٤/ مایک- تابلۆیەکی هونەرمەند: بەکر عەبدولڕەحمان، ل..

ژمارە ٣/ ساڵی یەکەم، شوبات ١٩٩٢، ژمارەی لاپەڕەکانی ٢٦، تایپکراوە، دەستنووسی کەم هەیە، تیراژی ٢٥٠ دانەیە.

بابەتەکانی ژمارە -٣

وێنەی بەرگی پێشەوە/ پلانتۆ

وێنەی بەرگی دواوە/ بەکر عەبدولڕەحمان

١/ لە پەراوێزی مەرگی (اخوان ثالث) ئیرەج ئازەرین، و: حەمەکەریم عارف، ل١

٢/ ڕاپۆرت لەسەر کاروچالاکی و مەراسیمە کرێکارییەکانی شاری هەولێر- سەفین عەلی، ل١٢

٣/ بە شوێن تۆدا- شیعر بۆ هاورێ لینین، ن- کاوە، ل١٤
٤/ نوێژ، شیعر، مهاباد قەرەداغی، ل١٦
٥/ ئاوڕدانەوەیەک، شیعر، ن- ئاسۆ، ل١٩
٦/ گفتوگۆ لەگەڵ بەکر عەبدولڕەحمان- سازدانی عەباس شوان، ل٢٠
٧/ نامەیەکی لینین بۆ گۆرکی- و: ا.م، ل٢٣
٨/ بەڵگە- وێنەیەکی خۆپیشاندەران، ل٢٥

ژمارە ٤/ ساڵی یەکەم، ئازار ١٩٩٢، ژمارەی لاپەڕەکانی ٢٦، تایپکراوە، تیراژ ٢٥٠ دانە.
وێنەی بەرگی پێشەوە/ سامان
وێنەی بەرگی دواوە/ یادی هەشتی مارس ڕۆژی جیهانی ژن- ش.ع.
بابەتەکانی ژمارە /٤
١/ دۆشیشکای سۆسیال دیموکرات، لینین، و: ا.م، ل١
٢/ بە دوای ڕەخنەی کرێکارییدا- نینای ڕەحیمی، ل٣
٣/ بەدیل، چیرۆک — عەباس شوان، ل٥
٤/ باران، شیعر، کەمال عزیز- هەولێر، ل٧
٥/ ڕیشت لە خوێنم هەڵبسوو، شیعر، م.ڕۆژهەڵاتی، کەلار، ل٨
٦/ سەردان- شیعر، حەمەعەلی حەسەن، ل ٩
٧/ چیرۆکە شیعر، دیمەنێکی ڕاستی جەرگبڕ- سەردار مەردان، ل١٠
٨/ بۆ ئەوانەی پاش هەفتە خوێناوییەکە مانەوە، شیعر- کۆمۆنەی پاریس، ١٨ ی ئازاری ١٨٧١- ئۆژین پۆتییە، و: م.م، ل١١
٩/ کاریکاتێر، ل١٢
١٠/ ئازاری خوێناوی- شیعر، ئارێز، پێکەشکراوە بە ڕۆژی جیهانی ژنان، کرێکارانی ئەنگل داغ لە تورکیا، ل١٣.
١١/ بانگەواز- شیعر، مامۆستا بەیان، ل١٥.
١٢/ ڕەخنەی کرێکارێک، فەرهاد فەرەج، ل١٦.
لە لاپەڕە ٢٢ ئاگاداریەک بۆ ئەوانەی بەشداری کۆڕی شیعر خوێندنەوە دەکەن، بڵاوکراوەتەوە.
١٣/ هەڵەبجە- شیعر، بۆ یادی کیمیابارانی هەڵەبجە

١٦-٣-١٩٨٨، ڕێبوار، کوردستانی ئێران، ل٢٣.

ژمارە ٥/ ژمارەی تایبەت- ساڵی یەکەم، نیسان ١٩٩٢، ژمارەی لاپەڕەکانی ٣٤، تایپکردنی ا.ع. ئیسماعیل، تیراژ ٤٠٠ دانە.

بابەتەکانی ژمارە /٥

وێنەی بەرگی پێشەوە- سامان

وێنەی بەرگی دواوە- تریتیکۆ، ئینتەرناسیونال ١٩٧٠.

١/ لە ئەرشیفەوە، خۆپیشاندانی یەکی ئایار، مەکسیم گۆرکی، و: کەریمی حیسامی، ل١.

٢/ ڕاگەیاندن بۆ دوارۆژی کرێکاری و چەند سەرنجێک، هیوا محەممەد، ل٧.

٣/ لە ئەرشیفەوە- کورتە باسێک لەسەر بەسەرهاتی یەکی ئایار، ل١١.

٤/ لەجێی ژوانی شیعر و ئایاردا، شیعر، ئاسۆ- سلێمانی، ل١٥.

٥/ کاریکاتێر- ل١٩.

٦/ وێنەی هێڵکاریی مارکس لەگەڵ منداڵانی کرێکار لە لەندەن، ل٢٠.

٧/ یەکی ئایا- شیعر، وریا نازری، و. لە فارسییەوە: عەلی کیتابی، ل٢١

٨/جەژنی یەکی ئایار، شیعر- عبداللەگۆران، ل٢١

٩/ بۆئایاری ١٩٩٢، شیعر- مامۆستا بەیان، ل٢٢

١٠/ وەرە ئەی یەکی ئایار- شیعر، پیترو گوری- وە، عەلی کیتابی، ل٢٦.

١١/ سروود بۆ یەکی ئایار، اس.ئا.دوبت، وە: عەلی کیتابی، ل٢٦.

١٢/ یەکی ئایار، ئەرنست فیشەر، وە: دلاوەر قەرەداغی، ل٢٩.

١٣/ بڕژێنە شەقامەکانەوە، شیعر، ئەلفرێد مایس، و:دلاوەر قەرەداغی، ل٣١.

لە پەراوێزی لاپەڕەکانداچەندین ڕاگەیاندنی شانۆگەری و سیمینار و چاپەمەنی نوێ بڵاوکراوەتەوە وەکوو: شانۆگەری نینا، سیمینار لەسەر شانۆگەری دایک، بڵاوبونەوەی کۆمەڵە شیعری مەشخەڵ، کرێکار لە چیرۆکی کوردیدا: ڕەئووف حەسەن، وەرگێڕانی کۆمەڵە چیرۆکی یوری غیرمان، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی، لەگەڵ چەندین ڕاگەیاندنی تر.

ژمارە ٦ / ساڵی یەکەم، ئایار ١٩٩٢، ژمارەی لاپەڕەکانی ٢٦، تایپ، تیراژ ٣٠٠ دانە.

بابەتەکانی ژمارە / ٦

وێنەی بەرگی پێشەوە- جیهانییە
وێنەی بەرگی دواوە- ش.م
١/ ڕێکخستنی حیزبی و ئەدەبی حیزبی، لینین، وە: لەتیف، ل١.
٢/ مانگرتن، محمد الهراوی، وە: ئازاد، پێداچوونەوە و دەستکاری کردن، عەباس شوان، ل٦
٣/ ڕیفراندۆم، شانۆنامە، برێشت- وە: دلاوەرقەرەداغی،ل٩.
٤/ پێڵاوەکانی سامان، شیعر، کاروان. پێشکەش کراوە بە سامان و هاوڕێ بەشمەینیەتەکانی، ل١٦.
٥/ بەشێک لە شیعری لە دایک بوون، شیعر، مەشخەڵ، هەولێر، ل١٩.
٦/ مەرگی هەژار، شیعر، حەمە عەلی حەسەن، ل٢٠.
٧/ پرسیاری کرێکاری، شیعر، شالووم موریجی، ئەفریقا، وە:عوسمان شەیدا،ل٢١.
٨/ حالەتی سێهەم، شیعر، حەسەن، وە: سەفین عەلی، هەولێر،ل٢٢.
٩/ بەیانی ژمارە یەک، شیعر، ئاسۆ، ل٢٥.
١٠/ کاریکاتێر، ل٢٦.

ژمارە٧/ ساڵی یەکەم، حوزەیران١٩٩٢، ژمارەی لاپەڕەکانی ٣٠، تیراژ ٢٥٠ دانە.
بابەتەکانی ژمارە/ ٧
وێنەی بەرگی پێشەوە- جیهانییە
١/ بیرەوەری لەسەر چامەی مایاکوڤسکی، لە لینین بۆ ئا. ف. لونا تشاوسکی، وە: ئازاد، ل١.
٢/ گۆڕان، شیعر، ئاسۆ، ل٢.
٣/ بەڵێن- شیعر، م.عەلی، کەلاری کۆن، ل٣.
٤/ گۆرانییەک، شیعر، ڕزگارعومەر(ڕزگار عەلی ) هەولێر، ل٦.
٥/ حەقیقەتی دایک لەنێوان گۆرکی و پەیامی نوێی بۆرژوازیدا، ڕەخنە، عومەر محەمەد، ل٨.
٦/ کاریکاتێر، بەکر ڕەشید لە شانۆی گۆرکیدا،ل١٦.
٧/ چەند سەرنجێکی کورت لەسەر شانۆگەری دایک، ڕەخنە، پێشڕەو، ل١٧.
٨/ چمکێکی ڕەخنەگرانە لە ئامادەکردن و نواندنی ڕۆمانی دایک، تایەر حەسەن، ل٢٠.
٩/ نووسین لەسەر گلکۆیە، شیعر، برێشت، وە: لەتیف،ل٢٢.
١٠/ لەسەر تەختەی شانۆ پێشکەوتنخواز ئەکرێ بە کۆنەپەرست، ڕەخنە، عەبدولکەریم نەجم، ل٢٢.
١١/ نەسیحەت بۆ سەران، شیعر، برێشت، وە: لەتیف،ل٢٨.

١٢/ تەزبیح نیین، شیعر، سالح بێچارە، سلێمانی، ل٢٩.

١٣/ من ئەمەویٚ، شیعر، محەمەد ئەمین پۆلا، ل٣٠.

ژمارە٨/ ساڵی یەکەم، تەمووز ١٩٩٢، تیراژ ٢٠٠ دانە، ژمارەی لاپەڕەکانی ٣٠.

بابەتەکانی ژمارە / ٨

وێنەی بەرگی پێشەوە جیهانییە، فیکتۆر خارا

١/ کورتە چیرۆک، بێکاری ٢، عەباس شوان،ل١.

٢/ گلەیی نامەی سەرنووسەر بۆ بڵاوکراوەکانی: سەرنجی کرێکار، بۆ پێشەوە، پەیامی کرێکارو ئەوانی تر، ل٢.

٣/ پیاسەکردن لە مەیدانەکەدا، کورتە چیرۆک، یوری غیرمان، و: لەتیف، ل٣.

٤/ گەردانە، شیعر، م.بەیان ، ل٢٥.

٥/ مایاکوڤسکی، شیعر، عوسمان شەیدا، ل٢٧.

٦/ دووپارچە شیعر، بەرزان کۆسیدار، ل٢٨.

٧/ بیرەوەری هاوڕێیان- ئا.ئای ئۆلیانۆڤا ئیلیزارۆڤا، ل٢٩.

٨/ هەواڵە تازەکان، شیعر، سەفین عەلی، هەولێر، ل٣٠.

ژمارە٩/ ساڵی یەکەم، ئاب ١٩٩٢، ژمارەی لاپەڕەکانی ٣٠، تیراژ ١٧٥ دانە.

بابەتەکانی ژمارە ٩

وێنەی بەرگی پێشەوە- وێنەی بەرگی کتێبی کریستاڵ- جیهانییە.

١/ سەروتار، چەند ڕاز و نیازیٚ، عەباس شوان، ل١.

٢/ هونەر و ژیانی کۆمەڵایەتی، پلیخانۆف، و.لە فارسییەوە: حەمە کەریم عارف، ل٢.

٣/ چرپە ناڵەی هەموو شەوەم، شیعر، ناڵە حەسەن، هەولێر، ل٢٢.

٤/ کرێکارێک لە کاتی خوێندنەوەدا دەپرسیٚ، شیعر، برێشت، و. لە عەرەبییەوە: لەتیف، مەرگی برێشت١٦/٨/ ١٩٥٦، ل٢٥.

٥/ هەواڵی چالاکی، بروسکەیەک، ل٢٧.

٦/ بەرەبەیانی یەکی ئایار، شیعر، سەردار دەلاک، سلێمانی، ل٢٨.

٧/ ڕاگەیاندنی بڵاوکراوە کرێکارییەکانی کوردستانی ئێران، گۆڤاری پێشەنگ......هتد، ل٢٩.

٨/ ، ساڵیادی مەرگی فردریک ئەنگڵس: ٨-٥-١٨٩٥، وتەیەکی نیکراسۆف بۆ ئەنگڵس، مەرگی گۆرکی، لەسەر مەزاری گۆرکی، شیعر، بریشت، مەرگی گۆرکی ١٨-٨-١٩٣٦، ل٣٠.

ژمارە١٠/ ساڵی یەکەم، ئەیلول ١٩٩٢،ژمارەی لاپەڕەکانی ٢٦، تیراژ ١٧٥ دانە.

بابەتەکانی ژمارە ١٠

وێنەی بەرگی پێشەوە- پلانتۆ- دەزگای ئاسایش لە هەرێمی کوردستان.

١/ بیرەوەری هاوڕێیان، لینین، و: برایم، ل١.

٢/ حەمەسەعید حەسەن و چەند قسە، ڕەخنە، نینا ڕەحمانی،ل٢.

٣/ ڕاگەیاندن ، ل٦.

٤/ شانۆی نینا و چەند تێبینی، موەفق عارف،ل٧....سرنجی عەباس شوان، ل٩.

٥/ دەردە دڵی هاوڕێیەکی کرێکار، ئێمە کێین؟، فاروق میرزا عارف، ل٩.

٦/ ئەحەی گەراج، سەفین عەلی، هەولێر، ل١١.

٧/ بڵێسە- شیعر، م.بەیان، ل١٤.

٨/ هەڵوێست، شیعر، کاوە ئەحمەد، کەرکوک، پێشکەشە بە هاوڕێ مەنسوور حیکمت، ل١٧.

٩/ ڕاگەیاندنی کۆڕی شاعیران ١١-٩-١٩٩٢ کۆڕی شیعری لە سلێمانی، بۆ ڕزگار عومەر لە هەولێر و کاوە ئەحمەد لە کەرکووک، ل٢٠.

١٠/ من بەهارم، شیعر، جەبار محەممەد عەلی، ل٢١.

١١/ تارماییەک بەسەر ئەورووپادا دەکشێ، شیعر، ڕۆفائیل ئەلبێرت، و: چێوار و لەتیف،ل٢٣.

١٢/ ڕانەهاتن ، شیعر، بەکر(ئاسۆ) .

- ڕاگەیاندنی گۆڤاری نینا ژمارە ٣ لە هەولێر.
- تابلۆیەکی بەکر عبدالرحمن، ل٢٥.

١٣/ جۆری شیعر، شیعر، کسپە، ل٢٦.

ژمارە١١/ ساڵی یەکەم، تشرینی یەکەم ١٩٩٢، ژمارەی لاپەڕەکانی ٢٦، تیراژ ١٧٥ دانە.

بابەتەکانی ژمارە ١١

وێنەی سەربەرگ، ناسیونالیزم، جیهانی.

١/ ئۆژین پۆتییە، لینین، وە: ڕێبوار مسلح شێخ الاسلامی، ل١.

٢/ وێنەی دایکێک و منداڵێک لەسەر شەقام، جاسم نەسیرخان، ل٤.

٣/ جۆن ڕید شاهێدی ئۆکتۆبەر، کرۆپسکایا، و. لە عەرەبییەوە: برایم، ل٥.

٤/ چەند سرنجێک دەربارەی شانۆیی سەگ- بیمەی بێکار چییە!، عومەر محەممەد، ل٧.

٥/ تەنها یەک ڕێگا ماوە، ڤۆڵفگانگ بورشرت ١٩٢١- ١٩٤٧، ئەڵمانیا، و. لە فارسییەوە: عەلی کیتابی، ل١١.

٦/ ڕاگەیاندنی بڵاوکراوەی نوێی کتێب، ل١٤.

٧/ وادەبارێ، شیعر، و. لە عەرەبییەوە: ساڵح بێچارە، ل١٥.

٨/ هەواڵی مەرگی هونەرمەند، نەوزاد ئەحمەد، ل١٦.

٩/ ڕەوتی یەکی ئایار، شیعر، شوان محەممەد، ل١٧.

١٠/ دووپارچە شیعر، حەمەعەلی حەسەن، ل٢١.

١١/ پەخشانە شیعر، کۆمۆنە و ئۆکتۆبەر ١٩٨، ئا. پەخشان، ل٢٣.

١٢/ کاریکاتێر، ل٢٤.

١٣/ گلەییەک بۆ گۆڤار: سرنجی کرێکار، ڕۆژنامەی بۆ پێشەوە، ڕۆژنامەی پەیامی کرێکار، سەبارەت بە وەرگێڕان،ل٢٥.

١٤/ منداڵانی ئەکستریما دورا، رافائیل ئەلبێرتێ، و:لەتیف، ل٢٦.

ژمارە ١٢/ساڵی یەکەم، تشرینی دووەم ١٩٩٢، ژمارەی لاپەڕەکانی ٣٠، تیراژ ٢٠٠ دانە.

بابەتەکانی ژمارە ١٢

وێنەی سەربەرگی پێشەوە، خاچی سەرمایەداری.

١/ هونەر و ژیانی کۆمەڵایەتی ب٢، پلیخانۆف، و:حەمە کەریم عارف، ل١.

٢/ بانگەشەی مانگرتن و هەندێ ڕەخنە، ڕەخنەی شانۆیی، ئەژدەر، ل١٢.

٣/ کاریکاتێر، ل١٦.

٤/ سەگ بیمەی بێکارییە، بەشی کۆتایی، عومەر محەممەد، ل١٧.

٥/ قسەیەکی چارڵی چاپڵن، ل١٨.

٦/ هەڵوێست، کورتە چیرۆک، عەباس شوان، ل١٩.

٧/ ببوورە، پەخشان، ڕزگار عومەر، ل٢١.

٨/ هەموو پێکەوە، شیعر، مارف ناسراو، ل٢٢.

بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە لەسەر گۆڤاری هانا چەند ژمارەیەکم لە هاوڕێیان: «ئیبراهیم فەتاح» و «فەلاح کۆمۆنیست» وەرگرت. دواتر پەیوەندیم بە سەرنووسەری گۆڤارەکە بەڕێز «سلێمان قاسمیانی» کرد، بە خۆشحالییەوە بە پیر داواکەم هات و سەرجەم ژمارەکانی دیکەی بۆ ناردم، لە کاتی قسەو باسدا لەبارەی هاناوە گوتی: ((ئێمە زەحمەتی زۆرمان کێشا بۆ دەکردنی هانا، هێندەک هاوڕێ ڕێکەوتین، بۆ زەرورەتی دەرکردنی گۆڤارێکی لەم جۆرە، کە گوزارشتە لە ژیان و ئازارەکانی کرێکار و زەحمەتکێشان، لە دیدگایەکی کرێکارییەوە، کە لە ئەدەبیاتەتدا دەر بکەوێت، (٧٠٠) دانە چاپ دەبوو، بە وڵاتانی ئەسکەندەنافی و باقی وڵاتانی دیکەدا بڵاومان دەکردەوە، لە سوێد و نەرویج پتر بڵاودەبویەوە، لە باشووری کوردستان چاپیان دەکردەوە، کێشەی مادی زۆرمان هەبوو، پارەی پۆست لە خەرجییەکەی زیاتر بوو )) لە بەشی نامەکان، نامەیەکی سەرنووسەر بخوێنەوە.

بیبلۆگرافیای بابەتەکانی گۆڤاری هانا:

لە ژمارە (١ تاکو ١٩) نێوان ساڵانی(١٩٩٥ تا ٢٠٠٣)

ژمارە (١) نوامبەر- (١٩٩٥):

ژمارەی لاپەڕەکانی (٥٥). بۆ هەموو ژمارەکان لە خوارەوە سەرەتا ژمارەی لاپەڕەکانن دواتر ناوی بابەتی نووسراو یان وەرگێڕدراو، پاشان ناوی نووسەر یان وەرگێڕ دێت.

ل٢ : سەروتار، سلێمان قاسمیانی/ سەرنووسەر

ل٣: سەرنجێک لەسەر جوانیناسی لە ئەدەبیاتی کوردیدا، ڕێبوار.

ل٨: ئازادی و داهێنان، ئاسۆ.

ل١١: پاڵاوتنی زمان لە وشەی دژی ئینسانی، سلێمان قاسمیانی.

ل١٥: چاوپێداخشانێک بەسەر فلیمی «لیستەی شیندلیر»، بەهرۆز یاوەر.

ل١٩: شیعر: ڕێبوار، باوکی سۆڵین، ئاسۆ، سلێمان قاسمیانی «کاکە«، ئەحمەد بازگر.

ل٣٣: تەرح و گرافیک، ویدا عیزەت پوور.

ل٣٤: ئافرەت لە خاڵی سفردا، نەواڵ سەعداوی، و: شنە عەبدوڵڵا.

ل ٣٦: خوشکەکان، ئەلیکساندرا کولونتای، و: یووسف ئەحمەد.

ل٤٤: بەشێک لە ڕۆمانی «سارا»، عەلی کیتابی.

ل٤٩: یادی عەزیز نەسین، سلێمان قاسمیانی « کاکە«.

ل٥٠: کاکە چیرۆکی ژیانم، عەزیز نەسین.

ل٥٥: بەرهەمی چاپەمەنی تازە.

ژمارە(٢) مارس — ١٩٩٦:

وێنەی سەربەرگی پێشەوە، تابلۆی هونەرمەند سەردار عەبدوڵڵا. (٩٦) لاپەڕە.

ل٣: پێوانەی ئازادی، سەروتار، سلێمان قاسمیانی.

ل٥: لە پەراوێزی فتوای ئیسلامییەکان، ئاسۆ.

ل٩: پویا قەسابیکردنی کچ، یووسف کوهەن.

ل١٨: ژن لە پاکەتی پۆستدا، لەیلا قانیعی.

ل٢٨: هونەری کاریکاتێر/ ژیننامە و چەند تابلۆیەکی کاریکاتێری هونەرمەند: سەردار عەبدوڵڵا.

ل٤١: جوانناسی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ڕێبوار.

ل٤٨: شیعری (شەوە) لە (تاپۆ و بوومەلێل)دا، فاتیح شێخ الاسلامی.

ل٥٤: ئەهلی ئەشکەوت، شیعر، حەمەعەلی حەسەن.

ل٥٧: لە ئاسمانی یادگارێکما، شیعر، ئاسۆ.

ل٥٨: ماڵەکەم، شیعر، ئاسۆ.

ل٥٩: کۆنکرێت، شیعر، ماری تولای، و: ڕێبوار.

ل٦١: دیوار، شیعر، ڕێبوار.

ل٦٢: خوشکۆلە نان فرۆشەکەم، شیعر، یووسف ڕەسوولی.

ل٦٥: بوتی بەندی، شیعر، سلێمان قاسمیانی »کاکە«.

ل٦٧: فلیمی» ئەڤین، ئینسان» ، سینا پدرام، سمکۆ ئەحمەد.

ل٧٣: شمشێر و منداڵ، چیرۆک، ڕۆژە دوێنێ، و: عەلی کیتابی.

ل٧٦: کوکتێل، چیرۆک، کەمال کەریم عەبدوڵڵا.

ل٨٤: چەند لاپەڕە لە ڕۆمانی (سارا)، عەلی کیتابی.

ل٨٨: گوڵی خوێناوی، چیرۆک، سلێمان قاسمیانی.

ل٩٦: نامەکان.

ژمارە (٣) یوونی – ١٩٩٦:

وێنەی سەر بەرگی پێشەوە دیمەنی شارێک: هونەرمەند «سمکۆ ئەحمەد». ئەم ژمارەیە (٧٠) لاپەڕەیە. چاپخانەی کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی پێشڕەو، یوتۆبۆری، سوێد.

ل٥: سەرکوتکردن و ئازاردانی منداڵ، شەهلا.

ل٨: ژورناڵیزم و دەنگی ڕاستی، هیوا عەزیزی.

ل١٣: کرێکاری کۆیلە، بارودۆخ و ژیانی مندالانی کرێکار لە پاکستان، ڕاپۆرت لە گۆڤاری یەکێتی کرێکارانی شارەداری سوێد ژمارە ١ ساڵی ١٩٩٦، ڕەیحانە، لەیلا قانیعی.

ل١٩: سەرنجێک لە (ژن لە پاکەتی پۆستدا)، ڕێبوار.

ل٢٠: ئازادی تاکە ئینسان و هەڵپەرکێی سوننەتی کوردی، کاکە.

ل٢٥: ماتەم مەگرن، یەکگرن، یادی «جەوهێل»، یووسف ڕەسووڵی.

ل٣٠: کارگەی ئاسن، شیعر، تیدلوند، و: کاکە.

ل٣٢: وەسیەت، شیعر، جەوهێڵ، و: یووسف ڕەسووڵی.

ل٣٣: فێربین، شیعر، بنکت ئیریک هیدین، ڕێبوار.

ل٣٤: شیعر،عەبدوڵ حوسەین، چیمەن، عەبدولقادر سەعید، لالەی هەژار، شوان محەممەد، حەمەعەلی حەسەن، ئاسۆ.

ل٤٢: تۆ کوێندەری کرێکار؟ چیرۆک، دیتتی سیدریتراند، و: کاکە.

ل٤٩: دیموکراتی! چیرۆک، کەمال کەریم عەبدوڵلا.

ل٥٢: گەڕانەوە بۆ سەر کار، چیرۆک، م. والکەر، ف.نازری.

ل٥٦: ژیننامە و چەند تابلۆیەکی کاریکاتێری هونەرمەند ڕێناس.

ل٦٦: ڕاپۆرتی ڤێستیڤاڵی ئایار، مەڵبەندی هونەر و ئەدەبی کرێکاری.

ل٦٨: نامەکان. ل٧٠: ڕاگەیاندنی کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی پێشڕەو بۆ چاپەمەنی.

ژمارە(٤) نوامبەر- ١٩٩٦:

وێنەی سەر بەرگی پێشەوە هەڵپەرکێی »هیراکلێس و تریتون« کە نزیکەی (٥٧٠) ساڵ بەر لە زایین لەسەر کوپە کێشراوە. ئەم ژمارەیە (٨٠) لاپەڕەیە.

ل٣: سەروتار، دەستەی نووسەران.

ل٥: کفر، تاوان یا حەق، سینا پدرام.

ل١٢: منداڵ و زمان، شەهلا.

ل١٧: لە چاوەڕوانی گۆڕانییەکی تردا، ئاسۆ.

ل٢٢: سەرنجێک لەسەر «هەڵپەرکێی سوننەتی کوردی/ نووسینی کاکە»،ئەحمەد بازگر.

ل٢٧: کونسرواتیزم و هەڵپەرکێی سوننەتی کوردی، کاکە.

ل٤٨: نازم حیکمەت، یووسف ڕەسووڵی.

ل٥١: شیعری «جەوهێل» بە ناوی (کولووچە)، و: ڕێبوار، شیعر، محەممەد کەساس، حەمەعەلی حەسەن، ئاسۆ، ڕێباز مەحموود، ڕێبوار.

ل٦٢: لە هیچ شوێنێک نامێنمەوە، چیرۆک، گوننار کییەری، و: شنە عەبدوڵڵا.

ل٦٧: ژیننامە و چەند کارێکی هونەری کاریکاتێری هونەرمەند «شوکاک عەبدولستار».

ل٧٥: ڕاپۆرتێک لەسەر کۆڕی »ئەدەبیاتی کرێکاری سوید لە ڕوانگەیەکی نێونەتەوەییدا»، کاکە.

ل٧٧: پێشنیار سەبارەت بە شێوەی ڕۆژنامەگەری و کاری گرافیکی هانا، خوێنەران.

ل٧٨: نامەکان.

ل٨٠: ڕاگەیاندنی کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی پێشڕەو بۆ کاری چاپەمەنی.

ژمارە(٥) مارس- ١٩٩٧:

ئەم ژمارەیە (٧٦) لاپەڕەیە (J.Menzel joseph) وێنەی سەر بەرگی پێشەوە، پەیکەری ژنێک.

ل٣: سەروتار، سەرنووسەر.

ل٥: تاوان یا کولتوور، شنە عەبدوڵڵا.

ل١١: کونترۆلی سێکسیی ژن، لەیلا قانیعی.

ل١٨: شیعر، کاکە، ڕێبوار، دارا عەلی، بژار، مەشخەڵ، حەمەعەلی حەسەن.

ل٣٠: ئێرە کوردستانە، پەخشان، کاروان.

ل٣٣: لە گەرووی سیلۆدا، چیرۆک، ڕێبوار.

ل٤٠: ڕەمزی سەرمایە، ئاگوست سترینبێرگ، و: ڕێبوار.

ل٤١: سی و دوو لاپەڕە، ئەلکساندەر کولۆنتای، و: یووسف ڕەسوولی.

ل٥٥: هونەری کاریکاتێر، ژیننامە و چەند بەرهەمێکی هونەرمەند ئارام عەبدوڵڵا حوسەین.

ل٦٣: سەرنجێک لەسەر ئیستێتیکای شیعری، مەشخەڵ.

ل٦٩: سەبارەت بە ماهیەتی مەزهەب، ناساندنی کتێب، بەهرام ڕەحمانی.

ل٧٣: نامەکان. ڕاگەیاندنی گۆڤاری نوێی شەبەنگ ژمارە ٤و٥ ، مەڵبەندی ئەدەب و هونەری کرێکاری دەریدەکات.. لەلاپەڕەی ٧٦ ئەم چاپەمەنیانەی بەدەست هانا گەیشتووە لاپەڕە: ٧٤.

ژمارە(٦) یوونی- ١٩٩٧:

وێنەی سەربەرگی پێشەوە تابلۆی خۆشەویستی، هونەرمەند «عادل فازل». (٩٦) لاپەڕە.

ل٣: بەبۆنەی یەکی ئایار، ئاسۆ.

ل٦: کۆمەڵگای فرە کولتووریی و بێ مافی ژنان، لەیلا قانیعی.

ل١١: کتێبێکی بە خوێن نووسراو، حەمەسەعید حەسەن.

ل٢٨: داواکاری مافی کفر، هەنگاوێکە بەرەو دوا، ئیبراهیم فەتاح.

ل٣٥: شیعر: ڕێبوار، م.ز.کەریم، مەشخەڵ.

ل٤١: هەڵپەرکێ لە ڕوانگەیەکی ترەوە، د.کامەران قەرەداغی.

ل٥٩: هونەری گرافیک، ژیننامە و چەند تابلۆیەکی هونەرمەند، عادل فازل.

ل٦٩: (هەنبانە بۆرینە) و فەرهەنگی دژ بە ژن، فایق عەبدوڵڵایی.

ل٧٩: هاوسەری یەهوودی، چیرۆک، بیرتولد بریشت، و: تەها قادری.

ل٨٦: کارگە، چیرۆک، جەمال کۆشش.

ل٨٧: بێ دەنگی، چیرۆک، جەمال کۆشش.

ل٨٨: خەزانی بەهار، پەخشان، کاروان عەبدوڵڵا.

ل٩٠: وەرگێڕان و ئەمانەتداری، ڕەخنەی ئەدەبی، ئەسعەد.

ل٩٣: وەڵامی ڕێبوار. هەروەها ئەو گۆڤار و کتێبانەی بەدەست هانا گەیشتوون، ڕێبوار.

ل٩٤: نامەکان. لە دوا لاپەڕەدا ڕاگەیاندنی کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی پێشڕەو.

ژمارە(٧) پاییز- ١٩٩٧:

وێنەی سەر بەرگی پێشەوە پەیکەری (کرێکارانی جیهان یەکگرن) هونەرمەند کاوان قادر. (١٢٢) لاپەڕە.

ل٣: دونیای نوێ یان حەمامی خوێن، جەمال کۆشش.

ل١٦: ئومێدێکی تر، پەخشان، سەفین عەلی.

ل١٨: پەرژینی بێ دەنگی یان لافاوی جەهل، پەخشان، سەلام عەبدوڵلا ئیبراهیم.

ل٤٧: تێبینی، دەستەی نووسەران.

ل٤٨: ژیننامە و وێنەی چەند پەیکەرێکی هونەرمەند: کاوان قادر تۆفیق.

ل٥٥: وردبوونەوەیەک لەسەر وشە لە شیعردا، ڕەخنەی ئەدەبی، فایق عەبدوڵلایی.

ل٧٨: شەڕ و لەش، وتار، ئورزین کیبو، و: ئاسۆ.

ل٨٢: شیعر: بورهان هەژار، مەشخەڵ، ئەحمەد حسەین ئەحمەد، باوکی سۆلین.

ل٩٥: دژ بە ژنبوون و فەرهەنگی ئەسیلی ئێرانی، ئەعزەم گویان، و: سمکۆ ئەحمەد.

ل١٠٢: ئەلفرێد نۆبڵ، کاروان عەبدوڵلا.

ل١٠٦: پیاوە سپییەکە پاپالانگی، ئیریش شیورمان، وەرگێڕانی لە سویدییەوە «خەبات عارف»، ناساندنی کتێب، ئاسۆ.

ل١٠٩: کێوە بەزیوەکە، چیرۆک، ماکسیم گۆرکی، عەبدوڵلا هەلاو.

ل١٢١: نامەکان.

ژمارە (٨) زستان- ١٩٩٨:

وێنەی سەر بەرگی پێشەوە شەقام، ڕەسمی ئەردی، (٧٤) لاپەڕە. ل٥: سەروتار، ئاسۆ.

ل٧: تەعتیلی هەشتی مارس، ڕێبوار.

ل١٠: کێ لەسەر پشتی مەڕە؟ سەلام عەبدوڵلا ئیبراهیم.

ل١٨: ئەدەبیاتی کرێکاری لە ئەڵمان بەشی (١)، ستیورە پەککالین، و: سلێمان قاسمیانی.

ل٢٨: بژی وشەی جوان و ئازاد- بانگەواز دژ بە تیرۆری نووسەران، دەستەیەک نووسەر.

ل٢٩: ژیننامە و چەند تابلۆیەکی هونەرمەند: سمکۆ ئەحمەد.

ل٣٦: مەنووسە، مەپرسە، بترسە، مقەستێکی هەناوت بەسە، عەبدوڵلا ساڵح.

ل٣٧: بۆ ئەوەی (هەتاو)یش نەچێتە ڕیزی (ئیمرۆز)ەوە! عەبدوڵڵا سالْح.

ل٤٣: عەشقی قەدەغە، لەیلا.

ل٤٧: شیعر: دارا سورخوچی، حەمەسەعید حەسەن، ب.سۆڵین، حەمەعەلی حەسەن، ئاسۆ.

ل٥٧: شەوی دەمامکەکان، چیرۆک، ئەحمەد ئیبراهیم فەقێ، ئیبراهیم فەتاح.

ل٦٧: گەورە بووم و دەستم بەو هەتاوە سوورە نەگەیشت، بەیان ناسیح.

ل٦٩: سەختییەکانی عەباس وەلی بۆ لەقکردنی بیروبۆچوونی کۆمۆنیستی لە چی دایە؟ نووری کەریم.

ل٧٣: نامەکان.

ل٧٤: لیستی ناوی ئەم کتێبانەی لای هانا دەستدەکەون بۆ فرۆشتن. بە زمانەکانی: کوردی، فارسی، سوێدی.

ژمارە (٩) ساڵ - ١٩٩٨:

وێنەی سەر بەرگی پێشەوە لە پەیکەرەکانی «گوستاو ویگیلەند»، (٣٨) لاپەڕە.

ل٣: تاکو ئەوان نەهاتبوون، ئاسۆ.

ل٥: ئەدەبیاتی کرێکاری لە ئەڵمان بەشی(٢)، ستیورە پەککالین، و: سلێمان قاسمیانی.

ل١٠: لە پەراوێزی بێ ماناترین بێدەنگیدا، ئاسۆ.

ل١٢: شیکردنەوەیەک بۆ سیستمی پەروەردە (١)، سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم.

ل١٧: پارکی پەیکەرەکانی «گوستاو ویگیڵەند» لە ئۆسلۆ، وێنەی پەیکەرەکان، لەیلا قانیعی.

ل٢٢: «سوارە« لە شیعری شاردا، فایق عەبدوڵڵایی.

ل٢٦: چەند سەرنجێک لەسەر نووکتەی سیاسی، ئاسۆ.

ل٣١: شیعر: ڕێبوار، ئاسۆ، فایق عەبدوڵڵایی، ڕێباز مەحموود.

ل٣٣: چلورەی ڕەش، ب.سۆلین.

ل٣٥: نان، چیرۆک، وۆڵفگانگ بورشیرت، فایق عەبدوڵڵایی.

ل٣٧: بەرەو شام،کاروان عەبدوڵڵا.

لە دیوی ناوەوەی بەرگی پشتەوە نووسراوە، ئەو چاپەمەنیانەی بۆ هانا نێردراون. نامەکان.

ژمارە (١٠) ساڵی ١٩٩٨:

وێنەی سەر بەرگی پێشەوە لە پەیکەرەکانی « گوستاو وێگیلەند» بە ناوی خەم. (٣٨) لاپەڕە.

ل٣: ڕووداوی دڵتەزێنی یوتوبۆری، سەروتا، سلێمان قاسمیانی.

ل٤: سەدەمین ساڵی لە دایکبوونی بیرتۆڵد برێشت، فەرەیدوون نازری.

ل٨: شیکردنەوەیەک بۆ سیستمی پەروەردە بەشی (٢)، سەلام عەبدوڵڵا.

ل١٢: پێویستی نووسینی کوردیی سۆرانی بە لاتینی، ڕێبوار.

ل١٣: سۆسیاڵ دیموکراتی ئەورووپا و مەسەلەی کورد،ئاوات سەعید.

ل٢٠: شیعر: مەشخەڵ، تەها قادری، سەفین عەلی.

ل٢٣: نامەی مارکس بۆ فردیناند لاساڵ، ئەپڕیلی ١٨٥٩ لەسەر جوانناسی،کارڵ مارکس، و: سلێمان قاسمیانی.

ل٢٥ بۆ پشتیوانی لە تەسلیمە نەسرین،دەستەی نووسەرانی هانا.

ل٢٦: تایتانیک، سیمبۆلی وەحشیگەری و نابەرابەری، فەرەیدون نازری.

ل٣١: گەلاوێژ ڕۆژێک، کە دایکیشم دەتوانێ، چیرۆک، قودسی قازی نوور.

ل٣٤: حیجابی ئیسلامی ومنداڵان، گوتوبێژ لەگەڵ پەروین کابولی، سەرۆکی (کەمپینی نێونەتەوەیی ژنان بۆ پارێزگاری لە مافی ژنان لە ئێران)، لقی سوێد، گوتوبێژ: هانا.

ل٣٦: سەلمان ڕووشدی پشت بە کێ دەبەستێ؟ ئیرەج فەرزاد.

ل٣٨: نامەیەک بۆ ڕێبوار، عەباس شوان.

لە دیوی ناوەوەی بەرگی پشتەوە، ئەو چاپەمەنییانەی بۆ هانا نێردراون.

نامەکان. ڕاگەیەندراوێک، دیدار لەنێوان «عەتا موفتی» نوێنەری ڕۆژنامەی (پەیام) و «مسلح شێخ آلآسلامی» نوێنەری گۆڤاری هانا و «ئەنوەر سوڵتان» و «عەبدوڵلا ساڵح» ئەنجامدرا، لەسەر بارودۆخی ڕۆژنامەوانی و چۆنییەتی بەرەوپێشبردنی.

ژمارە (١١ و ١٢) ساڵی - ١٩٩٩:

وێنەی سەر بەرگی پێشەوە: تابلۆی سمکۆ ئەحمەد. (٥٨) لاپەڕە.

ل٣: سەرنووسە، سلێمان قاسمیانی ساڵی سێیەم، سەروتار.

ل٤: سیناریۆیەکی دووبارەکراوە، کوردەکان و کوسوڤۆ، ئاسۆ.

ل٧: هەڵەبجە ئازارێکی نەمر لە ویژدانی هەموو مرۆڤایەتیدا، کاروان عەبدوڵلا.

ل٨: ئوجەلان، وانەیەکی مێژوویی و نوێ بۆ خەبات، سەلام عەبدوڵلا.

ل١٥: بزوتنەوەی کۆمەڵایەتییەکان و تەجرووبەی مێژوویی، سلێمان قاسمیانی.

ل١٧: سەبارەت بە پرۆژەی ئاشتی لە ڕێگەی فەرهەنگەوە، ڕەحمان حسەینزادە.

ل٢٠: ڕاپەڕینی خەڵک لە کوردستانی ئێران و هەڵوێستی پ.ک.ک، سلێمان قاسمیانی.

ل٢١: نامەیەک لە «کرێکارەوە»، جەمال کۆشش.

ل٢٣: نووسینی کوردی بە ڕێنووسی لاتینی، نوێگەری لە زماندا، مەریوان ڕەئووف.

ل٢٧: ڕیالیزم، هاشم کەریمی.

ل٣١: مارگەریتا ڕومەری، چاوپێکەوتن لەگەڵ تەسلیمە نەسرین، شنە عەبدوڵلا.

ل٣٤: بەدەم چاوەڕوانی شاعیرێکی بەرزەفرەوە، حەمەسەعید حەسەن.

ل٤١: شیعر: گۆران، بژار، مەریوان ڕەئووف، ئاسۆ، خالید بایەزیدی، مەشخەڵ، حەمەعەلی حەسەن، ڕزگار عومەر.

ل٤٨: ئەلوەن ئەم بەرو ئەوبەر، ناساندنی کتێب، ئەسعەد حاجی حەسەن.

ل٤٩: ئەسەد نودینیان میدوسا بەسەر ئابیدەرەوە، ناساندنی کتێب.

ل٥٠: کۆتایی چاوەڕوانی، چیرۆک، هیوا.

ل٥٢: مەشخەڵی شاعیر، بانگەواز.

ل٥٢: بازگە، چیرۆک، عەبدول حسەین.

ل٥٣: شیکهار جوشی براگەورە، ئەسعەد حاجی حەسەن.

ل٥٥: وەڵامی ڕێبوار بە نامەکەی عەباس شوان، ڕێبوار.

ل٥٦: (کوێرە دێ) گەورە شار و کومۆنیستی خاراو، سەردار عەبدوڵڵا.

ل٥٨: بەیان بۆ ئەو ئینسانەی خۆشم دەوێ و بە جێم دێلی.

ل٥٨: ئەو بابەت و گۆڤار و ڕۆژنامانەی بۆ هانا نێردراوە نووسراوە.

لە دیوی ناوەوەی بەرگ پشتەوە، لیستی ناوی ئەم کتێبانە نووسراوە، بۆ فرۆشتن، کە لای (هانا) دەست دەکەون، بە زمانەکانی: کوردی، فارسی، سوێدی. هاوکات ئاگادارینامە و ئادرەسی نوێی هانا نووسراوە.

ژمارە (١٣) ساڵی - ١٩٩٩:

وێنەی سەر بەرگی پێشەوە تابلۆی: سەردار عەبدوڵڵا (٣٨) لاپەڕە.

ل٣: بڕیاری ژەنەراڵەکانی تورکیا مەحکوومە، سەروتار، سلێمان قاسمیانی.

ل٤ کاڵای تیۆری لە قەدەر باڵای سیاسەت، حسەین موراد بەیگی، حەمەسوور.

ل٧: دیجلەی میهرەبان و ڕۆحێک، سەفین عەلی.

ل٩: کورد و ئەورووپی و ئافرەت لە نێوانیاندا، شنە عەبدوڵڵا.

ل١٣: دەستخۆشانە لە ژنکوژان، ڕێبوار.

ل١٥: شیعر: پیەرە لویس، ئاسۆ. موئا مارتینسون، ڕێبوار. نزار قبانی/ ئاسۆ. شنە ڕانیەیی، شاهۆ پیرخزرانیان.

ل٢٠: ژنانی پارچەچنی جیهان، بە پیتی لاتینی، موئا مارتینسون، شیعر، و: ڕێبوار.

ل٢١: شۆڕشی مارسی ١٩٢٠ لە ناوچەی (روور) لە ئەڵمانی، سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم.

ل٢٥: کچی بەیان، فایق عەبدوڵڵایی.

ل٢٧: بابەتی سەرەکی لە فەلسەفەدا، ئافاناسیف، و: حەمەعەلی حەسەن.

ل٢٩: پێخەف، چیرۆک، یووسف عیزەدین.

ل٣٢: دوو کورتە چیرۆک، عەباس شوان.

ل٣٣: بەپێوە بمنێژن، ئیزابیل فونسیکاس تومی بینتسون، ڕانانی کتێب، بەکر ئەحمەد(ئاسۆ).

ل٣٥: پرسەی دینی تاکەی، کاروان عەبدوڵڵا.

ل٣٧: دوا ڕۆژگیرانی سەدەی بیست و خورافەکەران، سەردار عەبدوڵڵا.

لە دیوی ناوەوەی بەرگی پشتەوە، لیستی ناوی ئەو کتێبانە بڵاوکراونەتەوە، کە لەلای (هانا) بۆ کڕین بە زمانەکانی: کوردی، فارسی، سویدی دەستدەکەون. هەروەها ئاگادارینامەی هانا سەبارەت بە ئەدریس و ئابوونەی ساڵانە بڵاوکراوەتەوە.

ژمارە(١٤) ساڵی - ١٩٩٩:

تابلۆی سەر بەرگی پێشەوە پەنابەرێکی بەنگلادیشی. (٣٨) لاپەڕە.

ل٣: خورافەی دووهەزار، لەیلا قاسمیانی.

ل٥: ژنانی کورد لە بەرانبەر دوو فەرهەنگدا، سەوسەن سەلیم.

ل١٢: وێنەی مەسیح لە دۆزەخی ڕوانداوە تا شاری کوێرانی «ساراماگۆ»، بەکر ئەحمەد.

ل١٥: زمان و ئایین، سلێمان قاسمیانی.

ل١٩: شیعر: گۆران، کۆژان، حەمەعەلی حەسەن، خەولە عەبدوڵلا سوڵتان، ئاسۆ باڵابەرز،

ڕەحمـان سـۆفی.

ل٢٤: جوانی بێ ناو، شیعر بە ڕێنووسی لاتینی، گۆران.

ل٢٥: دەستی کلێسا لە جینۆسایدی ڕواندادا، پیتردالْ، و: بەیان ناسیح.

ل٢٨: کرێکار، چیرۆک، ماکسیم گۆرکی، خدر عەبدوڵڵا خدر.

ل٣٥: پارلەمانی کوێت و مافی دەنگدانی ژنان،سەردار عەبدوڵڵا.

ل٣٦: (نەئە)کانی کەژاڵ ئەحمەد، دەربەندی بەڕمۆدا، ڕانانی کتێب، مەشخەڵ.

ل٣٧: لە ئاستانەی دوو هەزاردا، پشکۆ نەجمەدین.

ل٣٧ : بیرەوەری لە دایکبوون، خالید بایەزیدی (دلێر).

ل٣٨: هەواڵەکان ڕادەگەیەنن، سەردار عەبدوڵڵا.

لـە دیـوی نـاوەوەی بەرگـی پشـتەوە، لیسـتی نـاوی ئـەم کتێبانـەی بـۆ کڕیـن لای (هانـا) بـە زمانەکانـی: کـوردی، فارسـی، سـویدی، دەسـتدەکەون، هەروەهـا پیرۆزبایـی سـاڵی نـوێ، و نـاوی ئـەو گۆڤـار و ڕۆژنامـە و کتێـب و بابەتانـەی بـۆ (هانـا) ڕەوانەکـراون، بڵاوکراوەتـەوە.

ژمارە (١٥) ساڵی - ٢٠٠٠:

وێنەی سەر بەگی پێشەوە: محەمەد نیما، (٣٨) لاپەڕە.

ل٣: سەرکوتکرانی ئازادی مەحکووم دەکەین، نامەیەکی ناڕەزایی،دەستەیەک نووسەر.

ل٤: نامەیەکی کراوە لە (لەندەن)ەوە، دەستەیەک نووسەر.

ل٥: هەڵەبجە قوچی قوربانی ناسیۆنالیزم و مەزهەب، مسلح شێخ الاسلامی (ڕێبوار).

ل٦: بۆ ئەوەی هەڵەبجە لە یاد نەچیت، بانگەوازی چالاکی، دەستەیەک نووسەر.

ل٧: کام دوو کوڵتوور، ئارام.

ل١٣: چەند تێبینی کورت سەبارەت بە (کام دوو کوڵتوور؟)، سلێمان قاسمیانی.

ل١٤: شـیعری محەمـەد ماغـوت، و: حەمەسـەعید حەسـەن. شـیعر: ڕێبـوار، ئاسـۆ، محەممـەد ماغـوت، عەلـی کیتابی، شێرکۆ بێکـەس.

ل١٩: سێ شیعر بە ڕێنووسی لاتینی، شێرکۆ بێکەس.

ل٢٠: مافی ژیان یان سزای ئیعدام، فاتیح بەهرامی، و: بەکر ئەحمەد.

ل٢٧: پاکانەیەکی تر، سەفین عەلی.

ل٢٨: نامووسپەرستی و ڕەشەکوژی ژنان لە ئوردن، آعزم کم گویان، و: لەیلا قاسمیانی.

ل٣٠: داشقە، ب.سۆلین.

ل٣٢: ئایا مێژوو خەریکە دووپات بێتەوە؟ سلیمان قاسمیانی.

ل٣٤: نامەیەکی کراوە، حەسەن سەید باقی.

ل٣٦: هەواڵەکان ڕادەگەیەنن، سەردار عەبدوڵڵا.

ل٣٧: من تێکوشام تا مرۆڤ بم، نامەیەک بۆ کچەکەی،چارلی چاپلین، عەلی کیتابی.

دیوی ناوەوەی بەرگی پشتەوە، لیستی ناوی ئەو کێتابانەی بۆ فرۆشتن لای هانا بە زمانەکانی: کوردی، فارسی، سویدیدەست دەکەون. کامەران عەبدولکەریم.

ژمارە (١٦ و ١٧) ساڵی - ٢٠٠١:

وێنەی سەر بەرگی پێشەوە، سەردار عەبدوڵلا (٦٢) لاپەڕە.

ل٢: سەروتار، سەرنووسەر.

ل٤: ناسیونالیزم و شاعیرەکانی، حاجی قادری کۆیی، سلێمان قاسمیانی.

ل١٧: لە سەفەرێکدا، بەکر ئەحمەد.

ل٢٣: دوو نامەی جەوهێل، و: ئەسعەد حاجی حەسەنی.

ل٢٥: بە بۆنەی ساڵڕوژی مەرگی «ئۆژن پوتیە«،لینین، و: فەریدوون نازری.

ل٢٦: لەسەر مەسەلەی نەتەوە، ڕێبوار.

ل٣٢: لە دار تەرمەوە بۆ دۆزەخ، حەمەسەعید حەسەن.

ل٣٤: گۆرانیەکی لە یادکراو و سێدارەی یادەوەرییەک، سەردار عەبدوڵلا.

ل٣٩: شیعرەکەی ئالفرێد ئیتایس، و: ڕێبوار. شیعر: ئالفرێد ئیتایس، بژار، حەمەعەلی حەسەن، ڕێباز مەحموود.

ل٤٤: شیعری ئەنتەرناسیونال، بە ڕێنووسی لاتینی کوردی، ئۆژن پوتیە، و: ڕێبوار.

ل٤٥: جەهەننەم، چیرۆک، ڕەفیق شامی، مەحموود سەلیمی.

ل٤٨: کەڵە پیاوێکی بە شەرەف، دوو دیمەنی شانۆیی عیرفان کەریم.

ل٤٩: مەسەلەی کورد لە تورکیا و سیاسەتی پ.ک.ک- سیاسی حوسەین موورادبەیگی(حەمە سوور).

ل٥٦: بانگەواز بۆ کوردایەتی، سلێمان قاسمیانی.

ل٥٧: ڕێباز، دیالکتیک و متافیزیکا، ئافاناسیف، و: حەمەعەلی حەسەن.

ل٥٩: بیست و سێ ساڵ، ڕانانی کتێب، بەکر ئەحمەد.

ل٦١: هەواڵەکان، سەردار عەبدوڵڵا.

ل٦٢: بەرهەمی چاپکراوی نوێ. لە دیوی ناوەوەی بەرگی پشتەوە لیستی ناوی ئەم کتێبانەی لای هانا بە زمانەکانی: کوردی، فارسی، سویدی دەستدەکەون، بڵاوکراوەتەوە.

ژمارە (١٨ و ١٩) ساڵی - ٢٠٠٣:

وێنەی سەر بەرگی پێشەوە (سوننەتەکان) میهران تورابی. (٥٨) لاپەڕە. دیوی ناوەوەی بەرگی پێشەوە ئاگاداری و کاریکاتێری ژمارە-١١- لە ساڵڕۆژی مەرگی «فاتیمە شەهیندال»ی تێدایە. زۆربەی لاپەڕەکانی ئەم ژمارەیە تەرخانکراوە بۆ کوشتنی نامووسی.

ل٤: سەروتار، سەرنووسەر.

ل٥: شایی لەژێر سێبەری مەرگدا، سلێمان قاسمیانی.

ل٩: ناونیشانی تراژیدیایەک، سەردار عەبدوڵڵا، ئەحمەد شەماڵ.

ل١٢: بەسەرهاتێکی تاڵ، پرۆگرامێکی دیکۆمینتاری تەلەفزیۆنییە لەبارەی «فاتیمە شەهیندال»، ئامادە و وەرگێڕانی: لەیلا قاسمیانی.

ل١٦: فەرهەنگی نامووسپەرستی و سەرکوتی ئازادی ژن، لەیلا قاسمیانی.

ل١٩: ژنە مردووەکە بەڕێوەیە، بەکر ئەحمەد.

ل٣٥: شیعر: شاهۆ پیرخزرانیان، بژار، ئاسۆ گۆران.

ل٤٠: شێخ ڕەزای تاڵەبانی: ناسیونالیسم و شاعیرەکانی، سلێمان قاسمیانی.

ل٤٨: لەگەڵ هونەرمەند «میهران تورابی».

ل٥٢: شیعر و کۆمونیزم و ئەرکی چینایەتیمان، بژار.

ل٥٤: حسێن مەیگۆڕی، فەرهادی چیابەزێنی سەدەی بیستویەک، سەردار عەبدوڵڵا.

ل٥٧: گولێک لە بیابانی ئەفریقادا، واریس دیریە، ناساندنی کتێب، نووری کەریم.

لە دیوی ناوەوەی بەرگی پشتەوە، لیستی ناوی ئەم کتێبانە بڵاوکراونەتەوە، کە لای هانا بۆ کڕین بە زمانەکانی: کوردی، فارسی، سوێدی دەستدەکەون.


*ئەم بابەتە لە گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس)، ژمارە (٢٦)ی بەهاری ٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە.

## سێیەم: ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات

لـە بارودۆخێکـی سیاسـی جەنجاڵ و ئاڵـۆز، لەژێـر سـێبەری ڕژێمـی تورکیـادا، کوردانـی باکـوور ڕۆژنامەیەکیان بـە نـاوی (ڕۆژا وڵات) دەرکـرد، هـاوکات بـوو لەگـەڵ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێی باشـووری کوردسـتان.

ڕۆژنامەیەکی سیاسی، کولتووریی بوو. پانزە ڕۆژ جارێک دەردەچوو. زمانی ڕۆژنامەکە: تورکی، کوردی (کرمانجی ژووروو) ڕێنووسی لاتینی بوو. خاوەنی ئیمتیازی «مستەفا ئایدن» بوو، بەڕێوەبەر و بەرپرسی ژمـارە یـەک: «سـەدیق بۆزارسـلان»، لـە ژمـارە (٢ تاکـو٦) «فیکـرەت ئـاکای» بەڕێوەبەر و بەرپـرس بـوو. لـە ژمـارە (٧ تاکـو١٢) «مەحمـوود چشـمە»بەڕێوەبەر و بەرپـرس بـوو. ژمـارە (١٢) دوا ژمـارە بـووە لـە تورکیـا دەرچـووە.، ژمـارەی لاپەڕەکانـی لـە نێـوان دوانـزە بـۆ شـانزە لاپـەڕەدا بـووە. ژمارەکانـی: ٥،٦،٧،٩،١٠ دوانـزە لاپـەڕە بـووە. ژمارەکانـی: ١،٢،٣،٤،٨،١١،١٢ شـانزە لاپـەڕە بـوو. لـە ژمـارە یەکدا نووسراوە چاپخانەی ئـاراڵ ئۆفسێت- ئیستەنبوڵ، لـە ژمارەکانی تـردا نووسراوە چاپخانەی ئێماش- ئەنقـەرە. ناونیشـان و ئابوونـەی سـاڵانە نووسـراوە: بـۆ (٦) مانـگ (٥٠) لیـرە، بـۆ سـاڵێک (١٠٠) لیـرەی تورکـی، بـۆ دەرەوەی وڵات دووقاتـە.

دەرکردنـی ئـەم ڕۆژنامەیـە لـە تورکیـادا ئاسـتەنگ و کێشـەی زۆری هاتۆتـە ڕێ وەک: قەدەغەکردنـی چـاپ و بڵاوکردنـەوەی، گرتنـی خـاوەن و بەرپرسـیاری ڕۆژنامەکـە و حووکمدانیـان، گرتنـی خـاوەن مەکتەبـە و ڕۆژنامەفرۆشـان، کۆکردنـەوە و دەسـت بەسـەرداگرتنی ڕۆژنامـەی (ڕۆژا وڵات) لەلایـەن پۆلیـس.



ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات

کاتێـک ژمـارەی یەکـەم دەرچـوو، «مسـتەفا ئایـدن» و «سـەدیق بۆزارسـلان» لەلایـەن پۆلیسـی تورکـەوە لـە ڕێکەوتـی (١٩٧٧/٩/٢٨) دەستگیرکران، دوای مانـگ و نیوێـک «مستەفا ئایـدن» ئـازاد کـرا، بـەڵام «سـەدیق بۆزارسـلان» بـە سـاڵ و نیوێـک سزادرا. هـەر بۆیـەش تەنێ (١٢) ژمـارەی لـێ چاپکـرا.

بـۆ جـاری دووەم لـە ژمـارە (١٣ تاکـو٣٨) بـۆ درێـژەدان بـە دەرکردنـی ڕۆژنامـەی ڕۆژا وڵات، لـە ئەورووپـا چـاپ و بڵاوکراوەتـەوە لـە نێوان ساڵەکانی (١٩٨٤ تاکو ١٩٨٦) لەلایـەن «مەحمـوود چشـمە» و «زکـی ئاکیـز».

لـە بەشـی سـەرەوەی ڕۆژنامەکـە نووسـراوە: ڕۆژنامەیەکـی

سیاسی کولتووریی (١٥) ڕۆژ جارێک دەردەچێت. لە خوارتر نوسراوە: کارگەرانی هەموو ولاتان و گەلانی ژێر دەست یەکبگرن.

چەند بابەتێک لەم ڕۆژنامەیەدا سەرنجیان ڕاکێشام. یەکەم: بەشە کوردییەکەی و هێندێک تورکییەکەش، کە لەسەر شۆڕشی نوێی باشووری کوردستانە، شتێکی گرینگە بۆ مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان و نەوەی داهاتوو، چونکێ لەو سەردەم لە ڕۆژنامەیەک لەناو تورکیادا هەواڵێکی وەهایان بڵاوکردۆتەوە. دووەم: دەرکردنی ڕۆژنامەیەک لەژێر حووکمی ڕژێمێکی عەسکەرتاری و تۆتالیتاری وەک تورکیادا، کە هەرگیز ئامادە نەبووە نەک ناوی کورد، بەڵکو دان بەبوونی نەتەوەیەکی گەورەی وەک کوردیشدا بنێت. بەشە کوردی و تورکییەکە باسی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی دەکات. بە گشتی ژیان لەبن سێبەری سیاسەتی ئەو حکوومەتانەی کوردستانیان داگیر کردووە، وەکوو نەبوونی ئازادی و دیموکراسی، پێشێلکارییەکانی ئازادی ڕۆژنامەنووسی، بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکی کولتووریی و سیاسی لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، خۆپێشاندانەکان یادی نەورۆز و بۆنە نەتەوەییەکان، دیدار و نووسین لەسەر نووسەرانی وەک: جگەرخوێن، حاجی جندی، عەرەبی شەمۆ، ئازاردان و کوشتنی هاوڵاتیانی کورد لەلایەن ڕژێمی تورکیاوە. لەوکات بایەخی گرینگیان بە بارودۆخی سیاسی و کولتووریی ئەوکاتی هەر چوار پارچەی کوردستان داوە. سووربوونی خاوەنی ڕۆژنامە و بەرپرسانی لە بەردەوامی دەرکردنی ڕۆژنامەکە، کە ڕێیەک بووە بۆ هۆشیارکردنەوە و بە ئاگاهێنانەوەی نەوەی نوێی گەلەکەمان لە هەر چوار پارچەی کوردستان. گەیاندنی ستەم و چەوساندنەوەی گەلی کورد لەلایەن ڕژێمە داگیرکەرەکانی وەک: تورکیا، عێراق، ئێران و سووریا بە دنیای دەرەوە. بەتایبەتی باکووری کوردستان و شۆڕشی نوێی باشووری کوردستان، بە دواداچوون لەسەر ڕووداوە گرینگەکان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و گرتن و لە سێدارەدان و ڕاوەدوونانی هاووڵاتیانی کوردی باشوور لەلایەن ڕژێمی بەعسی ئێراق کردووە. بڵاوکردنەوەی هەواڵی شەهیدان: خاڵەشەهاب و جەعفەر و ئەنوەر. زۆرێک لەوانەی لەسەر کاری سیاسی لەلایەن ڕژێمی بەعس لە سێدارەدەدران. هەڵوەستکردن لەسەر شەڕی براکوژی و هەوڵیانداوە ڕێگری لە کوشتنی شەهیدان عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید و حسەین بابەشێخ و هەڤاڵەکانیان بکەن، داوای ئازادکردنیان بۆ کردوون. دژ بە شەڕی براکوژی و پارچەپارچەبوونی هێزەکان بانگەوازیان کردووە، کە ئەمەیان بە پلانی دووژمنان و داگیرکەرانی کوردستان ناساندووە.

ژمارە (١): لە ڕێکەوتی (١٥/٩/ ١٩٧٧)، شانزە لاپەڕە.وێنەی سەر بەرگی پێشەوە خۆپیشاندان.

لاپەڕە (٢ و٣) پێشەکی بە کوردی و تورکی ڕێنووسی لاتینی نووسراوە.باس لە ئامانجی دەرکردنی ڕۆژنامەی (ڕۆژا وڵات) دەکات. بۆ نموونە دەنووسن: (خوێنەرانی بەڕێز، ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات کەوتە بەردەستی ئێوە، دەرکردنی ڕۆژنامە، یا گۆڤارێک لە وڵاتی ئێمە بە زمانی کوردی

زۆر زەحمەتـە و ترسـناکە.

لـە تورکیـا گۆڤارێکـی کـوردی لـە سـەردەمی سـوڵتانەکاندا و دوای مەشـرووتیەتی سـاڵی(١٩٠٨) بـە نـاوی (ڕۆژی کـورد) دەرچـووە، ئـەوەش لەلایـەن بزووتنـەوەی گەنجانـی کـورد (هێڤـی) دەرکـەوت. دوای ئـەوە پارتـی ئیتیحـاد و تەرەقـی دوای مەشـرووتیەت هاتـە سـەر حووکـم، بـۆ هەمـوو گـەل و نەتەوەکانـی تورکیـا ئـازادی وەک یـەک هەبـوو، بـەڵام ئـەوان لەسـەر بڕیـاری خۆیـان نەمانـەوە ساڵێک و دوانـی ڕانەبرد، کـە خوێنـدن و نووسـین بـە زمانـی گەلانـی تـر قەدەغەکرا، هەرچـی ڕۆژنامـەو گۆڤـار هەبـوو ڕاگیـرا.

تـا گۆڤارێکـی تـر بـە زمانـی کـوردی دەرکـەوت پەنجا سـاڵی تـری خایاند، لـە مـاوەی ڕابردوودا کـورد گەلێـک سـەرهەڵدان و قوربانیـان لـە پێنـاو بـە دەسـتهێنانی ئازادیـی زمـان و سـەربەخۆیی داوە.

لـە دوای سـاڵی (١٩٦٠) دا بـە دواوە گۆڤـاری (دەنـگ) و (دجلـە و فـورات) دەرکەوتـن، بـەڵام بـە تۆمەتـی ئامادەسـازی بـۆ دەوڵەتـی کـوردی تاوانبارکـران زۆرێـک لـە کەسـایەتییەکانی وەک نووسـەر و بەرپرسـیارەکان گیـران.

لـە سـاڵی(١٩٦٦) ڕووناکبیرانـی کـورد گۆڤارێکیـان بـە نـاوی (یەنـی ئاکیـش) لـە ئەنقـەرە دەکـرد. یـەک- دوو هۆنـراوەی کوردیـان تێدا بڵاوکردبـۆوە خـاوەن و بەرپرسـیاری گۆڤارەکـە گیـران.

ئێسـتا سـاڵی (١٩٧٧) ئێمـە دەمانـەوی ڕۆژنامـەی پـازدە ڕۆژی بـە نـاوی(ڕۆژا وڵات) دەربکەیـن. تەمەنـی ئـەم ڕۆژنامەیـەش وەک ئەوانـی پێشـتر کـورت. یـان درێـژ دەبێـت. کاتێـک ویسـتمان ژمـارەی یەکـەم لـە ئەنقـەرە دەربکەیـن، پۆلیسـی تورکـی زۆر توڕەبـوون. ویسـتیان ئێمـە بگـرن گوتیـان: لـە یاسـای تورکـی ئـەوە قەدەغەکراوە ئێوە ناتوانـن بـە زمانـی کـوردی ڕۆژنامـە دەربکـەن، ئێمـە سـەرتان لـێ دەکەینـەوە. هیـوای ئـەوە دەخوازیـن ڕۆژنامـەی ڕۆژا وڵات بـە زمانـی کـوردی و تورکـی جێـی خـۆی لـە دڵـی خوێنـەران بکاتـەوە). لـە کۆتایـی پێشـەکییەکەدا ئامانجـی دەرخسـتنی ڕۆژنامەکەیـان بـۆ ڕای گشـتی ڕوون کردۆتـەوە و داوا دەکـەن، کـە ڕۆژنامەکـە بگاتـە دەسـت هەمـوو کەسـێک، لـە کارگـەر و گوندنشـینان و پیـر و گەنجـان بیخوێننـەوە، ڕۆژانـی داهاتـوو هـی ئێمەیـە.

بـەڵام ئـەوان لەگـەڵ ئەوەشدا دەسـتەوەسـتان نەوەسـتان کارمەندانـی ڕۆژنامـەی (ڕۆژا وڵات)، دەیانزانـی لـە دەسـتووری تورکیـادا شـتێک نییـە بـە زمانـی نەتەوەکانـی تـر قەدەغـە بـکات. چاونەترسـانە ڕۆژنامەکەیـان دەرکـرد. (پاشـان لـە دەسـتووری تورکیـادا قەدەغـە بـە زمانەکانـی تـر چەسـپێنرا ).

لـە لاپـەڕە (٨)دا وتارێـک بـە نـاوی (بـەرەی دیموکـرات) بـە زمانـی تورکـی هەیـە. لـە لاپـەڕە (١٣) بـە کـوردی و تورکـی ڕێنووسـی لاتینـی، فەرهەنگۆکێـک هەیـە. لـە لاپـەڕە (١٤) ژیاننامـە و چەنـد هۆنراوەیەکـی شـاعیری چیللـی «پاپلۆ نیرۆدا» بـە زمانـی کـوردی هەیـە. لـە لاپـەڕە (١٥) نووکتـە بـۆ پێکەنیـن بـە زمانـی کـوردی هەیـە. لاپـەڕە (١٦) ڕاپۆرتێـک لەژێـر نـاوی (کوشـتن و سـەرکوتکردنی

گەلی کورد لە عێراق)، هەواڵی لە سێدارەدانی «خاڵە شەهاب» و هاوڕێکانی و باسی لە سێدارەدانی «لەیلا قاسم» بە زمانی تورکی بڵاوکراوەتەوە.

ژمارە(٢): لە ڕێکەوتی (٣٠-١٠-١٩٧٧)، شانزە لاپەڕەیە. وێنەی سەر بەرگ وێنەی لینین لەگەڵ هاوڕێکانی لە یادی (٦٠) ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن.

لاپەڕە (٢) وتارێک بە ناوی (مافی بە کارهێنان و بڵاوکردنەوە)بە زمانی کوردی، هاوکات سەبارەت بە گرتنی بەڕێوەبەر و بەرپرسی ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات «سەدیق بۆزئارسلان»، بە زمانی تورکی نووسراوە. لاپەڕە (٥) وتارێک سەبارەت بە ڕژێمی بەعس لە بەغدا، کە چۆن چالاکوانانی سیاسی پارتە سیاسییە بەرهەڵستکارەکانی کوردستان دەگرێت و ئەشکەنجە و ئازاریان دەدات، پۆل پۆل لە سێدارەیان دەدات، ناوەکانیان نووسراوە، بە زمانی تورکی. لاپەڕە (٦) وتارێک لەسەر یەکێتی سۆڤییەت، بە زمانی تورکی. لاپەڕە (١٠) ڕاپۆرتێک لەسەر زەوی لەرزەی شاری مورادییە، بە ناوی (کەس لە حاڵی ئێمە پرسیار ناکات). ڕۆژا وڵات چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئاوارەکانی بەرکەوتوانی زەوی لەرزینەکە، بە زمانی کوردی کردووە. لاپەڕە (١١) نووکتە بە زمانی کوردی. لاپەڕە (١٢) لەژێر ناوی (برایەتی کورد و تورک) باس لە دادگاییکردنی خاوەنی ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات «مستەفا ئایدن» و بەڕێوەبەری بەرپرس «سەدیق بۆزئارسلان» لە دادگای ئەنقەرە بە زمانی تورکی دەکات. لاپەڕە (١٤) بابەتی ئەدەبی کورتە چیرۆک و هۆنراوە. لاپەڕە (١٥) هۆنراوە.

ژمارە (٣): لە ڕێکەوتی (١٩٧٧/١٢/١)، شانزە لاپەڕە.لەسەر بەرگی پێشەوە نووسراوە، زۆرداری لەسەر ڕۆژنامەی ئێمە.

لاپەڕە (٢) زوڵم و زۆرداری لەسەر ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات بە زمانی کوردی و تورکی، لەم وتارەدا تێیدا هاتووە، دوای بڵاوبوونەوەی ژمارە١و٢ی ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات، بە بڕیاری دادگا، پۆلیس لە ئەنقەرە، ئەستەنبول، دیاربەکر و شارەکانی دیکەی کوردستان، لە پەرتووکخانە و ڕۆژنامەفرۆشاندا دەستیان بەسەر ڕۆژنامەکەدا گرتووە. پۆلیس هەڕەشەی لە خاوەن پەرتووکخانە و ڕۆژنامەفرۆشان کردووە، کەس ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات نەفرۆشێت، بەڵام ڕۆژا وڵات بانگەوازی گەلی کورد دەکات، کە لە خەبات و خوێندنەوە بەردەوام بن و نەترسن. لاپەڕە (٣٠) یادی -٦٠- ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە یەکێتی سۆڤییەت، بە زمانی کوردی و تورکی. لاپەڕە (٧) باسێک لەسەر شێخ و نەوت، بە زمانی کوردی. لاپەڕە (١٠) چالاکی هونەری. لاپەڕە(١١) وتارێک باس لە خەبات و تێکۆشانی گە لانی ژێردەست و کورد دەکات، بە زمانی کوردی. لاپەڕە (١٢) ئەدەبییە، شیعری «نازم حیکمەت»، دوو شیعری «ئەسکەرێ بۆیک» شاعیری کوردی سۆڤیەت. لاپەڕە (١٣) کورتە چیرۆک، بە زمانی کوردی. لاپەڕە (١٤) نووکتە بە زمانی کوردی. لاپەڕە (١٥) ڕاپۆرتێک باس لە دادگاییکردنی خاوەنی ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات و بەڕێوەبەری بەرپرس دەکات، کە سزای ساڵ و نیویک بۆ «سەدیق

بۆزئارسلان» بڕاوەتەوە، «مستەفا ئایدن» ئازادکراوە. لاپەڕە (١٦) باس لە گرتن و کوشتنی کوردانی باشوور لەلایەن ڕژێمی بەعسی بەغداد دەکات، لیستی چەند ناوێک بڵاوکراوەتەوە.

ژمارە (٤): لە ڕێکەوتی (٢٥-١- ١٩٧٨)، شانزە لاپەڕە. وێنەی سەربەرگی پێشەوە، خۆپیشاندانی هاووڵاتیانی دیاربەکر دژ بە(Mcye ).

لاپەڕە (٣) کەوتنی (MCYE) باسێک بە کوردی (ڕێنووسی لاتینی). لاپەڕە (٤) باسێک لەسەر ژیانی هاووڵاتیانی فەلەستینی لە خێوەتگا، بە زمانی تورکی. لاپەڕە (٦) وتارێک بە زمانی کوردی و تورکی، لەسەر هەڵبژاردنی شارەوانی دیاربەکر، «مەهدی زانا» ماڵان و کۆلانان گەڕاوە لە نزیکەوە ژیانی خە ڵکی بینیوە.. لاپەڕە (٨و٩) دیدارێک لەگەڵ «دکتۆر مەحموود عوسمان»، هەرەسی شۆڕشی کوردی، لە دانیشتنێکیدا لەگەڵ خوێندکاران و کارگەرانی کورد لە شاری بۆنی ئەڵمانیا بەرباس دەدا، «ئاکسا» چەند پرسیارێکیان ئاراستە کردووە. لە گۆڤاری ڕێگای ئازادی ( Özgürlük Yolu) ئوزگورلوک یۆلو، بە زمانی تورکی لە ژمارە(٣١ و٣٢)دا بڵاوکراوەتەوە، لەم ژمارەیەشدا ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات بڵاوی کردۆتەوە. لاپەڕە (١٠) ڕاپۆرتێک بە زمانی تورکی لەسەر کۆنگرەی (١٨)یەمینی ئەکسا لە (٢٥تا٢٨)ی مانگی هەشتی١٩٧٧. لاپەڕە (١١) هەواڵ و چالاکی ئەدەبی و هونەری، بە زمانی کوردی. لاپەڕە(١٢) ئەدەبی و هونەری. لاپەڕە (١٣) هەواڵی دەست بەسەر داگرتنی پەرتووک لەلایەن پۆلیسی تورک، وەکو کتێبی: (ڕێزمانی کوردی) دکتۆر کامەران بەدرخان، گۆڤاری ڕێگای ئازادی، (کورد و کوردستان)ی بازیل نیکتین، کتێبێکی ئیسماعیل بێشکچی. لاپەڕە (١٤) نووکتە بۆ پێکەنین. لاپەڕە(١٤) کۆمەڵە و کەسایەتییە شۆڕشگێڕەکانی ئەڵمانیا ئیدانەی فشارەکانی حکوومەتی تورکیا بۆ سەر ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات، دەکەن. لاپەڕە (١٦) نووسینێک لەسەر لینین بە زمانی تورکی.

ژمارە (٥): لە ڕێکەوتی (٥-٣- ١٩٧٨)، دوانزە لاپەڕەیە.وێنەی سەر بەرگی پێشەوە تابلۆیەکە پیاوێک و چەند کەسێک بە دوایەوە ئاڵایەکیان هەڵگرتووە لەسەری نووسراوە:بژی ئازادی، بڕوخێ داگیرکەر.

لاپەڕە (٣) وتارێک لەژێر ناوی (ڕووناکی پێشکەوتنی گەلانە) بە زمانی کوردی و تورکی. لاپەڕە (٤) هەواڵ و چالاکی سیاسی، بە زمانی تورکی. لاپەڕە (٥) بانگەوازی کۆمەڵەی کرێکاری لە شاری نۆرنبێرگی ئەڵمانیا بە ناوی ئازادی، دیموکراسی، شەڕ، تێیدا ئازادی بۆ ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات بە زمانی تورکی دەکات. لاپەڕە (٦) بابەتێک بە ناوی (ئەنجوومەنی فێرکاری دیموکراتیک)، بە زمانی تورکی. لاپەڕە (٨) وتارێک بە ناوی (فاشیزم دوژمنی هەموو خەباتکاران و گەلانە)، بە زمانی تورکی هۆشیار نووسیتی. لاپەڕە (٩) نووکتە، بە زمانی کوردی. لاپەڕە (١٠و١١) بابەتی کولتووریی- چیرۆک، شیعر.

ژمارە(٦): لە ڕێکەوتی(١٣-٤- ١٩٧٨)، دوانزە لاپەڕە.وێنەی سەر بەرگی پێشەوە، تابلۆی ئاگری نەورۆز، لە سەری نووسراوە بژی نەورۆز، بەسە کۆیلەتی، بژی ئازادی.

لاپەڕە (٢) هەواڵی سیاسی کوردانی باکوور، بە زمانی تورکی. لاپەڕە(٤ و٥) هەواڵی چالاکییەکانی نەورۆز لە شوێنی جیاجیادا، لەژێر ناوی (نەورۆز ڕۆژی دژی ڕەگەزپەرستی بەرز و پیرۆز ڕاگیرا)، بە زمانی کوردی. لاپەڕە (٨) هێرشی جەندرمەی تورک بۆ سەر کوردستان، بە زمانی تورکی. لاپەڕە (٩) هەواڵی سیاسی وڵاتانی ناوچەکە، بە زمانی تورکی. لاپەڕە (١٠) ئەدەبی شیعر. لاپەڕە (١١) نووکتە. لاپەڕە (١٢) چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات لەگەڵ «دانیال ڕیتۆریال» سکرتێری فیدراسیۆنی سەندیکای مامۆستایانی جیهان.

ژمارە (٧): لە ڕێکەوتی (٢٢- ٥- ١٩٧٨)، دوانزە لاپەڕە. وێنەی سەر بەرگی پێشەوە ڕێپێوانی کرێکاران بە بۆنەی جەژنی یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی کرێکاران.

لاپەڕە (٢) وتارێک دژ بە پێکهێنانی حکوومەتی نوێی تورکیا لەلایەن پارتی براوەوە، تێیدا فاشیزم و زوڵم وزۆری حکوومەتی بەرباس دراوە. ئەوانەی دێن هیچ لە وەزعەکە ناگۆڕن، زوڵم و چەوساندنەوە دژ بە گەلی کورد و نەتەوەکانی تر بەردەوام دەبێت. بە زمانی کوردی. هەمان وتار بە زمانی تورکی لە لاپەڕە(٣)دا هەیە. لاپەڕە (٤و٥) بابەتێک لەسەر شارەوانی دیاربەکر، بە زمانی تورکی، هەیە. لاپەڕە (٦)، گوڵان جەژنی جیهانی کرێکاران، کورتەباسێکی مێژووی کرێکارانی جیهان، دوو پارچە شیعر لەسەر یەکی ئایار بە زمانی کوردی. لاپەڕە (١٠) نووکتە بە زمانی کوردی. لاپەڕە (١١) ئەدەبییە، هۆنراوە، بە زمانی کوردی.

ژمارە (٨): لە ڕێکەوتی(٢- ٨- ١٩٧٨)، شانزە لاپەڕەیە.وێنەی سەر بەرگی پێشەوە یادی چوار ساڵەی گۆڤاری ڕێگای ئازادی وێنەی بەرگی چەند ژمارەیەک دانراوە.

لاپە ڕە (٢) نامەی ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات بە زمانی کوردی بۆ خوێنەرانی بە بۆنەی دەرنەگ دەرچوونی. لاپەڕە (٣) چوار ساڵەی دەرچوونی گۆڤاری ڕێگای ئازادی، بە زمانی کوردی و تورکی. لاپەڕە (٤) هەواڵ و چالاکی، هەواڵی سزدانی گۆڤاری ڕێگای ئازادی لە شارەکان. لاپەڕە (٥) هەواڵی ڤێستیڤاڵی نێونەتەوەیی ساڵی (١٩٧٨) لە ئەڵمانیا شاری بوخم. لاپەڕە (٦) هەواڵ، لە -٥- ی گوڵان لە پەرلەمانی تورکیادا قسە لەسەر ئەوە کراوە، کەس بۆی نییە ناوی کورد و کوردستان لەسەر زمانی بهێنێت. هێرشکردنە سەر «شەرەفەدین چەلیک» نوێنەری شاری ماردین. بە زمانی کوردی. لاپەڕە (٧) هەواڵی ئەشکەنجەدانی هاووڵاتیانی کورد، بە زمانی تورکی. لاپەڕەکانی (٨،٩،١٠) باسێک، هۆکارەکانی ململانێی لە کوردستانی عێراق، بە زمانی تورکی. لاپەڕە (١٤) هەواڵی کوشتنی دیموکراسیخواز و دژە فاشیزم مامۆستا «بەدرەدین جۆمێرت»، بە زمانی کوردی. لاپەڕە (١٥) کولتووریی، هۆنراوە، بە زمانی کوردی. لاپەڕە (١٦) پرۆفیسۆر «حاجی جندی» بوو بە

(٧٠) ساڵ، کورتەیەک لە ژیاننامە و بەرهەمەکانی، بە زمانی تورکی.

ژمارە (٩): لە ڕێکەوتی(١٠-٩- ١٩٧٨)، دوانزە لاپەڕەیە.لەسەر بەرگی پێشەوە نووسراوە «عەلی عەسکەری» و هەڤاڵەکانی ئازاد بکەن.

لاپەڕە (٢) سەبارەت بە کۆنگرەی چوارەمی تۆپ دێر، بە زمانی کوردی. لاپەڕە (٣،٤،٥) بانگەوازی ئازادکردنی «عەلی عەسکەری» و هەڤاڵەکانی دەکەن، بە زمانی تورکی. لاپەڕە (٦،٧) ڕاپۆرتێک سەبارەت بە شۆڕشی کوردستانی ئێراق، لەژێر ناوی: (لەناو ڕیزی وڵاتپارێزان دووبەندی و تەفرەقەمەکەن )، بە زمانی کوردی. لاپەڕە (١٠) نووکتە، بە زمانی کوردی. لاپەڕە (١١) ئەدەبی، پاشماوەی سەبارەت بە کوردستانی ئێراق، بە زمانی کوردی. لاپەڕە (١٢) نووسەری گەورەی کورد «عەرەبی شەمۆ» مرد. ژیاننامە، بە زمانی کوردی.

ژمارە (١٠): لە ڕێکەوتی (٢٩-٩- ١٩٧٨)، دوانزە لاپەڕەیە.وێنەی سەر بەرگی پێشەوە وێنەی جاندرمەی تورک و لاشەی کوردان. نووسراوە:جەنگ دژ بە گەلی کورد، بە زمانی تورکی.

لاپەڕە(٣) دووەم ساڵیادی دەرچوونی ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات، بە زمانی کوردی. لاپەڕە (٤و٥) ڕاپۆرتێک لەسەر ژیان لە سێستەمی تورکمانستاندا. لاپەڕە (٩) وتارێک لەسەر کابینەی نوێی حکوومەتی تورکیا. لاپەڕە (١٠) ئەدەبی و هونەری.

ژمارە (١١): لە ڕێکەوتی (٩-١١- ١٩٧٨)، شانزە لاپەڕەیە. وێنەی سەر بەرگی پێشەوە، پیاوێکی کورد جگەرە دەکێشی، نووسراوە: ژیان لەسەر چیای سیپانێ.

لاپەڕە (٣) وتارێک لەسەر ئانارشیزم، بە زمانی کوردی و تورکی. لاپەڕە (٧) وتارێک لەسەر وەزعی کوردستان، نووکتە، بە زمانی کوردی. لاپەڕە (٨ و٩) ڕاپۆرتێک لەسەر ژیانی کوردەواری لەسەر چیای سیپانێ، بە زمانی کوردی. لاپەڕە (١٠) هەواڵ لە شارەکانی باکووری کوردستان، بە زمانی تورکی. لاپەڕە (١١) کۆنگرەی سەندیکا لە دیاربەکر، بە زمانی تورکی. لاپەڕە (١٢) وتارێک لەسەر شۆڕشی ئێران. لاپەڕە (١٤و١٥) ئەدەبی و هونەری، بە زمانی کوردی. لاپەڕە (١٦٠) وێنەی گۆڕی «نووری دەرسیمی» و وتارێک بە زمانی تورکی.

ژمارە (١٢): لە ڕێکەوتی(١٥-١٢- ١٩٧٨) شانزە لاپەڕەیە. وێنەی سەر بەرگی پێشەوە، وێنەی پۆلێک پێشمەرگەی باشووری کوردستان، لەسەر بەرگ نووسراوە: چاوپێکەوتنی ڕۆژا وڵات لەگەڵ «جگەر خوێن».

لاپەڕە (٣) وتارێک سەبارەت بە ڕۆژی یەکێتی و خەبات، بە زمانی کوردی. لاپەڕە (٦) هەواڵی شارەکانی باکووری کوردستان، بە زمانی تورکی. لاپەڕە (٨و٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ شاعیر «جگەر خوێن»، لە قامشلۆ. لاپەڕە (١٢و١٣) نامەیەک لە (kdp) سەبارەت بە دامەزراندنی کۆمیتەیەکی

تایبەت. لاپەڕە (١٤و١٥) ئەدەبی و هونەری، هۆنراوە و پەخشان. لاپەڕە (١٦) کۆنگرەی (١٩)یەمینی (ئەکسا) لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا، وتاری ڕۆژا وڵات لە کۆنگرە.*

*ئەم بابەتە لە گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس) ژمارە (٢٧و ٢٨) کە ژمارەی جمکن، بۆ پاییز و زستانی(٢٠١٢) بڵاوبۆتەوە.

## چوارەم: گۆڤاری ڕێگای ئازادی– ١٩٧٥– ١٩٩١

گۆڤارێکی سیاسی مانگانە بوو، لە ساڵی (١٩٧٥) لە ئەنقەرە ی پایتەختی تورکیا دەرچووە. زمانی گۆڤارەکە، تورکی و کوردی (زازاکی، کرمانجی ژووروو) ڕێنووسی لاتینییە. لەسەر بەرگی پێشەوەی گۆڤارەکە بە زمانی تورکی (özgürlük yolu) ،ئوزگورلوک یۆلو نووسراوە واتە ڕێگای ئازادی.

لەژێر ناوی گۆڤارەکە بە تورکی نووسراوە: گۆڤارێکی سیاسی مانگانەیە. هاوکات بابەتی ئەدەبی و هونەری بە زمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە. بەتێکڕای(٤٤) ژمارەی لێ دەرچووە. لە ساڵی ١٩٧٥ تا ساڵی (١٩٧٩). زۆر جار ئاستەنگ و بەربەست لە بەردەم چاپ و بلاوکردنەوەی ئەم گۆڤارە، لەلایەن کار بەدەستانی حکوومەتی تورک و پۆلیس هاتۆتە پێشیان، وەک ڕێگریکردن لە بڵاو بوونەوە، کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری لە پەرتوکخانەی شارەکان، دەست بەسەرکردنیان، دادگاییکردنی لێپرسراوانی گۆڤارەکە، تا دواجار دایانخست. ئەم گۆڤارە بە یەکێک لە باشترین ئەو گۆڤارانە دادەنرێت، کە دەرچوبێت لە ڕووی ماوەی درێژی دەرچوونی و بابەتی بەرهەمەکانی.




خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری ڕێگای ئازادی: «فاروق ئاراس»، لێپرسراو بەڕێوەبەری نووسین «ئۆرهان تالون». ناونیشانی سەرەکی ئەنقەرە. ئابوونەی ساڵانە (١٠٠) لیرە، بۆ نیوساڵ (٥٠) لیرەی تورکی. لە ژمارە(٢٩)ەوە ئابوونەی ساڵانە دەبێتە (١٥٠) لیرەی تورکی و بۆ نیوساڵ دەبێتە (٧٥) لیرە. ناونیشانی شاری ئیستەنبوڵ نووسراوە. لە چاپخانەکانی وەک: چارک، ئەشک، بەهار گۆڤارەکە لە چاپدراوە.

گۆڤاری ڕێگای ئازادی چەند جارێک دوو ژمارەی

(جمک)ی لەیەک بەرگدا بە یەکەوە دەرچوون وەک: (١٣و١٤)، (١٥و١٦)، (٣١و٣٢)، (٣٣و٣٤)، (٣٧و٣٨)، (٣٩و٤٠).

قەباری گۆڤارەکە لە شێوەی کتێبدا بووە، بە درێژی و بەرینی (٢٣ بە ١٥،٥سم) چاپکراوە. ژمارەی لاپەڕەکانی گۆڤارەکە جیاوازبوون وەک: (٨٤ ،٧٢،٨٦، ٩٢،١٠٦) لاپەڕەدا بوون. لە دوا لاپەڕەی ژمارەکاندا ڕاگەیاندنی بەرهەم و چاپکراوی نوێ و هەمەجۆر بڵاوکراوەتەوە.

بەڕێوەبەر و بەرپرسی نووسینی گۆڤارەکە چەندجار گۆڕاوە، بەم جۆرە: لە ژمارە (١-١٧) ئۆرهان تالون بووە. لە ژمارە (١٨-٢٢) ئا.قادر ئاکل بوو. لە ژمارە (٢٣-٣٠) مستەفا قایا بوو. لە ژمارە (٣١- ٤٤) س. سیری فێرئۆغلو بوو.

کاتی دەرچوونی ژمارەکان بەم جۆرە بووە: ژمارە(١) لە حوزەیرانی ١٩٧٥. ژمارە (٢) لە تەمموزی ١٩٧٥. ژمارە(٣) لە ئۆگەستی ١٩٧٥. ژمارە (٤) لە ئەیلوولی ١٩٧٥. ژمارە (٥) ئۆکتۆبەری ١٩٧٥. ژمارە (٦) لە نۆڤێمبری ١٩٧٥. ژمارە (٧) لە دیسێمبەری ١٩٧٥. ژمارە (٨) لە یەنیوەری ١٩٧٦. ژمارە (٩) لە فەبرایەر ١٩٧٦. ژمارە (١٠) لە مارتی ١٩٧٦ . ژمارە (١١) لە نیسانی ١٩٧٦. ژمارە (١٢) لە مایسی ١٩٧٦. ژمارە (١٣و١٤) لە حوزەیران و تەمموزی ١٩٧٦ لە یەک بەرگدا. ژمارە (١٥و١٦) لە ئۆگست و ئەیلوولی ١٩٧٦ لە یەک بەرگدا. ژمارە (١٧) لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٦. ژمارە (١٨) لە نۆڤێمبەری ١٩٧٦. ژمارە (١٩) لە دیسێمبەری ١٩٧٦. ژمارە (٢٠) لە یەنیوەری ١٩٧٧. ژمارە (٢١و٢٢) لە شوبات و مارتی ١٩٧٧ لە یەک بەرگدان. ژمارە (٢٣) لە نیسانی ١٩٧٧. ژمارە (٢٤) لە مایسی ١٩٧٧. ژمارە (٢٥ ) لە حوزەیرانی ١٩٧٧. ژمارە (٢٦) لە تەمموزی ١٩٧٧. ژمارە (٢٧) لە ئۆگەستی ١٩٧٧. ژمارە (٢٨) لە ئەیلوولی ١٩٧٧. ژمارە (٢٩) لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٧. ژمارە (٣٠) لە نۆڤێمبەری ١٩٧٧. ژمارە (٣١و٣٢) بۆ هەردوو مانگەکانی (١٢و١) بە یەکەوە لە ساڵی ١٩٧٨ دەرچوون. ژمارە (٣٣و٣٤) مانگی شوبات و مارت بە یەکەوە دەرچوون. ژمارە (٣٥) لە نیسانی ١٩٧٨. ژمارە (٣٦) لە مایسی ١٩٧٨. ژمارە (٣٧و٣٨) لە حوزەیران و تەمموز بە یەکەوە دەرچووە. ژ (٣٩و٤٠) لە ئۆگەست و ئەیلوول بە یەکەوە دەرچوون. ژمارە (٤١) لە ئۆکتۆبەری١٩٧٨. ژمارە (٤٢) لە نۆڤێمبەری ١٩٧٨. ژمارە (٤٣) لە دیسێمبەری ١٩٧٨ دەرچووە. ژمارە (٤٤)، کە دوا ژمارەیە لە مانگی یەنیوەری ١٩٧٩ دەرچووە.

لە ژمارەی جمکی (٣١و٣٢)دا چاوپێکەوتنێکی «دکتۆر مەحموود عوسمان»لەژێر ناوی (بۆچی شۆڕشی کوردستانی عێراق تێکچوو؟) بڵاوکراوەتەوە. ئەم چاوپێکەوتنە لە ئەڵمانیا لە شاری بۆن، لە ئەنجامی کۆبوونەوەیەک لە ڕێکەوتی(٤-٦-١٩٧٧)، لەگەڵ کارگەر و خوێندکارانی کوردی نیشتەجێی ئەلمانیای ڕۆژئاوا بووە، کە چەند پرسیارێکیان ئاراستەی دکتۆر کردووە، ئەویش وەرامی داوەتەوە، پرسیارە و وەرامەکان لە گۆڤاری ئوزگور لوک بڵاوکراوەتەوە.

بەرهەمـی نووسـەرانی کـورد لـە گۆڤارەکـەدا بڵاوکراونەتـەوە نموونـەی: ئیحسـان ئاکسـۆی، حسـەین تۆپراک، سداد ئۆزگول، عەرەبی شەمۆ، ئەحمەد عـارف، ب.هاڤیـن، ج. ئالداخ، س. یەشار، حازم کلیچ، ش.دیجلەی، ئەحمـەد تـاش، ل. فیتونـی، ئەمینـێ ئەڤدال، کەمـال بورقـای، سـەدیق بۆزارسـلان، فـاروق ئـاراس، قەناتـی کـوردۆ، توفیـق وەهبـی، ئەحمـەد تکیـن جـان، کامـەران بەدرخـان، جگـەر خوێـن، حاجـی جنـدی، نـازم حیکمـەت، سـەمەدی بەهرەنگـی.

## ڕێیا ئازادی (riya azadi)

ئەورووپا—٢١ ئاداری ١٩٨٢

ئەم ڕۆژنامەیە بە کاغەزی تەنک دەرچووە.ژمارە یەک و دوا ژمارەی بە نموونە وەردەگرین:

ژمـارە (١) لـە ڕێکەوتـی (٢١ی ئـاداری ١٩٨٢) لـە دەرەوەی وڵات چـاپ و بڵاوکراوەتـەوە، بـە (٨) لاپـەڕە، و قەبـارەی (٣٠ بـە ٢١سـم).

بە نهێنـی گەیەنراوەتـەوە تورکیا و گەیشـتۆتە دەسـتی خوێنـەران. لە لای سـەرەوەی لاپـەڕەی یەکـەم نـاوی ڕۆژنامەکە لە ناوەڕاسـتدا نوسـراوە: ڕێیـا ئـازادی. لـەلای چەپـی سـەرەوە درووشـم نووسـراوە: کارگەرانـی هەمـوو وڵاتـان و گـەلانـی دونیـا یەکگـرن. لـەلای ڕاسـتی سـەرەوە ژمـارە و کات و سـاڵی دەرچوونـی ڕۆژنامەکـە نووسـراوە. لەژێـر نـاوی ڕۆژنامەکـەش نووسـراوە: ئۆرگانـی کۆمیتـەی مەرکـەزی پارتـی سۆسیالیسـتی کوردسـتان/ تورکیـا. زمانـی ڕۆژنامەکـە کـوردی (کرمانجـی ژووروو) و تورکـی ڕێنووسـی لاتینـی. ڕۆژنامەیەکـی سیاسـییە.


Karkerên hemû welatan û gelên bındest, yekbın!

riya azadi

21 Adar, 1982
Sal 1, hejmar 1

Organa Komita Merkezi ya Partiya Sosyalist a Kurdıstana Tırkiyê

**Em dengê partiyê bıkın dengê gel**

Karker û cotkarên Kurdıstanê,
Hevalno,
Hejmara pêşin a organa me ya navbendi, RİYA AZADİ, eve dıgıhije destê we. Heya iro me bir û baweriyên xwe bı riyên eşkere û veşarti gıhande hevalên xwe û gel. Nıha dı destê me da haletek gıring heye ku dıkare rê şani hevalên me bıde û den... me bıgıhine xebatkaran.
İro lı Tırkiyê û Kurdıstanê zordestiya hukma faşist û kolıdar berdewam e. Zindan tıje ne. Eziyet û lêdan her dımeşe. Betali û bırçıti pışta gel dışkine. Û lı Kurdıstanê zulm û zordestiya dıjmın gıha dereca bê şermiyê, harbûnê û hovıtiyê kolıdarên faşist dıxwazın weki hemû tevgırêdanên pêşverû, welatparêz û sosyalist, Partiya me jî belav bıkın, bıpelıxinın. Dı demeke han da hejmara me ya pêşin dertê ku mana wê gran e. Êrişên dıjmın nekari şerê me yê rast bıde seknandın û nıkare. Şerê me rıh û rıçal berdaye kûr dı nav gel da. Organa me ya merkezi sılahek gıring e dı dest me da bo berxwedana me dıji êrişên dıjmın, bo derbazkırına Partiyê bı serfırazi jı demeke usa teng, bo pêtkırına refên me û bo nişandana riya rast jı gel ra. Divê em wê baş bı kar binın.
RİYA AZADİ gora rewşa vi zemani û 8 rûpel derdıkeve. Ewê bir û baweriyên me bı kurti, bı xulasa belav bıke. Bona tefsirên fıreh ku divê em dûr û dırêj lı ser bısekının, emê disa wek berê kıtêb û kıtêbıkan derxın û belavkın.
Eşkereye ku serketına organa me, beri her tıştî, bı xebata we hevalan, bı xebata we yê bı dıl û bê westan pêk tê. Divê endamên Partiyê xeberên dorberê xwe, tevi bir-baweri û pêşneyarên xwe jı riyên me yên veşarti bıghinın me. Divê em, bereki va, bona ku hevalan nedın dest polêz û cendırme gelek bı awaki veşarti kar bıkın, bereki va jî, divê em tucar birnekın ku gıhandına organa merkezi destê hemû endaman, û çıqa jı dest me hat, destê dostên Partiyê û merivê pêşverû û demoqrat wezifeyek gelek gıring e. Her hejmarê ku bıghe destê heval û hogirên Partiyê û destê xebatkaran û bı dızi jı yeki derbazi yê din bıbe, dıkare roleki bılize dı xurtkırına bir û baweriyên wan bo serketınê, bo xebata gel dıji zılmê û bo bejndayin û bılındbûna şerê sıbehini, bı taybeti dı demeke han da ku dıjmın dıxwaze dengê tevgera şoreşgeri bıde bırin.
Hevalno, tenê ew kesena dıkarın bıgıhijın menzilê, ewên ku dızanın bıçın ku û çawa bıçın. Organa me ya navbendi dıkare kareke baş pêk bine bona ku karker û cotkarên Kurdıstanê û pıraniya gel program û siyaseta me xweş nasbıke û jê ra xwedi derkeve. Emê dengê wê bıkın dengê gel.
Rojên pêş ên me ne!

**Partimizin sesini kitlelerin sesi haline getirelim**

*Emekçiler,
Yoldaşlar,
Partimizin merkez yayın organı RİYA AZADİ'nin ilk sayısı elinize ulaşıyor. Bugüne dek görüşlerimizi legal ve illegal çeşitli araçlarla kadrolara ve kitlelere ulaştırdık. Şimdi Partimiz, kadrolara yol göstermede ve kitlelere seslenmede önemli bir araca kavuşuyor.
Türkiye'de ve Kürdistan'da faşist ve sömürgeci zorbalık devam ediyor. Zindanlar dolu, işkence çarkı amansızca çalışıyor. İşsizlik ve açlık insanlarımızı kasıp kavuruyor. Ve Kürdistan'da sömürgeci zulüm her türlü ölçüyü aştı, azgın utanmaz, perwasız bir barbarlığa dönüştü. Faşist sömürgeciler tüm ilerici, yurtsever, sosyalist örgütler gibi Partimizi de ezmeye, dağıtmaya çalışıyorlar. Böyle bir dönemde ilk sayımızın çıkması ayrıca anlam taşıyor. Düşmanın saldırısı, derinlere kök salan haklı kavgamızı durdurmadı, durduramaz. Merkez yayın organımız ise bu saldırılara karşı koymada, Partimizi bu zor dönemden başarıyla geçirmede, safları pekiştirmekte, kitlelere yol göstermede elimizde güçlü bir silahtır; onu iyi kullanmalıyız.
RİYA AZADİ bu dönemin koşullarına uygun biçimde ve 8 sayfa olarak çıkıyor. O, her konuda görüşlerimizin özünü taşıyacaktır. Geniş, ayrıntılı yorum ve değerlendirmeleri ise, daha önce yaptığımız gibi, kitap, broşür ve benzeri araçlarla yapacağız.
Merkez yayın organımızın başarısı, herşeyden önce yoldaşlarımızın aktif çabalarıyla mümkündür. Yoldaşlarımız, bulundukları çevreden haberleri, bunun yanısıra kendi görüş ve önerilerini belli kanallardan bize ulaştırmalıdırlar. Bir yandan polise kadro kaptırmamak için gizliliğe titiz biçimde uyarken, diğer yandan onu tabandaki her yoldaşa, sempatizanlara, ilerici-yurtsever insanlara ulaştırmanın önemli bir görev olduğunu unutmamalıyız. Devrimci hareketin sesinin susturulmaya çalışıldığı böyle bir dönemde kitlelere ulaşacak, elden ele dolaşacak her nüsha, karamsarlığı yenmekte, kitlelerin direncini canlı tutmakta ve geleceğin daha zorlu, daha sağlıklı kavgasının gelişip serpilmesinde bir tohum görevi yapacaktır.
Yoldaşlar, ancak nereye nasıl gidebileceklerini bilenler menzile ulaşabilirler. Programımızın ve politikamızın kitlelere mal edilmesinde merkez yayın organımız önemli bir araç rolü oynayabilir ve oynayacaktır. Onun sesini kitlelerin sesi haline getirelim.
Yarınlar bizimdir!*

ژمـارە (١٣٩) دوا ژمـارەی ڕۆژنامـەی ڕێیـای ئازادییـە. لـە مانگـی (حوزەیرانـی١٩٩١)، بـە (١٦) لاپـەڕە دەرچـووە. لـە سـەروتاری دوا ژمـارەدا نووسـراوە: ڕۆژنامـەی ڕێیـا ئـازادی تەواوکـەری گۆڤـاری ڕێگـای ئازادییـە، کـە لـە سـاڵی(١٩٧٥) تـا سـاڵی(١٩٧٩)، کـە (٤٤) ژمـارەی لـە تورکیـا لـێ بڵاوکراوەتـەوە.

سێ ساڵ دواتر توانراوە لە دەرەوەی وڵات ڕۆژنامەی (ڕێیا ئازادی) بە شێوەی کاغـەز (٩٥) ژمـارەی لـێ بڵاوبکەینـەوە، کەواتـە تێکرای ژمارەکانـی گۆڤـاری ڕێگـای ئـازادی و ڕۆژنامـەی ڕێیـا ئـازادی دەکاتـە (١٣٩) ژمـارە. لەبـارەی داخسـتنی ڕۆژنامـە لـە سـەروتارەکەدا نووسـراوە: خۆمـان ڕۆژنامـەکەمـان ڕاگرتـووە لەبـەر هاتنـە پێشـەوەی بارودۆخـی نـوێ.

## گۆڤاری مزگین (MiZGEN)

بۆن – ئەڵمانیا ١٩٨٣:


گۆڤارێکە بۆ هەواڵ و پەیوەندی بۆ کوردانی ئەڵمانیای فیدراڵ:

ژمارە (١): لە ساڵی (١٩٨٣) بە زمانی ئەڵمانی وکوردی دەرچووە. (٣٨) لاپەڕەیە و بە قەبارەی (٣٠X٢١ سم). لەسەر بەرگی پێشەوە لە سەرەوە بە لاتینی نووسراوە: مزگێن*، لە تەنیشتی بە بچووکی ژمارە و ساڵی دەرچوون نووسراوەن. لەژێر ناوی گۆڤارەکە، بە کوردی و ڕێنووسی لاتینی نووسراوە: گۆڤاری ئاگەداری و پەیوەندی بۆ کوردانی ئەڵمانیای فیدراڵ. لە ناوەڕاستی بەرگەکەدا وێنەیەکی میناتۆری «سوڵتان سەلاحەدینی ئەیووبی» هەیە. لەژێر وێنەکەدا بە ئەڵمانی نووسراوە: گۆڤار بۆ کورد و ئەڵمان.

لە پێشەکیدا هاتووە: واتای مزگین بە زمانی کوردی، بە واتای هەواڵی خۆش دێت، بۆیەیش گۆڤاری مزگینمان دەرکرد تا هاوکاری بێت بۆ کوردانی ئەڵمانیای فیدراڵ، بۆ ژیانی ڕۆژانە و تێکەڵیان بە بیانیان. هەوڵدەدەین دوو مانگ جارێک مزگین دەربکەین، بە دەرکردنی لاپەڕەکان بە زمانی ئەڵمانی ئێمە پێی کەیف خۆشین.

خاوەنی ئیمتیاز، خاچی سووری ئەڵمانی بە هاوکاری ئەنیستیتیوتی کورد دەریان کردووە. ناونیشانی شاری بۆنی لەسەرە. لێپرسراوی گۆڤار «د. گ.یەکتا». هاوکاران: ئاسۆ ئاغاجە، د.د. باران، نەجۆ دۆغو، غازی نهار، دڵشاد سەیدۆ، زینار شێرۆ.

زمان: کوردی (کرمانجی ژووروو) ڕێنووسی لاتینی و ئەڵمانی. ناوەڕۆکی بابەتەکانی ناو گۆڤارەکە: هەواڵ، چالاکییەکانی خاچی سووری ئەڵمانی، ڕێنمایی، ژیانی کۆمەڵایەتی، ژنان، مندالان، تەندروستی، هەواڵنامە، ئاینی، مۆسیقا، زانست، ئەدەبی کلاسیکی کوردی «مەلای جزیری»، زمانەوانی، وێنەی ڕێنووسی کوردی پێش ئیسلام بلاوکراوەتەوە، چیرۆکی کوردی، ژیان و بەرهەمەکانی ڤیکتۆر هۆگۆ.




ژمارە (٢): لە دیوی ناوەوەی بەرگی پشتەوە نووسراوە: (مزگین-٢) لە ساڵی (١٩٨٤) بە (٥٨) لاپەڕە دەرچووە. هەر لە دیوی ناوەوەی بەرگی پشتەوە ڕاگەیاندنی فلیمێکی یەڵماز گۆنای هەیە، کتێبی چاپکراوی نوێ هەیە. وەک:

١- کتێبی کورد و کوردستان لە (١٩٨١) بە زمانی فرەنسی چاپکراوە، (٣٦٩) لاپەڕەیە، شوێنی چاپ پاریس،لەلایەن ماسپێرۆ، و بە هاوکاری دکتۆر عەبولڕەحمان قاسملو، کەندالٚ نەزان، د. عسمت شەریف وانلی، چاپکراوە. بە شاهێدی «ڕۆزفلت» لەسەر کۆماری مەهاباد نووسراوە. ڕۆژهەلاٚتناس «پ.ماکسیمۆ رۆدینسون» پێشەکی بۆ نووسیوە. دوو جار بە فرەنسی چاپکراوە. بۆ زمانی ئینگلیزی لە ئەمریکا و بریتانیا وەرگێڕدراوە و بلاٚوکراوەتەوە. لە ئەلمانیا لە شاری هامبۆرگ لەلایەن ڕیکخراوی گەلانی هەڕەشەلێکراوی جیهان چاپکراوە.

٢- نەتەوەی کورد، کریس کۆچێرا، (١٩٧٩)، پاریس، (٣٩٣) لاپەڕە.

٣- بیرەوەرییەکانی نورەدین زازا، بە ناوی ژیانی کوردیی من (١٩٨٢)، بە زمانی فرەنسی، چاپکردنی لەلایەن فاڤرێ، (٢٦٦) لاپەڕە.

٤- ئەنتۆلۆجی هۆنراوەی میللی کوردی، (١٩٨١) پاریس، بەشی دووەمی کتێبەکە (مەمی ئالان) ی «ڕۆگار لاسکۆتی» کوردناسە، کە لە سالٚی (١٩٤١) کردبووی بە فرەنسی، (٢٦٢) لاپەڕەیە.**

*ئەو دوو ژمارەیەی گۆڤاری مزگێن لە ئەرشیفی «مام حسەین گولەر» وەرگیراوە. بەپێی زانیاریەکان تا ژمارە (٤) دەرچووە.هەر سالٚی ژمارەیەک، واتە دوا ژمارە، ژمارە چواری سالٚی (١٩٨٦) چاپکراوە. لە مالٚپەری فاخ پێدەگۆک ئاماژەی پێدراوە.

** ئەم بابەتە بە ناوی ڕێگای ئازادی، لە گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس)، ژمارە (٢٩و٣٠) ژمارەی جمکن، لە بەهاری (٢٠١٣) بلاٚوبۆتەوە. بابەتەکە : هەر سێ بابەتی: گۆڤاری ڕێگای ئازادی، ڕۆژنامەی ڕێیا ئازادی، گۆڤاری مزگینی لە خۆگرتووە.

## پێنجەم: مێژووی داهێنانی چاپ و ڕۆژنامەگەری جیهان– ئەلٚمانیا

-داهێنانی ئامێری چاپ- یۆهانس گوتنبێرگ

«یۆهانس گوتنبێرگ» بە هۆی داهێنانی ئامێری چاپ توانی گۆڕانکاری تەواو لە ژیانی کۆمەلٚگەی مرۆڤایەتیدا بکات. «گوتنبێرگ» لە شاری ماینز لە دایک بووە، تەواوی سالٚ و ڕۆژی لە دایکبوونی بە شێوەیەکی ورد دیار نییە، بە هۆی نەبوونی بەلٚگە و دیکۆمێنتی پێویست. لە دایکبوونی لەنێوان سالٚەکانی(١٣٩٤ و١٤٠٠) مەزندە کراوە، بەلاٚم بە پێی نەریتێک سەت سالٚەیان بۆ دیاری کردووە، واتە سالٚی (١٤٠٠). لە قوتابخانەیەکی لاتینی خوێندوویەتی، لە سالٚی(١٤٣٤) چۆتە ستراسبۆرگ، ئەو کات ئەم شارە مەلٚبەندی بازرگانی بوو، سێ جار لە شاری ماینز گەورەتر بووە، بۆ

ماوەیەک خەریکی پڕۆژەیەکی دروستکردنی ئاوێنە بووە.

لە ساڵی ١٤٣٨ خەریکی کارێکی نهێنی بووە، کەس پێی نەزانیوە، بەڵام لەوە دەچێت خەریکی کاری داهێنانی چاپخانە بوو بێت. لە ساڵی١٤٤٤ گەیشتۆتە ئەنجامێکی باشی سەرکەوتنی داهێنانی ئامێری چاپ. لە ١٤٤٨ گەڕاوەتەوە ماینز، چەندین جار تووشی کێشە بووە، لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە قەرزەکانی بداتەوە، بەو کەسەی قەرزی لێ وەرگرتووە»یۆهانس فوست». وێدەچێت بەشێکی پارە قەرزکردنەکەی بۆ تاقیکردنەوەی داهێنانی ئامێری چاپ بوو بێت. لە ساڵی ١٤٦٨ لە هەوارگەی خۆی لە ماینز مردووە.

لەنێوان ساڵەکانی ١٤٥٢ تا ١٤٥٥ لە کارگەکەی خۆیدا دەستی بە چاپکردنی ئینجیلی ٤٢ خەت کردووە، ئەویش بە یارمەتی شەش ئامێری چاپ و ٢٠ کرێکاری ڕاهێنراو. توانیان بە شێوەیەکی جوان و هارمۆنی، بەخەتی ڕەش و نەخشی جوان(١٥٠) دانە ئینجیل چاپ بکەن دواتر داخوازی زیاتری لەسەر هەبوو، کردیان بە (١٨٠) دانە. دوو دانە لە ئینجیلە ڕەسەنە چاپکراوەکەی گۆتنبێرگ ئێستا لە مۆزەخانەی گۆتنبێرگ لە شاری ماینز پارێزراوە، گەشتیاران دەتوانن سەیری بکەن لە سەردانیاندا بۆ مۆزەخانەکە.

قۆناغەکانی مێژووی ڕۆژنامەگەری ئەڵمانی- جیهانی

قۆناغەکانی گەشەکردنی ڕۆژنامەگەری لە ماوەی (٤٠٠) ساڵدا، لە سەرەتای داهێنانی ئامێری چاپ لەلایەن «یۆهانس گوتنبێرگ»ی ئەڵمانی، و باشتربوونی پەیوەندی سیاسی، ئابووری، کولتووریی، داهێنانی نوێی تەکنەلۆجیا و هۆکارەکانی پەیوەندی و گەیاندن تا دەرکەوتنی ئینتەرنێت.

لە دەورووبەری ساڵی(١٤٥٠) دۆزینەوەی ئامێری چاپ، جۆری جولێنەر لەلایەن «یۆهانس گۆتنبێرگ». نێزیکەی ساڵی (١٤٨٠) بۆ جارِدان بڵاوکراوەیەکی یەک لاپەڕەیی بۆ زانیاریی بەسەرچوو، بە ناوی ڕۆژنامەی نوێ، یا تۆماری نیوساڵ بە ناوی پێوانەی پەیوەندییەکان بڵاودەکرایەوە. لە ساڵەکانی (١٦٠٠)دا لە میناکان بۆ ڕاگەیاندنی هەواڵی کات و گەیشتنی پاپۆڕە بازرگانییەکان و یاریکەرانی سێرک و شاعیران و گۆرانیبێژان هەواڵەکان بە زارەکی ڕادەگەیەنرا، دواتر هەواڵەکان بە دەست دەنووسرانەوە و ژمارەیەکی زۆریان لێ بڵاودەکرایەوە، یا لە دیوارەکان هەڵیاندەواسی. تا دەرکەوتنی ئامێری چاپ گۆڕانکاری بەسەردا هات.

**ڕۆژنامە و گۆڤار:**

١- لـە سـاڵی (١٥٩٧) یەکـەم گۆڤـاری مانگانـە لـە ڕۆرشـاخ لـە بـۆدن زێـی ئەڵمانیـا (RORSCHACHER MONATSSCHRIFT ANNUS CHRISTI ) دەرچـووە.

٢- یەکەم ڕۆژنامەی هەفتانە بە مۆڵەتدار لە ساڵی(١٦٠٥) لە ستراسبۆرگ بە ناوی (Relation) واتـە پەیوەندی بڵاوکراوەتەوە.

٣- ١٦٥٠-١٦٦٠) یەکـەم ڕۆژنامـەی ڕۆژانـە، ڕۆژنامـەی ئەڵمانـی و جیهـان، لـە ١-١-١٦٦٠ لـە شـاری لایبزیـک دەرچـووە، بـە نـاوی هەواڵـی نوێـی جەنـگ و ململانێـی جیهانـی(Neu – Ein laufende Nachricht von Kriegs und welthändeln ). لەلایـەن «تیمـۆت هێـس ریتچـە» (١٦١٤- ١٦٧٨)، (١٢) سـاڵ پێشـتر لەگـەڵ باوکـی کاری لـە دەزگای چاپەمەنـی کـردووە. «گریگۆریـۆس ڕیتچـە» (١٥٨٤- ١٦٤٣)، دەزگای چاپەمەنـی دانـاوە، لـە سـاڵی (١٦٥٠)دا بـۆ چەندیـن جـار لـە هەفتەیەکـدا ڕۆژنامـەی بـە نـاوی ڕۆژنامـەی (EINKOMMENDE ZEITUNG) لـە لایبزیـک، دەرکـردووە.

٤-– لە سەدەی حەڤدەم یەکەم ڕۆژنامە لەم وڵاتانە دەرچووە:

(١٦١٨–١٦٢٠) یەکەم ڕۆژنامە لە هۆڵەندا دەرچووە.

(١٦٢١) یەکەم ڕۆژنامە لە بەریتانیا دەرچووە.

(١٦٢٢) یەکەم ڕۆژنامە لە سویسرا دەرچووە.

(١٦٣١) یەکەم ڕۆژنامە لە فرەنسا دەرچووە.

(١٦٤٣) یەکەم ڕۆژنامە لە ئیتالیا دەرچووە.

(١٦٩٠) یەکەم ڕۆژنامە لە ئەمریکا دەرچووە.

٥ –لـە سـاڵی (١٦٦٥) یەکـەم گۆڤـاری فێربـوون– گۆڤـاری پسـپۆڕی تایبەتمەنـد، دەرچـووە (: JOURNAL DES SAVANTA ,Paris) بڵاوکراوەی ساڵۆن و قژبرین و مۆدێلی جیهانی (MERKURE GLANT,Paris.GÖTTER-BOTH MERKURIUS, Nürnberg)

گۆڤاری خێزانی لە ساڵی (١٧٠٩) وە:

(Moralische Wochenschriften ab ١٧٠٩) وەک :

(TATLER. SPECTATOR.DER PATRIOT) دەرچووە.

٦-–دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی مۆدێرنی ئازاد لە شێوەی فۆرمی ڕۆژنامەدا:

١- ڕۆژنامەی زیورخی نوێ لە ساڵی (١٧٨٠) دەرچووە.

٢- تایم لەندەن لە ساڵی (١٧٨٨).

٣- ڕۆژنامەی فرانكفۆرت لە ساڵی (١٨٦٦ تا ١٩٤٣).

٤- لاپەڕەی ڕۆژانەی بەرلین لە ساڵی (١٨٧١ تا ١٩٣٩).

٥- ڕۆژنامەی ڤییەنا لە ساڵی ١٧٠٣وە (WIENNERISCHES DIARIUM) تا ڕۆژی ئیمرۆ بۆ ماوەی سێسەد ساڵە لەم شارە دەردەچێت.)

٧—لە سەدەی نۆزدەهەمەوە ڕۆژنامەی گشتی دەرچووە وەك :

١- لە بەریتانیا، (زەی سوون) لە ساڵی ١٨٨٣.

٢- لە ئەمریكا، نیبیۆرك (هێرالد)، لە ساڵی١٨٣٥.

٣- لە ئەڵمانیا، (بەرلینە لۆكال ئەنتسایگە)، ڕۆژنامەی ئەم میتاگ واتە لە نیوەڕۆدا، لە ساڵی ١٩٠٤. لە كۆتایی سەدەی نۆزدەدا چەندین كۆمپانیای ڕۆژنامەوانی لە بەرلین دەركەوتن وەك : مۆسێ، ئولشتاین، شێرل.

٨— لە سەدەی نۆزدەدا تەكنیك و داهێنانی نوێ لە دەزگای چاپەمەنی داهێنرا، خێرایی لە چاپكردن، وەك لە ساڵی (١٨١٤- كۆنیگ) واتە مەلیك. مەكینەی ڕستە (لینۆ تایپە — مێرگن تالەر) لە ساڵی (١٨٨٥).

ئازادی چاپەمەنی:

١— لە ساڵی (١٦٨٩)، بۆ یەكەم جار ئازادی چاپەمەنی لە بەریتانیا، بە ناوی: ماف و هێندێك حاڵەت لابردنی سانسۆر.

٢— لە ساڵی (١٧٨٩)، ڕاگەیاندنی فەرنسی بۆ مافی مرۆڤ وەك مافی هاوولاتی و چاپەمەنی ڕاگەیەنرا.

٣— لە ساڵی (١٧٩١) ئازادی چاپەمەنی لە وڵاتە یەكگرتووەكان.

٤— لە ساڵی (١٨١٥تا١٨٤٨) شەڕ بۆ ئازادی چاپەمەنی لە ئەڵمانیا دەكات.

٥— لە ساڵی(١٨٤٨) شۆڕشی مارس لە ئەڵمانیا كۆبوونەوە لە بەردەم (پاول) كەنیسە لە فرانكفۆرت بۆ داخوازی ئازادی چاپەمەنی.

٦—لە ساڵی (١٨٧٤) بۆ یەكەم جار یاسای چاپەمەنی قەیسەری دەرچوو، بۆ ئازادی چاپەمەنی لە ئەڵمانیا.

٧—لە ساڵی (١٩١٤تا١٩١٨) لە شەڕی یەكەمی جیهانی، ئازادی چاپەمەنی پێشێلكرا، لەلایەن سوپاوە وەك: دانانی سانسۆر و قەدەغەكردنی لێدوانی ڕۆژنامەوانی.

٨—لە ساڵی (١٩١٩) ئازادی بیروڕا لە یاسای ئەڵمانی جێگیركرا، بە ژمارەی (١١٨)، بەڵام ئەم

ئازادییە، دواجار لەلایەن کۆماری ڕایمار پیشێل دەکرا، شەڕ و تەشقەلەیان دەنایەوە.

٩—لە ساڵی (١٩٣٣تا ١٩٤٥) لەلایەن سیستمی تۆتالیتاری دیکتاتۆر هیتلەر و نازی ڕەگەزپەرست، سەرکوتکردن و تێکشکاندنی میدیا دەستی پێکرد. یاسای قەدەغەکردنیان ڕاگەیاند: قەدەغەی پیشە، زیندانی، کوشتنی ڕۆژنامەنوسان، لێدوانی ڕۆژنامەوانی و بڵاوکردنەوە.

١٠ —لە ساڵی (١٩٤٥ تا١٩٤٩) ڕاگەیاندنی ئەڵمانی لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، لەژێر کۆنترۆڵی وڵاتانی هاوپەیمانان بوو. وەک ئەمریکا و بەریتانیا.

١١—لە ساڵی (١٩٤٩) لە دەستووری ئەڵمانیا بۆ یەکەم جار بە مادەی ژمارە (پێنج) بۆ ئازادی بیروڕا، مافەکانی (بیروڕا، زانیاری، ئازادی چاپەمەنی) لە دەستوور جێگیرکرا.

١٢—لە ساڵی (١٩٤٥ تا ١٩٨٩) لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بە بڕیاری مەرکەزی دیکتاتۆری تۆتالیتاری، تەواوی چالاککوانان و ڕۆژنامەنووسان خرابوونە ژێر چاودێری.

١٣— لە ساڵی (١٩٨٩ تا١٩٩٠) کۆتایی بە دیکتاتۆرییەتی ڕۆژهەڵات هات، ئازادی چاپەمەنی لە تەواوی ئەڵمانیا ئازاد بوو.

بڵاوکردنەوەی هەواڵ:

١— لە دەورووبەری نزیکەی ساڵی (١٥٠٠) لە هێڵی سەرەکی پۆست لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا، هەواڵەکان بڵاودەکرانەوە.

٢— لە ساڵی (١٨٣٣تا١٨٥٠) ئامێری تەلەگراف دۆزرایەوە، بە هۆی تۆڕی تەلەگراف هەواڵەکان دەگەیەنران.

٣— لە ساڵی (١٨٢٥- ١٨٣٥)، شەمەندەفەری هەڵمی دۆزرایەوە، ئەوەش هۆکارێک بوو بۆ گواستنەوەی هەواڵەکان.

٤ — لە ساڵی (١٨٣٥) یەکەم وەکالەی کۆمپانیای هەواڵ، ئابووریی کەرتی تایبەت دامەزرا، وەک: هاڤاس لە پاریس ساڵی (١٨٣٥). ڤۆلفس تەلیگرافیشە بوریا و لە بەرلین ساڵی (١٨٤٩). ڕۆیتەر لە لەندەن لە ساڵی (١٨٥١). خزمەتگوزاری دەوڵەتی بە ناوی تەلیگرافیشە- کۆریسپۆندێنس- بوریاو، لە ڤییەنا ساڵی (١٨٦٠). ئەسیۆشیدت پرێس لە نیویۆرک لە ساڵی (١٨٤٨). دێپیشین ئەگێنتوری سویسری، واتە کۆمپانیای هەواڵی سویسری، لە بێرن ساڵی (١٨٩٥).

**ڕادیۆ و تەلەفزیۆن:**

١— لە ساڵی (١٩٢١) یەکەم ڕادیۆی ئەڵمانی لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا لە بەرلین بوو. بە ناوی— سەعاتێک ڕادیۆی بەرلین، لە کاتژمێری (٨ی ئێوارە تا٩) واتە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی تەنێ یەک کاتژمێر بوو.

٢ —لە ساڵی (١٩٣٥) یەکەم تەلەفزیۆن لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا، بەرنامەکانی بڵاودەکردەوە. لە شوێنێکی دیاریکراو تەلەفزیۆنەکە دانرابوو، پێی دەگوترا ژووری تەلەفزیۆن لە: بەرلین، لایبزیک، پۆتسدام.

٣— لە ساڵی (١٩٤٦تا١٩٦٣)، تەلەفزیۆنی (ARD) بازاڕی بە تەواوی پاوانکرد، لە ساڵی (١٩٥٠) ڕادیۆی بۆ تەواوی ئەڵمانیا دامەزراند. لە ساڵی (١٩٥٢) پڕۆگرامی ڕۆژانەی تەلەفزیۆنی (NWDR) لە هامبۆرگ بڵاوکردەوە.

٤— لە ساڵی (١٩٦٣ تا ١٩٨٤) هەردوو کەناڵی تەلەفزیۆنی (ARD- ZDF ) مافی یاسایی– گشتی بڵاوکردنەوەیان هەبوو.

٥— لە ساڵی (١٩٨٤)ەوە هەردوو سیستم پەیڕەو کرا، یاسایی گشتی و کەرتی تایبەت، بۆ تەلەفزیۆن و ڕادیۆ.

٦ —لە ساڵی (١٩٩٤)ەوە یەکەم ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی ئەنتەرنێت درووست بوو، وەک: de (spiegel) www.dwelle.de واتە دۆیچە ڤێللە.

لە دوای بە گشتی بوونی تۆڕی ئەنتەرنێت، درووست بوونی ماڵپەرەکانی ئەنتەرنێت و ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی ڕۆژانە، و داهێنانی سۆشیال میدیا و چەندین کەناڵی جۆربەجۆری وەک: فەیسبووک، تویتەر، فەیس تایم تانگۆ، مەسینجەر...هتد، بواری ڕۆژنامەگەری گەشەیەکی یەکجار فراوانی بە خۆوە بینی، هەموو ماڵێک و کەلەبەرێکی جیهانی گرتەوە، ئێستایش میدیای ئەلیکترۆنی بە تەواوی جێی بە ڕۆژنامەگەری کاغەز لەق کردووە، بۆچوونی وا هەیە، لە ماوەی چەند دەیەی ساڵی داهاتوو ئیتر میدیای کاغەز نامێنێت.*

**سەرچاوەکان :-**

١/ www.gutenberg- museum. de

٢/ Medin-news.blog.de

٣/ Journalismus- PR. DR. Klaus Meier.


Journalismus in der Gesellschaft -٢-Kapital.


Uvk verlagsgesellschaft MbH.٢٠٠٧

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ڕامان ژمارە (٢٠٥) لە ڕێکەوتی ٥-٦-٢٠١٤، بڵاوبۆتەوە.



چاپخانەی گوتنبێرگ لەکاتی چاپکردنی لاپەڕەی ئینجیل بەبەرچاوی مێوانەکان بەشێوازی کۆن


لاپەڕەیەک لە ئینجیلیی 42لە چاپخانەی گۆتنبێرگ چاپکراوە


Relation:
Aller Fürnemmen vnd gedenckwürdigen Historien / so sich hin vnnd wider in Hoch vnnd Nieder Teutschland / auch in Franckreich / Italien / Schott vnd Engelland / Hispanien / Hungern / Polen / Siebenbürgen / Wallachey / Moldaw / Türckey / etc Inn diesem 1609. Jahr verlauffen vnd zutragen möchte.
Alles auff das trewlichst wie ich solche bekommen vnd zuwegen bringen mag / in Truck verfertigen will.

هیرفورنیم



چاپخانەی گوتنبێرگ



مۆهرین ئەبۆتیک وێنەی پێشەوەی پێشانگایە

# نامەکان

بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەک، بە نامە پەیوەندیم بەو کەسانەوە کرد، بە جۆرێک سەرنووسەر، یان دەستەی نووسەرانن، یان بە شێوەیەک پێوەندیان بە بڵاوکراوەکەوە هەبووە. زۆربەیان وەرامیان دامەوە. زانیاری ورد و باشیان بۆ نووسیوم. لێرەوە سپاسیان پێدەڵێم، هاوکات نامەکان وەکوو خۆیان بەبێ دەسکاری ڕێنووس و هەر دەسکارییەکی دیکە بڵاودەکەمەوە.

١ – نامەی سلێمان قاسمیانی- کاکە:

بەڕێز کاک یوسف



لەگەڵ ڕێزو سلاو!

چەند دێڕێک لەسەر چۆنییەتی هاتنەدەری گۆڤاری هانا.

ساڵی ١٩٩٥ بەدوای چەند دانیشتنێک بە بەشداری من، مصلح ڕێبوار، لەیلا قاسمیانی، بەکر ئەحمەد، شنە عبداللەو یوسف رەسووڵی، لەسەر بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی، ئەدەبی ، هونەری و کولتووری کە لەڕوانگەیەکی کرێکاری وسۆسیالیستییەوە دەڕوانێتە دونیا، ساغ بووینەوە. ئێمە جێگای خالی گۆڤارێک بەو بۆچونەوەمان بە ئاشکرا دەدی. یەکەم ژمارەی هانا لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٩٥ هاتە دەر. لەگەل دەرچوونی هانا، خەڵکێکی زۆر پەیوەندیان بە هاناوە گرت و بەرهەمی جۆراوجۆریان بۆنارد.

هانا لە وڵاتی سوید دەردەچوو، لە کوردستانی عێراقیش دووبارە چاپ دەکرایەوە. دوا ژمارەی هانا، ژمارەی ١٩ ، لەساڵی ٢٠٠٣ چاپ بوو.

هۆی کۆتایی هاتنی دەرچوونی هانا، زیاتر مەسەلەی ماڵی بوو. داهاتی هانا بەقەرای خەرجەکانی

نەبوو. موشكیلەی هەرە گەورە خەرجی پۆست كردنی هانا لە سویدەوە بۆ ولاتانی تر بوو.

بەداخەوە جیگای خاڵی هانا، بەبڕوای من و باقی ئەندامانی دەستەی نووسەران، ئێستە زیاتر لەبەر چاوە.

بە سوپاسەوە

سلێمان قاسمیانی

٢٠١٢-١-١٥

٢- نامەی بەڕێز عەبدولا سلێمان : (مەشخەڵ) بۆ یوسف منتك سەبارەت بەڕۆژنامەگەری چەپ لە باشووری كوردستان - عێراق — (١٩٨٧ تا ١٩٩٨).*



لیستی ناوی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە وبلاوكراوە سیاسی و ئەدەبی و فەرهەنگییانەی بزووتنەوەی چەپ لە باشووری كوردستان و دەرەوەی كوردستان.

١– گۆڤاری ڕابەر : – ١٩٨٧ هەولێر – كوردستان، ئۆرگانی تیئۆری ئەدەبی حیزبی - بلاوكردنەوەی حەلقەی ئەدیبانی كۆمۆنیست.

سەرنووسەری نەبووە، بەلام چوار ژمارەی یەكەم ئەم بەڕێزانە(عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ) و جەمال كۆشش و ئەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) بەڕێوەیان ئەبرد. لەژمارە پێنجەوە تا ژمارە ١٢ تەنها عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ) و جەمال كۆشش بەرێوەیان دەبرد.

ئەم گۆڤارە بەدەست دەنووسرایەوە و بەكاربۆن لەبەری دەگیرایەوە و ژمارە یەكی لە حوزەیرانی ١٩٨٧ لەهەولێر بلاو بۆوە.

تەواوی نووسینەوە و دیزاین و بەرگی گۆڤاری رابەر لەلایەن عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ)ەوە ئەنجام دەدرا.

گۆڤاری ڕابەر جگە لە نامیلكەكانی یانزە ژمارەی لێ بلاو بۆوە و ژمارە دوانزەشی بەتایپ دوای ڕاپەڕین بلاو بۆوە. ژمارە دوانزە عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ) تیایدا بەشدار نەبووە.

٢– گۆڤـاری زەنگـی کرێـکار : گۆڤـاری ئەدەبـی بـوو بەدەسـت دەنووسـرایەوە و بەکاربـۆن لەبـەری دەگیرایـەوە. ئـەم گۆڤـارە لەشـاری سـلێمانی دەردەچـوو و تەنهـا دوو سـێ ژمـارەی لـێ بـلاو بـۆوە.

٣ – ڕۆژنامـەی پرۆلیتـاری: – ١٩٩١ ، ڕۆژنامـەی تیئـوری ڕێکخـراوی ڕەوتـی کۆمۆنیسـت، بەزمانـی کـوردی کرمانجـی خـوارو ڕێنووسـی – ئارامـی. دەرچـووە .

سەرنووسەر : موئەیەد ئەحمەد .

٤– جريدة البروليتاری : جريده نظرية لمنظمة التيار الشيوعي

رئيس التحرير : مؤيد احمد

٥ – ڕۆژنامەی بۆ پێشەوە : – ١٩٩١- هەولێر – کوردستان، ڕۆژنامەیەکی سیاسیی بوو ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست دەری دەکرد، بەزمانی کوردی کرمانجی خوارو ڕێنووسی- ئارامی.

سەرنووسەر : ئاوات سەعید .

٦– جريدة الى الامام : جريده سياسية تصدرها منظمة التيار الشيوعي

رئيس التحرير : صادق عزيز

٧ – سـەرنجی کرێـکار : - ١٩٩١- کوردسـتان، ڕێکخـراوی سـەرنجی کرێـکار دەری دەکـرد، زمانـی کـوردی کرمانجـی خـوارو، ڕێنووسـی – ئارامـی.

سەرنووسەر : سامان کەریم

٨ – پەیامـی کرێـکار :- ١٩٩١ – سلێمانی- کوردسـتان، بڵاوکراوە ی ڕێکخراوی یەکێتـی خەباتـی کریکارانـی کۆمۆنیست دەری دەکـرد، زمـان کـوردی ،کرمانجـی خـوارو ڕێنووسـی – ئارامـی.

سەرنووسەر : تاهیر حەسەن

٩–- گۆڤـاری فیدراسـیۆن : ڕیکخـراوی فیردارسـیۆنی سەرتاسـەری شـوراکان و پەناهەنـدەی عێراقـی لـە دەرەوەی وڵات

سەرنووسەر : ڕێبوار عارف

١٠ – ڕۆژنامەی یەکسانی : ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لە کوردستان دەری دەکرد.

سەرنووسەر : ناسک ئەحمەد و ئاڵا فەرەج

١١ – زەنگی ئاوارە: ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان دەری دەکرد.

سەرنووسەر : قابیل عادل

١٢– ئاکسیۆن : ڕۆژنامەیەکی کاتی یەکێتی بێکاران بوو لەکوردستان لە سەروبەندی ئاکسیۆنەکانی یەکێتی بێکاران لەکوردستان لە ١٩-٦- ١٩٩٣ بڵاو کرایەوە.

١٣– ڕۆژنامەی ئۆکتۆبەر : بڵاوکراوەیەکی سیاسییە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان دەریدەکرد.

سەرنووسەر : خەسرەو سایە

دەستەی نووسەران : مزەفر عەبدوڵا، حەمە غەفوور، نوری بەشیر، ڕێبوار ئەحمەد، ئاراس ڕەشید، شەماڵ عەلی، ئاسۆ کەمال، گۆنا سەعید، ئاڵا فەرەج، عەبدوڵا مەحمود، موحسین کەریم، جەمال موحسین، ڕیبوار عارف، عیرفان کەریم.

١٤ – ڕۆژنامەی هاوپشتی کرێکاری :

بەرەو شۆشیالیزم : حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق دەریدەکرد.

سەرنووسەر : سەردار عەبدوڵا حەمە

دەستەی نووسەران : سەمیر نوری، سەرگوڵ محەمەد، کاروان نەجمەدین، ستار حەمەعەلی

١٥ – نحو الاشتراكية: يصدرها الحزب الشيوعي العمالي اليساري العراقي.

رئيس التحرير : عصام الشكري

١٦ – المجالس العمالية: جريدة يصدرها اتحاد المجالس و النقابات العمالية في العراق.

رئيس التحرير : فلاح علوان

١٧–– ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران: ڕێکخراوی یەکێتی بێکاران لە کوردستان دەری دەکرد .

سەرنووسەر : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و عەبدولڕەحمان مەولود ئەم دوانە هەر یەک سەرنووسەری چەند ژمارەکیان لەئەستۆ گرتووە.

ژمارە ١ ساڵی ١٩٩٢ لەهەولێر بڵاو کرایەوە.

١٨ – یەک ژمارە دەنگی بێکاران : و دواتر گۆڕییان بە خەباتی بێکاران ڕۆژنامەی باڵی جیاوەبووی ناو یەکێتی بێکاران لە کوردستان.

سەرنووسەر : حاجی ئەنوەر

١٩ – گۆڤاری نینا: ١٩٩٢

کۆمەڵەی هونەر ئەدەبی شەبەنگ – نینا دەری دەکرد.

٢٠ – جريدة النضال الشيوعي:

نشرة سياسية دورية يصدرها الحزب الشيوعي العمالي العراقي.

رئيس التحرير : صادق عزيز

٢١ – الشيوعية العمالية: يصدرها الحزب الشيوعي العمالي العراقي.

رئيس التحرير : احمد معين

هيئة التعرير : مؤيد احمد، خسرو ساية، امجد غفور.

٢٢ – پەیامی کۆمۆنیزم : بڵاوکراوەیەکی سیاسیی بوو بزووتنەوەی بنیات نانی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیست – عێراق دەری دەکرد.

سەرنووسەر : نزار عەبدوڵا چەند ژمارەیەکیش سەلام مارف سەرنووسەر بووە.

لە شاری سلێمانییەوە بڵاو دەکرایەوە.

٢٣ – بلاغ الشيوعية: نشرة سياسية يصدرها حركة انبثاق حزب العمال الشيوعيين – العراق.

رئيس التحرير : احمد معين

٢٤– کوردستان تریبۆن : ڕۆژنامەیەکی سیاسی – سۆشیالیستی سەربەخۆ بوو.

خاوەنی ئیمتیاز : ئیسماعیل ئیبراهیم

سەرنووسەر : دکتۆر یونس ئیبراهیم

ژمارە ١ لە ئایاری ساڵی ١٩٩٦ بڵاو بۆتەوە.

٢٥ – ڕۆژنامەی بڵێسە: ڕێکخراوی ڕەوتی بەلشەفیک دەری دەکرد.

سەرنووسەر: سەلام مارف

سکرتێری نووسین : ساڵح تۆفیق

ژمارە ١ لەساڵی ١٩٩٨ بڵاو کراوەتەوە.

٢٦ – گۆڤاری ژیلەمۆ : گۆڤارێکی پاژیی هونەرییە

چاپ و دەرهێنانی ئۆژین ئەحمەد لەدەرەوەی کوردستان بڵاو دەکرایەوە.

٢٧ – گۆڤاری هانا: گۆڤاریکی وەرزی ئەدەبی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی بوو.

سەرنووسەر : سلێمانی قاسمیانی

دەستەی نووسەران : مصلح سێخ الاسلامی (ڕێبوار)، شنە عەبدوڵا، یوسف ڕەسولی، لەیلا قانعی، بەکر ئەحمەد (ئاسۆ)، عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، بژار

ئەم گۆڤارە لەوڵاتی سوید دەردەچوو و ژمارە ١ی لەساڵی ١٩٩٥ بڵاوبۆتەوە.

٢٨ – گۆڤاری شەبەنگ: گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری وەرزیی بوو.

سەرنووسەر : شوان محەمەد

لەسلێمانی بڵاو دەکرایەوە.

٢٩ – گۆڤاری دالیان : گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی هونەریی بوو.

ئەم گۆڤارە لەئەنجامی یەکگرتنی هەردوو گۆڤاری دالیان و ژیلەمۆ لەساڵی ٢٠٠٢ هاتە بوون.

٣٠ – گۆڤاری هەنگاو : وەرزە گۆڤارێکی وەرگێڕانی فیکریی و کلتوریی پێشکەتنخواز بوو.

سەرنووسەر : ئارام جەمال سابیر

ستافی بەڕیوەبردن : یاسین قادر سەعید، عەلی ئازەرنیا، غەریب شەریف مەجید، سەلام مارف.

ئەم گۆڤارە لە باشووری کوردستان بلاو دەبۆوە.

٣١ – گۆڤاری هاوپشتی کرێکاری : کۆمیتەی هاوپشتی کریکارانی عێراق لەدەرەوەی وڵات بەتایبەتی لەسوید دەری دەکرد.

سەرنووسەر : نوری کەریم

٣٢ - گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری

سەنووسەر : عەباس شوان لەسلێمانی بڵاو دەکرایەوە.

*ئەم نامەیەلە ڕێکەوتی(٢١– ٦- ٢٠١٣) عەبدوڵڵا سلێمان مەشخەڵ بە نامەی ئەلیکترونی فەیسبووک بۆی ناردم، پاشان داوام لێ کرد بە وۆرد بۆم بنێرێت. لە ڕێکەوتی ٢٤– ٦ -٢٠١٣ جارێکی تر بە ئیمەیل بۆی ناردم، کورتە نامەیەکی دیکەی لە ڕێکەوتی (٣١-١-٢٠١٥) بۆ ناردم، هێندەک زانیاری تری لە خۆ گرتبوو. لەگەڵ ژمارە (یەک)ی دەنگی بێکاران، ئاماژە بەوەش دەکات، کە کەسانێکی تریش هەبوون بەشداری نووسینیان کردووە، بەڵام لە یادی نەماون.

٣ – نامەی حەمەعباس (شاعیر): سەبارەت بە گۆڤاری قەرەچووغ ١٩٨٧- ١٩٨٨*، ڕێکەوتی (٢٠١٤/١٢/٢٩)



سڵاو کاک یوسف..

کاکە گیان، ئەو گۆڤارە تیراژەکەی تەنها (٣) دانە بوو، دانەیەک لەلقەکەی خۆمان دەمایەوە، دانەی دووەممان دەنارد بۆ بەتالیۆن(کەچەند لقێکی دیکەی هەبوو) و ئەم لق وئەو لقی پێ دەکرد، دانەی سێیە میشمان دەناردەوە ناو هەولێر،

جانازانم لەناو هەولێر تاچەند ئەمدەست وئەودەستی پێدەکرا، بەڵام دلنیام لەوێش دەخوێنرایەوە، چونکە دوای دەرچوونی گۆڤارەکە لە شارەوەش بابەتمان بۆدەهات.. گۆڤارەکە بەهەردووزمانی کوردی وعەرەبی دەردەچوو، بەڵام بەشی زۆری کوردی بوو، وەک بێتەوە بیرم نزیکەی (٣٠) لاپەڕە دەبوو، دەستنووس بوو، لەژێر ئەو کاغەزەی کە بەقەڵەمی جاف دەمان نووسی، دوو کاغەزی دیکەمان بە کاربۆنەوە دادەنا، بەم جۆرە دەبوو بەسێ دانە، سەرنووسەرو ئەو شتانەمان نەبوو، ئەوەی هەبوو لیژنەیەکی سێ کەسی بوو (من - سیار- کەرابەر سیاسی بوو- ئەبوو ئەحلام کە بەرپرسی لقەکەمان بوو ) ئێمە لە لقی قەرەچووغ بووین بۆیە گۆڤارەکەشمان ناونا (قەرەچووغ ).. وابزانم ساڵی (١٩٩٢) بوو لە یەکێک لەژمارەکانی ڕێگای کوردستان، بە دوورو درێژتر باسی ئەم گۆڤارەوتیپێکی مۆزیکم کردووە، کە هەر لەو کاتیدا دامانمەزراندو چەندین ئاهەنگمان لەبۆنە جۆراوجۆرەکان پێشکەش کردو هەندێ بەرهەمی باشیشمان تۆمارکرد کە دواتر هەموویان تیاچوون، لەکۆتایی نووسینەکەمدا داوامکردبوو هەرکەسێک هەر ژمارەیەکی ئەو گۆڤارەی کەوتۆتەلا ئاگادارم بکاتەوە، بەڵام هیچ خەبەرێک نەبوو.

٤ – نامەی عەباس شوان سەبارەت بە گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری:



دوای سڵاوی گەرم هیوام باشی و ساغ و سەلامەتیتە، ئەوەی داوات کردبوو ئەوەتا، ئیتر گەر ناڕۆشنی تێدابوو ئاگادارم بکەرەوە... بەهیوام لەکارەکەتدا سەرکەوتوو بیت.. لە گۆڕانکارییەکانی کارەکەت ئاگادارم بکەرەوە، سوپاستان دەکەم
عەباس شوان

کورتە مێژووی ئەدەبی کرێکاری یەکەم ژمارەی گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری لە (١٩٩١.١٢.١٧) بەدەستنووس لە ئاستی شاری سلەیمانیدا بڵاوبووە. مانگانە بەتیراژی ٢٠٠-٣٠٠ دانەی لێ چاپ و بڵاو دەبووەوە. تا ناوەراستی ساڵی (١٩٩٦)٣٣ ژمارەی لێدەرچووە. ئەمە وێرای بڵاوکردنەوەی چەندەها کۆهەڵبەست و چیرۆك یان کردنەوەی پێشانگای شێوەکار، گێرانی کۆری ئەدەبی وهونەری، سیاسی و کۆمەڵایەتی و بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و پۆستەر و پلاکارتی سیاسی لە بۆنە کرێکارییەکاندا.. لەساڵی دووەمەوە، لەژمارە ١٣ ەوە ناوەکەی وشەی هونەری بۆ زیاد کرا بووە گۆڤاری ئەدەب و هونەری کرێکاری. ژمارە ١٧ نیسانی ١٩٩٣ و ژمارە ٢٧ ئایاری ١٩٩٤ و ژمارە ٣١ی ئایاری

١٩٩٥ تایبەت بە ڕۆژی جیهانی کرێکاران یەکی ئایار بوون. -: لەژمارە ١٧ نیسانی ١٩٩٣ لۆگۆی (ئارم) خۆی دروستکرد و لەبەرگی یەکەمیدا دانرا. -: ژمارە ١٩ حوزەیرانی ١٩٩٣ وێڕای خودی گۆڤارەکە دوو پاشکۆی دەرکردووە، بە مەبەستی پێکهێنانی مەڵبەندی ئەدەب و هونەری کرێکاری. بەم ناونیشانانە:

١- پێکهێنانی کانوونی ئەدەب و هونەری کرێکاری، ئەرکی دەستبەجێمانە لە ٣ پەڕەی قەبارە ئا چواردا بوو. ٢- بەرەو پێکهێنانی کانوونی ئەدەب و هونەری کرێکای، لە ٣ پەڕەی قەبارە ئا چواردا بوو. - : ژمارە ٢٠ تەمووزی ١٩٩٣ دوو پاشکۆی دەرکرد بەمەبەستی پێکهێنانی مەڵبەندی ئەدەب و هونەری کرێکاری. بەم ناونیشانانە:

١- کێشە و بەربەست لەبەردەم پێکهێنانی کانوونی ئەدەب و هونەری کرێکاریدا، ئاسۆی دواڕۆژی لە ٢ پەرەی قەبارە ئا چواردا بوو. ٢- پێکهێنانی کانوونی ئەدەب و هونەری کرێکاری، ئەرکی ڕابەرانی بەدەربەستە. لە ٤ پەرەی قەبارە ئا چواردا بوو -: لەڕۆژی (١٩٩٣.٧.٢٦)دا مۆلەتی یاساییمان وەرگرت. وێنەیەکی بەڵگەنامەی مۆڵەتەکە لە ژمارە ٢١ ئابی ١٩٩٣ بڵاوکرایەوە. -: ژمارە ٢٢ ئەیلوولی ١٩٩٣ وێڕای خودی گۆڤارەکە پاشکۆیەک لەسەر مەڵبەندی ئەدەب و هونەری کرێکاری دەرکرد، بەم ناونیشانە: بەبن بەست گەیشتن و ئیفلیجی مەڵبەندەی ئەدەب و هونەری کرێکاری لە ئەستۆی کێدایە؟ لە ٤ پەڕەی قەبارە ئا چواردا بوو. -: ژمارە ٢٨ تەمووزی ١٩٩٤ قەبارەی گۆڤارەکە لە شێوەی مەلزەمەدا دەرچوو، بەهۆی کێشەی بێپارەییەوە. -: ژمارە ٢٩ تشرینی یەکەمی ١٩٩٤ قەبارەی گۆڤارەکە وەک کتێبی گیرڤان دەرچوو، ئەوەیش بەهۆی کێشەی داراییەوە بوو. -: ژمارە ٣٠ تەمووزی ١٩٩٥ ئارمی گۆڤار لابرا و ناوەکەشی گۆڕانی بەسەرداهات و وشەی هونەر لابرا و بووەوە بە ئەدەبی کرێکاری. -: ژمارە ١ پاشکۆی سیاسی گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری لە ساڵێ چوارهەم و حوزەیرانی ١٩٩٥ بە تیراژی ٥٠٠ دانە بڵاو بووە. ئەم پاشکۆیە لەقەبارەی ٤ پەرەی ئا چواردا، بەشێوەی مەلزەمە بوو. دوو بابەتی لە خۆ گرتبوو بەم ناونیشانانە: ١- مەنسوری حیکمەت و خەونە یاساغەکانی موجاهید یا تەوەهم بە بۆرژوازی. ٢- نزیکایەتی چەپ و ڕاست، دانان بە هەڵەدا یان دانان بەبێ توانایی و ئیفلاسی!؟ لەگەڵ دەرچوونی ئەم پاشکۆ سیاسییەدا هزری سیاسی کۆنترۆڵی هزری ئەدەبی لەژێر هەمان ناودا کرد. -: ژمارەی ٢ ی پاشکۆی سیاسی لە تەمووزی ١٩٩٥ بە هەمان شێوەی پێشوو بەڵام بەتیرژی ٨٠٠ دانە و ٨ پەڕە بڵاوبووە. بە ناونیشانی: مەلا بەختیار و تاهیر حەسەن، سۆشیالدیموکراتی عادی و موحەسەن، لە فرە بۆ یەکتر کردنێکدا. -: ژمارە ٣ی پاشکۆی سیاسی لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٥ بەهەمان شێوە بە تیراژی ٥٠٠ دانە و ٣ پەرە قەبارە ئا چوار بڵاوبووە. بەم ناونیشانانەوە: ١- سۆشیالیزم و دین. ٢- تیرۆر و موتەهەم بوون بە بۆرژوازی. ٣- میتینگ بۆ ٧ هەڵسووڕاوی عەرەب، پەردەپۆش کردنی چ سیاسەتێکە؟ -: ژمارە ٤ ی پاشکۆی سیاسی لە شوباتی ١٩٩٦ بەهەمان شێوە بەتیراژی

٨٠٠ دانە و ٥ لاپەڕەی قەبارە ئا چوار بڵاو بووە. بەم ناونیشانە: ١- پەیامی جمهوری جەهلی ئیسلامی و حاکمانی کوردستان، برسێتی / تیرۆر / جەهالەتە!! ٢- گرفتی سووتەمەنی لەنێوان معارەزەی شووشەیی و فەرمانڕەوایاندا. ٣- لینین هەژێنەری بەشەریەتی هاوچەرخمانە. ٤- عادل باخەوان ی بزووتنەوەی ئیسلامی، پاکانە بۆ تیرۆر دەکات؟! ٥- پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، بەدیلی ئیسلامییە! -: ژمارە ٥ ی پاشکۆی سیاسی لە حوزەیرای ١٩٩٦ بەهەمان شێوە بە تیراژی ٥٠٠ دانە و ٦ پەڕە قەبارە ئا چوار بڵاوبووە. بەم ناونیشانانەوە: ١- قەلەمی نووسەرانی ناڕازی بڕندەیە، بۆیە یەکێتی و ئیسلامی شێت و شبر کردووە! ٢- ماجەرای گێچەڵەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری. ٣- دوو وشە لە چوار ساڵ دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمدا. ٤- بزووتنەوەی ئیسلامی چی بۆ خەڵکی هەڵبجە کردووە، تا تەقەیان لێ دەکات؟! -: ژمارە ٦ ی پاشکۆی سیاسی لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٦ بەهەمان شێوە بە تیراژی ١٠٠٠ دانە و ٤ پەڕە قەبارە ئا چوار بڵاوبووە. بەم ناونیشانانەوە: ١- ئیسلامییەکان، مەوقعیان لە ئیعرابدا؟ ٢- خەڵکی سلەیمانی حوکمی پارتی دیموکراتی کوردستانیشیان بینی!! ٣- پارتی لە بڕینی مووچە لاسایی یەکێتی دەکاتەوە!! ٤- شیعرێکی وەرگێڕاو. -: ژمارە ٣٣ ی ئاداری ١٩٩٦ دواهەمین ژمارە بوو لەساڵی پێنجەمی تەمەنی گۆڤار. - ژمارە ١٨ ئایاری ١٩٩٣ بێجگە لەژمانی کوردی بۆ یەکەمجار شیعرێکی عەرەبی بڵاوکرایەوە. بە ناونیشانی عید بلا حدود. هەروەها لەژمارە ٢٧ ئایاری ١٩٩٤ شیعرێکی تری بەزمانی عەرەبی دابەزێنراوە. بەناونیشانی ایار احاسیس ضاربة. لەژمارە ٣٠ نەورۆزی ١٩٩٥ دا شیعرێکی تر بە زمانی عەرەبی هەیە بەنونیشانی: مازق و بحر. لەژمارە ٣٢ تشرینی یەکەمی ١٩٩٥ شیعریکی تر بەهەمان زمان بڵاو بۆتەوە بەناونیشانی : حب الموسیل. لە داهەمین ژمارە ٣٣ ئاداری ١٩٩٦ شیعرێکی تر بەناونیشانی: الواقع الخطر، بڵاوبۆتەوە. هەموو ئەو شیعرانە هی شاعیر سەیوان محەمەد بوو کە هاوکارێکی باشی گۆڤار بوو. - :ژمارە ١ بۆ ١٢ بەناوی ئەدەبی کرێکارییەوە بووە. ژمارە ١٣ بۆ ٢٩ بەناوی گۆڤاری ئەدەب و هونەری کرێکارییەوە بووە. ژمارە ٣٠ بۆ ٣٣ بەناوی گۆڤاری ئەدەبی کرێکارییەوە بووە. ٦ ژمارەی پاشکۆی سیاسییەکەش هەر بەناوی گۆڤاری ئەدەبی کرێکارییەوە بووە.

دەبارەی دەستەی نووسەرانەوە هەر چەند ژمارەیەک ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتووە.. بەڵام خاوەنی ئیمتیار بەندی عەلی حەسەن ی شاعیر بوو. بەڵام ئەویش ماوەیەک بوو.. دیارە لە سەردەمی شێرۆکۆ بێکەس کە وەزیری ڕۆشنبیری بوو مۆڵەتی وەرگیرا... لەبارەی پاشکۆکانییەوە بەتایبەتی سیاسییەکی زۆر گرنگتر و دەنگوسەدای زۆرتری دایەوە و ژمارەی تیراژی زۆر زۆر تر بوو.......

عباس شوان


٧ -٢- ٢٠١٤

٥ - نامەی ڕابەر ڕەشید. سەبارەت بە مانگنامەی پردێی ئازاد:

دەرکردنی ڕۆژنامە – مانگنامە- ی پردێی ئازاد

کۆتایی تشرینی یەکەمی – ٢٠٠٣-

هەر لەگەڵ پرۆسەی ڕووخانی بەعس دوای گەڕانەوەی ڕۆژنامەنووس (ڕابەر رەشید) وەکو ڕۆژنامەنووسێکی چەپ سەربەخۆ بۆ شارۆچکەی پردێ، بیرۆکەی دامەزراندنی سەنتەرێکی ڕۆشنبیری کە هەموو ڕۆشنبیرانی شارۆچکەکە کۆبکاتەوە، لەلایەن ناوبراوەوە خرایە بەردەستی ژمارەیەك کەسایەتی شارەکە، هەرخۆیشی پرۆژەی پێشنیارکراو و پەیڕەوو پرۆگرامی سەنتەرێکی ڕۆشنبیری داڕشت و دەرکردنی ڕۆژنامەیەکیش لەلایەن ئەو سەنتەرەوە، خالێکی سەرەکی و بنەڕە تیی پرۆژە پێشنیارکراوەکە بوو، لە ئەنجامدا ژمارەیەك لەو کەسایەتیيانە بیرۆکەکەیان پەسندکردو شانبەشانی یەکتری کەوتنە خەمي دامەزراندنی سەنتەرەکە، لە ڕۆژی (٥و٢٠٠٣/٩/٦) بە ئامادەبوونی (٢٨) ڕۆشنبیری شارەکە لە هەردوو نەتەوەی کوردو تورکمان




کۆنفرانسی دامەزراندن بەستراو یەکێك لەو بڕیارانەی لە کۆنفرانسەکەدا پەسندکرا، دەرکردنی ڕۆژنامەی (پردێی ئازاد) بوو بە هەرسێ زمانی (کوردی، تورکمانی، عەرەبی) لە ڕێککەوتی (٢٠٠٩/٥/٤) لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە ژمارە متمانەی(١٣٩)ی پێدراوە.

شایانی باسە هەر لە ژمارە (١)ی پردێی ئازادەوە (پیتچنین وکاری هونەری) لەلایەن خودی سەرنووسەر (رابەر رەشید)ەوە کراوە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە زۆربەی بابەتەکان، بەتایبەتي بابەتەکانی (ل١و ل٢) لە نووسیني ناوبراون.

ژمارە (سفر) هەراو زەنایەکی زۆری لێکەوتەوە، چونکە لەلایەن خودی ڕۆژنامەنووس (ڕابەر ڕەشید) ەوە دەرکرابوو، بێ ئاگاداری ئەندامانی دیکەی سەنتەر، هۆکاری سەرەکی دەرکردنی ژمارە (سفر) ی پردێی ئازاد بەو شێوەیە، لەبەرئەوەبوو، چونکە بە ئاشکرا هەست بەوە دەکرا کە دەستێوەردانی حزبي لەسەنتەرەکەدا بکرێت (ڕیسەکە بکرێتەوە بەخوری)، شکست بەو هەنگاوە پیرۆزە بهێنرێت کە بۆ یەکەمجار بوو لە مێژووی شارۆچکەی پردێدا، بڵاوکراوەیەك دەربچێت بەناوی سەنتەرێکی ڕۆشنبیریشەوە بێت. بەهەرحاڵ، بەهەوڵی دڵسۆزان توانرا، کۆسپ و تەگەرەکان لەبەردەم هەنگاوەکاندا لاببردرێن و درێژە بەو خەبات ڕۆشنبیرییە بدرێت کە بڕیاری لەسەر درابوو. ..........................هتد.

٦ – نامەی ئازاد حاجی عبدالله هەورامی، سەبارەت بە گۆڤاری گاورباغی:

کاک یوسفی بەڕێز سڵاو.

ببەخشە کە درەنگ وەڵامت دەدەمەوە، لەبەریەوەی لەلایەکەوە زۆر سەرقاڵی دەردیسەریی ژیان بووم و لەلایەکی دیکەشەوە ،گشت ژمارەکانی (گاورباغی) لەبەردەستدا نەبوون...



لەساڵی -١٩٩٦- دا ، کە هاتمە ئەڵمانیا پەیوەندیم بە زۆربەی هاوڕێ دێرینە چەپ و کۆمۆنیستەکانمەوە کرد و پێشنیازی ئەوەمکرد کە هەوڵی بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی (چەپ و کۆمۆنیستانە) دەرکەین ،بەو هیوایەی ببێتە دەنگی شۆڕشگێڕانەی کرێکارانی کوردستان...

پاش هاموشۆیەکی زۆر و گفتوگۆیەکی فراوان زۆر لە هاوڕێیان بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ بیرۆکەکەیان پێباشبوو، برێکیشیان بیروڕایان گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتبوو و زێدەتر، بەلایانەوە باشتربوو کە گۆڤارێکی(چەپی لیبراڵی) دەرکەین، چونکە بەبۆچوونی ئەوان (باوی کۆمۆنیزم) نەمابوو...

سەرەنجام، تەنها (لالۆ نەریمان ـ نەریمان وەهاب) بەگەرموگوڕی هاتە پێشەوە و یەکەمین ژمارەی (گاورباغی ) مان لە ئۆکتۆبەری-١٩٩٦- دا بڵاوکردەوە...

ژمارە (١) ی گاورباغی ، ئۆکتۆبەری-١٩٩٦- ٤٠، لاپەڕە بوو

ژمارە(٢)ی گاورباغی ، ئازاری- ١٩٩٧- ٧٦، لاپەڕەبوو...نوسەرەکانی ئەم ژمارەیە : لالۆ نەریمان ، ئازاد عەبدوڵلا ، عەلی ، کەریمی موحەمەدی بوون...

ببەخشە. نوسەرەکانی ژمارە(١) : لالۆ نەریمان و ئازاد عەبدوڵلا بوون...

بینییەکی زۆر گرنگ و پێویست: هەر لە سەرەتای بڵاوکردنەوەی (گاورباغی )یەوە ئەرکی سەرەکی تایپکردن و چاپکردن و بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکە بە ئەرک و ماندوبوون و شەونخونی (لالۆ نەریمان) بوو...بەڕاستی گەر دڵسۆزیی و خۆبەختیی ئەو هاوڕێ کۆڵنەدەرە نەبوایە ، ئەوا دەرکرنی ئەو گۆڤارە زۆر دواتر دەکەوت..چونکە من نە کۆمپیتەرم هەبوو و نە شارەزاییشم لە بارەی چاپکردنەوە هەبوو..

بەڵام بەداخ و مەخابنەوە، هاوڕێ (لالۆ نەریمان) بەهۆی کێشەیەکی تایبەتییەوە ، وازی هێناو (پەڕ و باڵی) شکاندم ...! ئیدی دەبوو بەتەنهایی شانبدەمە بەر ئەرکی دەرکرن و بڵاوکردنەوەی

گۆڤارەکە...ئەوەش کارێکی ئاسان نەبوو بۆ من، بەتایبەتیی لەڕووی تەکنیکییەوە...

خۆشبەختانە، هەر لەوکاتەدا ، هاوڕێیەکی فارسم(نادر حدادیی) کۆمەکێکی فراوانی پێکردم ، تەنانەت بەبێ ئەوەی (کوردیش) بزانێ چەند گوتارێکی بۆ تایپکردم...!

ژمارە(٣) هاوینی- ١٩٩٨- ١٠٨ لاپەڕە بوو...نوسەرەکانی : ئازاد عەبدولا ،حەمەسەعید حەسەن ، حەسەنی سەید باقی ، سەلام عەبدولا...

تێبینییەکی گرنگی دیکە: لە ژمارە (٤)وە ، هاوڕێی دڵسۆز (ئاکۆ هەورامی) ڕۆڵێکی گرنگ و ثرشنگداری بینیی لە تایپکردن و ڕێکخستنی کۆمپیوتەری و دیزاینی گۆڤارەکەدا...

ژمارە (٤)- ١٩٩٩-، نزیکەی (١٣٠ ـ ١٤٠ ) لاپەڕەبووە ...! بەداخەوە ئەم ژمارەیەم لەبەردەستدانەماوە... گەر بیرەوەریم کۆمەکم بکات ، نوسەرەکانی : ئازاد عەبدولا . حەسەنی سەید باقی ، سەلام عابدولا ، شلێر ، سیروان بوون ...هیوادارم ئەم ژمارەیەم دەسکەوێتەوە و بەدروستیی زانیارییەکانت بۆ بنێرم، یاخود گەر خۆت بتوانی هەوڵێکی پەیداکردنی (ژمارە ٤) بدەیت...

ژمارە (٥) زستانی- ٢٠٠٢- ١١٠، لاپەڕەبوو.. نوسەرەکانی : کیسرا عەبدولا ، ئازاد عەبدولا...

ژمارە (٦) ، فێبریوەری- ٢٠٠٣- ١٤٦، لاپەڕە بوو ...نوسەرەکانی : ئەردەڵان عەبدولا، کیسرا هەورامی ، شیلان ، ئازاد عەبدولا...

بەهۆی هەلومەرجی تیرۆر و ترس و تۆقی دەزگا جیاوازەکانی بۆرژوازیی کورد و هاوکارە سەرمایەدارییە هاوپەیمانە جیهانییەکانییانەوە و بۆ پاراستنی ژیانی هاوڕێ و نوسەرە هاوکارەکانمان ، بە پێویستمان نەزانی ، ناوی نوسەر و سەرنوسەر و هاوکارەکانان لەوکاتانەدا ، ئاشکرابکرێن...

ئێمە هەر لەسەرەتاوە باوەڕمان بەکارێکی خۆبەخشانە و (کۆلێکتیڤیی ـ گەلەکاریی و هاوبەشیی) هەبوو ، لەبەرئەوە نە سەرنوسەرمان هەبوو و نە هیچ دابەشکارییەکی (پلەداریی) ...!

بەڵام، سەرەنجام: ئەرکی بڵاوکردنەوە و سەرپەرشتیی و سەرنوسەریی کەوتە ئەستۆی من : (ئازاد عەبدولا سدیق) کە زۆرجار نوسینەکانم ، هەر لە- ١٩٧٦- ەوە ، یان بەناوی (ئازاد عەبدولا، یان ئازاد عەبدولا سدیق) وە بلاو کردۆتەوە و ماوەیەکیشە، زیاتر بە ناوی (ئازادی حاجی عەبدولا هەورامی) یەوە بڵاودەکەمەوە... ئێدی خۆشیی و سەرکەوتنت دەخوازم.

بۆ هەر زانیاریی و هاوکارییەکی دیکەت ئامادەم.

٢٠١٥/١/٢٣

١:٥٧

Azady Haji Abdulla Hawrami




نۆرینی ئەرشیفی تایبەتی مام حوسێن گولەر – و کۆمکار، مانهایم 23-4-2014



Mali Mamosta Nasradin Karem Mamar Mantk kate norene Arshefakay 10-6-2015 Cwarsham

ماڵێ مامۆستا نەسرەدین کەریم مەنتک



تۆزینی ئەرشیفی تایبەتی مام حوسێن گولەر- و کۆمکار، مانهایم 2014-4-23



لەسەردانێکی رۆژنامەوانی بۆ مالی مامۆستا عباس نادر لە رێکەوتی 2014-6-23

# سەرچاوەکان

کتێب:

١– ئیسماعیل تەنیا، بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ئەڵمانیا (١٩٦٣ – ٢٠٠٦)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠.

٢– ئیسماعیل تەنیا، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی (ئازاری ١٩٧٥- ١٩٩٣)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٣.

٣– جەلادەت بەدرخان- میر، گۆڤاری ڕۆناهی (١٩٤٢- ١٩٤٥) (٢٨) ژمارە، کۆمەڵەی کاوە بۆ کولتووری کوردی، پڕۆژەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کەلەپووری بەدرخانییەکان، هەولێر، ٢٠٠١ چاپی یەکەم، چاپخانەی پەروەردە.

٤– جەلیلی جەلیل- دکتۆر، هەندێ سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری کوردی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، وەرگێڕانی لە ڕووسیەوە بۆ کوردی: ئەنوەر قادر محەممەد: بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی،٢٠٠٦.

٥– جوتیار تۆفیق، بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و دەرەوەیدا ١٩٠٨- ١٩٨٨، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٦– سەلاح محمد سەلیم هروری- دکتۆر، عەبدولرەزاق بەدرخان ١٨٦٤- ١٩١٨، ژیان، تێکەلینسیاسی، خەباتا چاندی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٧ – عەبدولا زەنگەنە ئامادەکردن و لێکۆلینەوە: ڕۆژی کورد ١٩١٣- ئەستەمبول، گۆڤاری جڤاتی هێڤی قوتابیانی کورد، پێشەکی: دکتۆر ئیسماعیل شوکر، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٨– فاروق عەلی عومەر: ڕۆژنامەگەری کوردی لە عێراقدا- بەراییەکان ١٩١٤- ١٩٣٩، وەرگێڕانی: تاریق کارێزی، ساغ کردنەوەی دەقەکان: عەبدوڵڵا زەنگەنە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١.

٩–- فەخرەدین تاهیر، ڕۆژنامەی سۆڤیەت کوردستان بیبلۆگرافیا و شرۆڤە، لە بڵاوکراوەکانی خە ندان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٠– فەرهاد پیربال- دکتۆر: ڕۆژنامەگەری کوردی بە زمانی فرەنسی، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی خەندان، هەولێر ٢٠٠٦.

١١–- فەرهاد پیربال- دکتۆر، چەند باسێک لەبارەی مێژووی ڕۆژنامەنووسی

كوردییەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.
١٢- فورات گەڤەری: گۆڤاری هاوار، دەزگای چاپەمەنی نوودەم، ستۆكهۆلم ١٩٩٨، (بەرگی یەكەم ژمارە: ١- ٢٣، ١٩٣٢- ١٩٣٣، بەرگی دووەم: ژمارە ٢٤- ٥٧، ١٩٣٤- ١٩٤٣).
١٣-كامەران بەدرخان- دكتۆر، ڕۆژانوو، ڕۆژنامەیەكی سیاسی هەفتانەیە، ٧٣ ژمارە- ١٩٤٣- ١٩٤٦، كۆمەڵەی كاوە بۆ كوڵتووری كوردی، چاپی یەكەم، هەولێر، كوردستان، ٢٠٠١.
١٤-كەمال ئیبراهیمی، سەید- سمكۆ، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٢.
١٥- كەمال سعدی- دكتۆر، چوارچێوەی یاسایی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە كوردستانی عێراقدا، دەزگای ئاراس، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠٠٦.
١٦- كەمال فوئاد- دكتۆر، ڕۆژنامەی كوردستان: كۆكردنەوە و پێشەكی، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی بەدرخان، چاپی سێیەم، تاران، ٢٠٠٦.
١٧- كوردستان موكریانی- دكتۆر، زاری كرمانجی، ئامادە و پێشەكی، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریان، كوردستان، هەولێر، ٢٠٠٢.
١٨- - كوردستان موكریانی- دكتۆر، گۆڤاری ڕووناكی، ئامادەكردن وپێشەكی، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، كوردستان، هەولێر، ٢٠٠١.
١٩- كۆنی ڕەش، مێژووی ڕۆژنامەگەری كوردی لە سوریا- لوبنان، ساڵی ١٩٣٢- ٢٠١٢، وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەرێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن لە پارێزگای دهۆك، ٢٠١٣.
٢٠-مارف ناسراو، مێژووی چاپخانەكانی شاری سلێمانی (١٩٢٠-٢٠١٠)، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٢.
٢١- مالمیسانژ، جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ كوردان ١٩١٢-١٩٢٢، یەكەم ڕێكخراوی یاسایی تەلەبەی كورد، وەرگێڕانی لە توركییەوە: زریان ڕۆژهەڵاتی، پێشەكی و پێداچوونەوەی عەبدوڵڵا زەنگەنە، بنكەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٢٢- محەممەد ئەمین بۆزارسلان، كورد تعاون ترەقی غەزەتەسی، گۆڤاری كوردی - توركی ١٩٠٨- ١٩٠٩، سوێد - ئۆپسالا، ئاداری ١٩٩٨.
٢٣ - محەممەد حەمەباقی، بیرەوەرییەكانی سەید عەزیزی شەمزینی، بنكەی ژین، سلێمانی، ٢٠١١.
٢٤ - محەممەد ڕەسوول هاوار، سمكۆ(ئیسماعیل ئاغای شوكاك) و بزوتنەوەی

نەتەوایەتی کورد(ئاپێک- APEC)، سوید، ستۆکهۆلم، ١٩٩٥.
٢٥-محەممەد فەریق حەسەن: ئەزموونی چیرۆکنووسین، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٢.
٢٦- مەغدید سەپان- دکتۆر، ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە (١٤٥٠-١٥٠٠)، چاپی یەکەم، کۆڕی زانیاری کورد، ٢٠٠٥، چاپی دووەم، دەزگای موکریان، هەولێر، ٢٠٠٨.
٢٧-نەوشیروان مستەفا ئەمین: چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی ١٨٩٨- ١٩١٨، بەرگی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.
٢٨-حسەین حوزنی موکریانی، قەڵەمی زێڕینی سەردەمانی شکۆفەی قەڵەمی کوردی، ئامادەکردنی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن، سلێمانی، ٢٠٠٥.

گۆڤارو ڕۆژنامە:
١- حەسەن عەبەدوڵڵا حەسەن: وردبوونەوەیەک لە ئاسۆی کرێکار، چەند لاپەڕەیەکی شاراوە لە خەباتی هەرە سەختی ئاڵای شۆڕشدا، ئاسۆی کرێکار، چەند تیشکێک و وردبوونەوەیەک لە ڕۆژگاری ئەو ڕۆژنامەیەدا، گۆڤاری کوردستان -٢١-، ژمارە -١٥-، ساڵی،٢٠١٢.
٢- عەلی جەعفەر، وەشانێین ڕۆژئاڤایێ کوردستان بە زمانێ کوردی، هاڤیبوون ژمارە (٧- ٨)، ساڵی،٢٠٠٠، بەشی یەکەم.
٣-کەمال فوئاد- دکتۆر، چەند زانیارییەک لە بارەی بزوتنەوەی خوێندکارانی کوردەوە لە هەندەران، هاڤیبون، ژمارە ٢و٣، ساڵی، ١٩٩٨.
٤- کوردستانی ئیمڕۆ، گۆڤار، ژمارە١٩، تەممووزی، ٢٠٠٢.
٥-- کوردستان ٢١، گۆڤار، ژمارە ١٥، ساڵی ٢٠١٢. دۆسییەی تایبەت بە ئاڵای شۆڕش.
٦-نەوشێروان مستەفا ئەمین،(پێشکەوتن، یەکەمین هەفتەنامەی باشووری کوردستان)، هاڤیبوون، ژمارە٤، ساڵی، ١٩٩٨.
٧-یووسف ئەحمەد مەنتک، هەر سێ ژمارەی ڕۆژنامەی ستێر ١٩٤٣- ١٩٤٥، هەفتەنامەی بەدرخان، ژمارە ١٥٤، ٢٧-٣-٢٠١١.
٨- یووسف ئەحمەد مەنتک، ئەو چاپخانەیەی کاربەدەستانی ڕووسی بە دیاری

بە پێشەوا (قازی محەممەد)یان دا، بەشی یەکەم، ڕۆژنامەی ڕووبەر، ساڵی دووەم، ژمارە ٦٩، ٢٨ ی حوزەیرانی ٢٠١١ .

ئەرشیف:

١- مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر.

٢- ئەرشیفی بەختیار محەممەد.

٣- ئەرشیفی وەستا جەباری دەلاک.

٤- ئەرشیفی مام حسەین گولەر.

٥ - ئەرشیفی هونەرمەندی شێوەکار حمید جەمال.

٦- ئەرشیفی سەرخۆبوون.

٧- ئەرشیفی شێرزاد کەمال ئاقوبانی.

٨- ئەرشیفی عەباس شوان.

٩ - ئەرشیفی عەباس نادر قادر.

١٠ - ئەرشیفی دکتۆر مەغدید سەپان.

١١- ئەرشیفی عەبدولموئمین دەشتی.

١٢- ئەرشیفی کوردستان ڕاپۆرت.

١٣- ئەرشیفی دکتۆر کوردستان موکریانی.

١٤- ئەرشیفی کۆمەڵەی کوردی- ناوەند- ڕێکخراوی نزیک لە پەکەکە، مانهایم.

١٥- ئەرشیفی کۆمکار- مانهایم - مام حوسێن گولەر.

١٦- ئەرشیفی ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی- ئەڵمانی، مانهایم- لودڤیگسهافن.

١٧- ئەرشیفی مامۆستا نەسرەدین کەریم مامەر حمد حاجی منتک.

١٨- ئەرشیفی نووسەری کتێب - یووسف ئەحمەد مەنتک.

نامەکان:

١ - ئازاد حاجی عەبدوڵڵا هەورامی.

٢ - بورهان ئەمین.

٣- حەمە عەباس.

٤- ڕابەر ڕەشید.

٥ – سەرکەوت وەلی.
٦ – سلێمان قاسمیانی.
٧ – عەباس شوان.
٨ – عەبدوڵڵا سلێمان مەشخەڵ
٩–– عەبدولغەنی کاکۆ.
١٠–– غەفوور مەخمووری.
١١–– قادر وەرتی.
١٢–– کاوە نادر قادر.
١٣–– محەممەد کوردۆ.
١٤– هیوا سەرهەنگ.
١٥–– خاتوو هێلگا.
١٦ – دکتۆر مەغدید سەپان پسپۆڕی ڕۆژنامەگەری، ١٢.١١.٢٠٢٠
پەیجەکان:
١ – پەیجی ئارام ڕەئوف.
٢– پەیجی هەواڵنامەی کتێب- چالاک مەحموود.
٣–– پەیجی ڕاپەڕ عوسمان عوزێری.
٤—پەیجی ڕەوانشاد دکتۆر فەخرەدین تاهیر.
٥ – پەیجی وەفیق زامدار

## بەرهەمەکانی نووسەر

١- بەدرخانییەکان مالباتێکی خەباتکار، ساڵی ٢٠٠٥ لەهەولێر ،بە یارمەتی مەکتەبەی سۆران بڵاوکراوەتەوە.

٢- بیبلیۆگرافیای کوردستان لە چاپەمەنییەکانی ئەڵمانیا و ولاتانی تری ئەورووپی، ساڵی ٢٠١١ لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڕێوەبەرایەتی چاپ وبلاوکردنەوەی هەولێر چاپکراوە.

٣ - پەیڕەوی ناوخۆی ئالای شۆڕش ٢٠١٦.

٤ - کورد لە پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت- وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوانی هەرێمی کوردستان- ٢-١٨ هەولێر.

٥ - ڕەچەڵەکی کورد ٢٠١٦، لە لایەن ئەکادیمیای بەدرخان چاپکراوە، جاری دووەم لەساڵی ٢٠١٧ لەلایەن دەزگەی ئایدیا لە سلێمانی چاپکراوە.

٦- دیوانی گەمەی ئاگر- شیعر، دەزگەی ماد بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، هەولێر- ٢٠١٧.

٧- دیوانی ئێوارانی ڕاین- شیعر، دەزگەی سیتاڤ- وان- تورکیا ٢٠٢٠، وەرگێڕانی بۆ شێوەزاری کرمانجی باکوور ڕێنووسی لاتینی بەڕێز نووسەرو وەرگێڕ موحسین ئۆزدەمیر.

ئەم پەرتووکەی بەردەستتان:

٨ - مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی- بیبلیۆگرافیاو لێکۆلینەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی- ١٩٥٩-٢٠١٢، کتێبی یەکەم .

# پێڕست

| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ٥ |
| ئەوەی پێویستە بگوترێ | ٦ |
| بەشی یەکەم/ سەرەتاکانی ئاشنابوونی کورد بە چاپخانە و ڕۆژنامەگەری | ٩ |
| حوسەین حوزنی موکریانی ) ١٨٩٠- مهاباد/٢٠- ٩- ١٩٤٧ بەغداد) | ١١ |
| ڕۆژنامەی کوردستان - یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ١٨٩٨ — ١٩٠٢ | ١٤ |
| سەرەتای ڕۆژنامەگەری کوردی لە باکووری کوردستان و ڕووسیا: | ٢٣ |
| سەرەتای ڕۆژنامەگەری کوردی لە باشووری کوردستان: ڕۆژنامەگەری لە عێراق | ٢٤ |
| سەرەتای ڕۆژنامەگەری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان: | ٢٦ |
| سەرەتای ڕۆژنامەگەری کوردی لە کوردستانی ڕۆژئاوا، سووریا و بیروت: | ٢٨ |
| بەشی دووەم/ بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەری کوردی (١٩٥٩- ٢٠١٢) | ٣٣ |
| بەشی سێیەم/ بابەتە بڵاوکراوەکانم، لەبارەی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە | ٢١٥ |
| یەکەم: ڕۆژنامەی ستێری کوردی- لە جەنگی دووەمی جیهانیدا- ١٩٤٣:* | ٢١٥ |
| دووەم: بیبلۆگرافیای گۆڤاری (هانا)، ڕۆژنامەگەری لە تاراوگە* | ٢١٨ |
| سێیەم: ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات | ٢٣٢ |
| چوارەم: گۆڤاری ڕێگای ئازادی- ١٩٧٥- ١٩٩١ | ٢٣٨ |
| پێنجەم: مێژووی داهێنانی چاپ و ڕۆژنامەگەری جیهان/ ئەڵمانیا | ٢٤٢ |
| نامەکان: | ٢٥١ |
| سەرچاوەکان: | ٢٦٥ |